**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 85

**ساڵی/ 2012 – بەرگی هەشتاو پێنج**

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2013

# پێرست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/13 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2012/11/19 ل 43

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/20 ل 105

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/11/21 ل 133

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی سێیەمی هەڵبژاردن –دوو شەممە 2012/11/26 ل 167

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/27 ل 209

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/12/3 ل 213

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/12/4 ل 271

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/12/10 ل 287

**پێشنیاری دووەم، تەنها یەك وزیر دەمینێتەوە لە وەزیری هەرێم بۆ كاروباری لە ئەنجومەنی وەزیراندا، سیاغەكە بەم شێوەیە دەبێ: (يجوز ان يضم مجلس وزراء إقليم كوردستان وزيراً للإقليم) سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا ڕەئیەك هەیە، تەنیا یەك وەزیری هەرێم هەبێ، كێ لەگەڵ ئەوەدایە یەك وەزیر هەبێ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (4) لەگەڵ ئەوە دایە، ئێستا ڕەئیەكەی تر بخوێنەوە،**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الاولى: تعدل المادة التاسعة من القانون رقم (3)لسنة 1992 المعدل بجعل أصل المادة فقرة (أ) لها وإضافة فقرة بتسلسل (ب) اليها وكالأتي: ـ ب. يجوز ان يضم مجلس وزراء إقليم كوردستان وزيرين للإقليم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵ ئەوەدایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ ( 41) كەس لەگەڵ دایە، دوو وەزیر بێ، بەو شێوەیەی كە هات پەسەند بكرێ، كێ دژی ئەوەیە كە دوو وەزیر بێ، (19) كەس لەگەڵ دا نیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەی دووەم،**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم لە پڕۆژەكە (على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون) ئێمە لە لیژنەی یاسایی سیاغەمان وە لێ كردیە،(على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون)، واتا وشەی ئەحكام ئیزافە كرایە لە سەر ماددەكە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ تێبینی هەیە لە سەری؟ كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ سێ كەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة: لە پڕۆژەی حكومەت ( ينفذ هذا القانون من تأريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية) ئیمە لە لیژنەی یاسایی سیاغەی ماددەكە بەم شێوەیە كراوە: (ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان)، سوپاس،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ بەو سیاغەیەی لیژنەی یاسایی کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ (7) کەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ئێستا هەموو قانونەکە بەو سیاغەیەی کە ئاخیر جارکرا، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ (18) کەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ ئەم قانونە پەسەند کرا، ئومێد دەکەین سەرکەوتووبن و ئەو دوو وەزیریەش لە ئێستاوە پیرۆزباییان لێ دەکەین إنشاءالله ئومێد دەکەین لە خزمەتی میللەتەکەمان دابن، لیژنەی یاسایی بۆ فەقەرەی دوای ئەوەی بەرنامەی کار،

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی نۆیەمی بەرنامەی کار خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای تەملیك کردنی ئەو گوندانەی کەوتۆنەتە نێو سنووری شارەوانیەکانەوە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی دوای ئامادەکردنی ڕاپۆرتمان و پێشکەشکردنی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆمان دەرکەوت لە ئەنجامی سیمینار کە لە پەرلەمان کرا، بە ئامادەبوونی قائیمقام و مودیر ناحیەکانی مەنتیقەکانی کە کێشەی تەملیك و تەجاوزاتیان هەیە، داوایان کرد، پێشنیاری باش کرا، قسەی باش کرا، ونوێنەری وەزیر و تاپۆش لەگەڵیان دابوو، بۆ مەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەکە، ئێمە پێشنیار دەکەین ئەو پڕۆژەیە گفتوگۆ لە سەری دوابخری بۆ ئەوەی بتوانین سیاغەکی قانونی ڕێك و پێك هەموو لایەنەك بێ، لەگەڵ نوێنەرانی ئەترافەکانی دیکە بتوانین گفتوگۆی لە سەر بکەین و داوا دەکەین دوا بخرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زەوی کشتوکاڵیشی تێدا بێ، و مەفروز وابوو بەڕاستی کە تەحویلی لیژنەی کشتوکاڵی کرابا، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی کشتوکاڵی وەکو ئەندامان ڕاپۆرتی خۆمان نووسیوە، و ڕەئی خۆمان هەیە، تکا دەکەین، لە کاتی موناقەشە لیژنەی کشتوکاڵیش ئامادە بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بلال.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی شارەوانی ئەم بابەتەمان زۆر دیراسەکردووە و چەند کۆبوونەوەمان لە سەر کردووە،من وەکو خۆم وەکو سەرۆکی لیژنەکە نا ڕازی نیم بە پێشنیارەکەی بەڕێز کاك عونی، بەڵام بەمەرجێك وەقت دیاری بکرێ لە چەند تێپەڕ نەکرێ، چونکە ئەم پڕۆژەیە، زۆر دەمێکە خەڵك چاوەڕێ دەکا و بەبەردەوام

ئێمە زەختمان لە سەرە، هەتا وەزارەتی شارەوانیش خۆشیان چەند جار داوایان کردووە، ئەگەر وەقت دیاری بکرێ، ئێمە لەگەڵی داین، مانع نیمە، بەڵام ئەگەر وەقت دیاری نەکرێ، لەگەڵی دا نیم، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ مەسەلەی وەقت ناتوانین وەقت دیاری کەین، بەڵام داواتان لێ دەکەین لیژنەکانی مەعنی بەهاوکاری لەگەڵ حکومەت و وەزارەتەکان، دەستوبرد بکەن لەو مەسەلەیە، چونکە دەمێکە ئەوە بەڕاستی لەبەر دەستان دایە، جا ئەو هەموو نوقتەی نیزامە چەند وەرگرم، فەرموو جەنابی وەزیر،

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەم پڕۆژە یاسایە وەکو لە تەفاسیلەکەی دا هاتووە پەیوەندی بە چەند وەزارەتێك هەیە حەقیقەت، بەشێکی بەڕێز کاك جلال ئیشارەتی پێکرد کە بەشێکی ئەو زەویانە ڕەنگە هەتا ئێستا لە سەر زەوی کشتوکاڵی بن و هێشتا نەگۆڕدرابن بۆ ئەوەی ببنە موڵکی شارەوانی، ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان ئەوەی کەوا پەیوەندی بە ڕێکارەوە هەیە، ڕێ و شوێنی تەختیتی و ئەو بڕگە و ماددانەی کە لە پڕۆژەکە دا هاتوون لەگەڵ پێشنیاری چەند تەعدیلێك ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی ئامادەین حەقیقەتەن، بەڵام وەزارەتی ئێمە بە تەنها وەزارەت نیە، چونکە ئەم مەسەلەیە تەنها پەیوەست نیە بە وەزارەتی شارەوانیەوە، ئەو بەشەی کە پەیوەستە بە ئێمەوە برادەرانی لیژنەی شارەوانیش دەزانن و برادەرانی ئێمە هاتوونەتە لیژنە و ڕاپۆرتیشمان حازرە، دەتوانین، بەڵام بە دیتنی منیش پیویستی بە زیاتر گفتوگۆ دەکا، چونکە وەزارەتی تر و لایەنی تریش دەبێ ڕەئی زیاتری لە سەر بدەن و بە تێکڕا دەبێ ڕەئیەکی ئەنجومەنی وەزیرانی لە سەر بێتەوە، ئینجا بخرێتە بەرنامەی کارەوە، منیش بە پەسەندی دەزانم، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من نازانم کاك عونی لە سەر چ ئەساسێك ئەم پێشنیارەی دەکا، من خۆم یەکێك بووم لەوانەی کە ئامادە بووم کاتێك کە بەڕێوەبەر و قائیمقامەکانی تەنها دوو ناوچە هاتبوون بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی کە لە بەر دەستی منیشە ڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار، ڕاپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری، تەنها ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لە بەردەستی من دا نیە، کەواتە بەو پێیە بێ ئەمانە هەموو دیراسە کراوە، ئێمە وەکو لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لایەنی پەیوەندیداریشمان ئاگادارکردۆتەوە نوێنەری وەزارەت، بۆیە نازانم لە سەر چ ئەساسێك ئەم پێشنیارە دەکرێ؟ من داوا دەکەم دوا نەخرێ، گفتوگۆی لە سەر بکرێ، بەو پێیەی کە ڕاپۆرتەکان ئامادەن نیشانەی ئەوەیە کە بە تێرو تەسەلی گفتوگۆ لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایە کراوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەش بە حاڵی خۆم، جەنابت هەم سەردانی دەڤەری ڕاپەڕینت کرد، و هەم جارێکی تریش بەڕێوەبەری ناحیە و شارەوانیەکان و زراعە و هەموو لایەکی ئەم سنوورەمان هێنا، بۆ پەرلەمانی کوردستان، لە هۆڵی پەناگیری، لە سەر کێشەکانی تاپۆ قسەمان کرد، دواخستنی ئەم پرۆژەیە ساڵی پاریش دواخرا نەتوانرا وەك پێویست کاری لە سەر بکرێ، نەبوونی تاپۆ کێشەیەکی گەورەی لە ناحیەکان و قەزاکان دروست کردووە، ئەو کێشەیەی لە ناحیەکان و قەزاکاندا هەیە، گەلێ زۆرە و بۆتە کێشەیەکی گەورە بۆ هاووڵاتیانی جیاواز لە ناوەندی پارێزگاکان، من پێت دەڵێم لە سنووری قەزای ڕانیە، ناحیەی چوارقوڕنە لە سەرووی (45 تا 50) هەزار هاووڵاتی تێدا یەك خانوو نەکراوە، لە سولفەی عەقار موستەفید بووبێ، یەکێك لە سەبەبەکانی ئەوەیە حکومەت نە وەکو لادێ دەیانداتێ خارجی تەملیك، نە لە ناحیەکەی خۆی دەیداتێ سولفەی عەقار بەتەملیك، بۆیە بە بڕوای من ئەمە ناحیەکەی ئێمە لە سنووری چوارقورنە وایە، سەروچاوە وایە، هێرۆ وایە، ئیسیوە وایە، ژاراوە وایە، بۆیە بەبڕوای من ئەو کەمە وردەکاریە دەدەم کە زەروورەتی زۆری هەیە، ئەم پرۆژەیە موناقەشەی بکەین، لە ناو جوزئی موناقەشەکەدا لایەنی پەیوەندیدارەکان بانگ بکەین بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە تێ بپەڕێندرێ بۆ ئەوەی هیچی دیکە کێشە بۆ هاووڵاتیان دروست نەبێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم پرۆژە یاسایە سەرە ڕای ئەو ڕەئیەی کاك قادر کە باسی کرد کۆمەڵێ شوێنی دیکە هەیە ئەناڵێنێ بەڕاستی بەدەست ئەوەوە، یەکێ لەو شوینانە کە هەڵەبجەیە تاکو ئێستا بەڕاستی تاپۆی نیە و سوودمەند نەبوون لە سولفەی عەقار، حەقە بەڕاستی کاتی خۆی ئەمانە، بە دافعی سیاسی تاپۆ نەکراون، ئەمە حەقە لەگەڵ تەجاوزات تێکەڵ نەکرێ، یەعنی تەجاوزات جیایە ئەوەی کاتی خۆی بەعس زوڵمی لێکردووە، تەرحیلی کردووە، کیمیایی پێداکردووە، بەڕاستی تاکو ئێستا جێگای داخە لە (1992) وەوە حکومەتمان هەیە ئەو شوێنانە تاکو ئێستا تاپۆی نیە، وە ئێستا، لەم پرۆژە یاسایە لەگەڵ تەجاوزات تێکەڵ کراون، بەڕاستی حەقە لیژنەی یاسایی لە سەر ئەو مەسەلەیە هەڵویستەیەك بکات، ئەو دوو شتە تێکەڵ نەکا، چونکە ئەوانە حەقی تەقدیریان هەیە، غەدریان لێ کراوە، کە غەدریان لێ کراوە نابێ وەکو تەجاوز سەیر بکرێن، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو پڕۆژە یاسایە ئێمە لەگەڵ با بڵێین پارێزگار و لایەنی پەیوەندیدار هەر سێ وەزارەت داد، کشتوکاڵ، شارەوانی دانیشتین، ئەندامانی پەرلەمان لیژنەی کشتوکاڵ، لیژنەی شارەوانی و لیژنەی یاسایی، بڕیاردرا هەر سێ وەزارەت کۆ ببنەوە پڕۆژە یاسا تەقدیم کەن پێشکەشی پەرلەمانی بکەن، ئەوان پێشکەشی پەرلەمانیان کردووە، واتە ڕەئی وانی هەموو تێدایە، ڕەئی هەموو وەزارەتەکانی تێدایە، لە لیژنەی شارەوانی ئێمە دانیشتنمان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی کردیە، ڕای وەزارەتی دادی تێدایە، هی کشتوکاڵی تیدایە، لەبەر ئەوەی هەموویان بە هەماهەنگی، ئێمە لەبەر ئەوەی بە ناوی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشمان کرد، هەتا بەزووترین کات بخرێتە بەرنامەی کارەوە، هەر ناوچەك لە هەرێمی کوردستان ناوی ناوچەکان ناڵێم، هەر ناوچەك لە هەرێمی کوردستان دەچی سەردانی دەکەی یەکەم نا ڕەزایی کوردستان ئەوەیە کە تاپۆیان نیە و کاروبارەکان بەباشی بەڕێوە ناڕوا، یان خزمەتگوزاریان بۆ ناڕوا لە سەرەوە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسایی نیمە تەئجیل کرێ، حەق وایە ئێمە گفتوگۆی لە سەر بکەین و با بگەینە ئەنجام، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان

**بەڕێز شلێر محمد نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان هەمووی کۆکن لە سەر ئەوەی کە بەڕاستی کارێکی زۆری لێ کراوە هەتا نیهایەتەکەی دانرابوو کە لە نیهایەتی (2011)دا بێ هەر سێ وەزیرەکە دانیشتوون لە لیژنەی یاسایی، لە هۆڵەکەی ئەوان، هەموومان باسی ئەوەمان کردووە، کە خەڵکەکی زۆر چاوەڕوانی ئەوە دەکات، ئێستا وای لێ هاتووە هەموو ئیشەکان پەکی کەوتووە، لەبەر ئەوە لیژنەی یاسایی ئەوەشی هەبێ با ئێمە ماوەی هەفتەیەك دانێین دوایی ئەو وەزیرانەی تریش با بێن، وەزیر کە دێت خۆیان ئاگایان لێیە، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی عەدل موشکیلەی سوڕەت قەیدمان هەیە، کاك شێروان حەیدەری خۆی وەکو ئەندامێکی پەرلەمان، ئێستا وەکو وەزیرێك یەعنی زۆر زۆر لە نزیکەوە ئاگای لە هەموو کێشەکانە، ئەوانە بەڕاستی ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئەم خەڵکە بچنەوە ناو ماڵی خۆیان بەڕێکی، بەبێ ئەوەی سوڕەت قەیدێکیان هەبێ، لە باب و باپیرەوە بۆیان ماوە هەتا کەی ئەوان ئەوها بن (20) ساڵە حکومەتی هەرێم هەیە نەیتوانیوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکا، لەبەر ئەوە ئەمە باشترین فرسەتە ئێمە زیاتر تەئجیلی کەینەوە، وابزانم بۆ ساڵی داهاتوو بە هیچ شێوەیەك ناخرێتە بەرنامەوە من داوا دەکەم لە بەڕێزت هەفتەیەك زیاتر دانەنێی، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فەرمان.

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو یاسایە پەیوەندیەکی زۆری بە بەرژەوەندی خەڵکەوە هەیە، بەتایبەتی بەرژەوەندی هەژارەکە و لادێ نشینەکان و شار و شارۆچکەکان، بەڕاستی دواخستنی من هیچ موبەڕیرێك نابینم، داوا دەکەم بەڕاستی پشتگیری هاوکارەکانم دەکەم پڕۆژە یاسایەکە بخرێتە کار و گفتوگۆی لە بارەوە بکرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەگەر مەوزوع تەئیدکردنی ناوەڕۆکی پڕۆژە یاساکە بێ، ئەوا ڕاپۆرتەکان ئامادەن کە لیژنەکان تەئیدیان کردووە، ئەگەر تەحەفوزێکیش هەبێ، تەحەفوزی جوزئی بووە، بۆیە هەموو لایەك پێیان باشە بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسەی کە پەیوەندی بە داواکاری خەڵکێکی زۆرەوە هەیە، یاسایەك دەربچێ، بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئێستا دوابخرێ پێمان خۆشە بەڕێزان لیژنەی یاسایی هۆکارەکانی دواخستنەکەی بۆمان بخەنە ڕوو، پێش چاوی بەڕێزانی بخەن، ئەگەر مەبەست لێی، بەمەبەستی ئەوەیە لە فەترەیەکی زەمەنی موحەدەد دا، لە ئایندەدا، وەزارەتە هاوبەشەکان و لیژنە هاوبەشەکان گفتوگۆی لە سەر بکەن، دەوڵەمەندی بکەن، پڕۆژەیەکی هاوبەش بێتە ئارا، تا هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە دەرەوە یەك بخەن، لە ناو پەرلەماندا جیاوازیەکان کەم کاتەوە، تا بە ئاسانتر موناقەشە بکرێ و دەنگی لە سەر بدرێ، ئەوە مەوزوعێکی ترە، بۆیە پێمان خۆشە لە ڕاستیدا لە سەر هۆکاری دواخستنەکەی قسەمان بۆ بکەن ئەگەر مەبەستی دەوڵەمەندکردنە و لە ڕاستیشدا ئەگەر دوا بکەوێ، دواکەوتنەکە بە ڕاسپاردەیەك بێ لیژنە هاوبەشەکان و وەزارەتە هاوبەشەکان، کۆبوونەوەیەك بکەن لە ئایندەیەکی نزیکدا بیرو بۆچوونی خۆیان یەکخەن، ڕاپۆرتێکی هاوبەش تا لە فەترەیەکی نزیکدا بخرێتەوە بەرنامەی کارەوە و موناقەشەی لە سەر بکرێ پاشان دەربچوێندرێ ئەم یاسایە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە هەمووما‌ن هاوڕاین لە سەر ئەوەی کە پڕۆژەیەکی گرنگە وە ئەهمیەتی هەیە، پێویستی بە وردەکاری زۆرە، بەڵام من ئەو پرسیارە دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار نیە ڕاپۆرتەکان ئامادەکراون،

یەعنی هیچ كێشەیەكمان نیە؟ دەخرێتە بەرنامەی كارەوە؟ بۆ كاتێ دێینە دانیشتن لە موناقەشەكردن ئەو پرسیارە دێتە پێش پێویستە دوابخرێ لە كاتێكدا كۆبوونەوە لەگەڵ حكومەت كراوە، لەگەڵ وەزیرەكان كراوە، لەگەڵ ئەوەش چەند ناوچەیەك هاتن، دوایی ئەمە بۆ كەی وەكو ئەوە وایە پەرلەمان چەندین كارنامە و پرۆژەی زۆر قورستری بەرێ كردبێ، پێ ڕانەگاتن، بۆیە زەمەن دەداتە خۆی و كێشەكان چارەسەر بكات، ئەمە ئەصلەن دانیشتین، هیچ ئیشمان نیە، بۆ پێش هەفتەیەك ئەو ئیشانەمان نەدەكرد كە ئێستا دەمانەوێ هەفتەی ئاینده بیكەین؟ یەعنی من ئەو پرسیارە دەمەوێ بكەم بەڕاستی، بەس ئەمە دوای بخەین، ئەمە پاریش ئەو پرۆژە یاسایە هەر دوامان خست خۆی پرۆژەكە هەر حكومەت ناردیتی، حكومەت گرفتی چییە؟ كە خۆی ناردبی لە حكومەت، كەواتە حكومەت خۆی ناردوویەتەی ئێمە موناقەشەمان لە سەر كردبێ، هەموو لایەك، كاتمان زۆر لەبەردەم بێ، چارەسەرمان نەكردبێ، كاتێ دێین موناقەشەی دەكەین دەڵێ وەڵڵا پێویستە ئەوە دوا بخرێ تا زەمەنەكی دیكە، نازانین كەینی دێتە پەرلەمان؟ سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ڕاپۆرتی لیژنەكان هەمووی نووسراوە، ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییش هەر نووسراوە، بەڵام دیارە ئەو كێشەیە كیشەی زۆر ناوچەی هەرێمی كوردستانە، هەر تەنها ناوچەیەكی دیاریكراو نیە، ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوورە، بتوێن و پشدەرە، چۆمانە، زۆر ناوچەی دیكە، دیارە جەنابیشتان وەكو سەرۆكایەتی وەكو میوانداری بەشێكی ئەو قائیمقام و مودیر ناحیە و بەڕێوەبەری شارەوانیەكان و پشدەر و بتوێنتان كرد، كە كێشە و گرفتەكانیان كە مەنتیقەیەكی زۆر ئەساسیە كە ئەو كێشە و گیر و گرفتانەی تێدایە، من پێم باش بوو كە جەنابیشتان دەتان زانی ڕاستە ڕاپۆرتەكان نووسرابوون، بەس نەخرایە بەرنامەی كارەوە، بۆ ئەوەی كە ئەو مولاحەزاتانەی ئەوانیش كە دایبوویان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیران و ڕاپۆرتەكەیان پێداچوونەوەیان بۆ بكرابا، ئینجا بخرابا بەرنامەی كارەوە، بەڵام بەهەر حاڵ ئێستا دواخستنەكە من لەگەڵ ئەوەمە وەكو هاوكارانم ئاماژەیان پێدا سەقفەكی زەمەنی دیاری بكرێ، ئەو ڕاوبۆچوونانەی كە ئەو بەڕێزانە خستیانە ڕوو وابزانم ڕاوبۆچوونەكان تۆماركراون، پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتەكاندا بكرێ، بۆ ئەوەی پرۆژەكە دەوڵەمەند بكرێ، بەڵام سەقفێكی زەمەنی، كە لە (10) ڕۆژ تێپەڕ نەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە ماوەیەك لەمەوبەر دەنگمان بە سیستەمێك دا بۆ موناقەشە کە ڕێگە لە زۆر شت دەگرێ، ئەم مەسەلەیە پەیوەندی، کە مەفروز وایە ئەو سیستەمەی کە ئێمە دەنگمان لەسەر دا، راپۆرتێکی هاوبەش بێتە ئێرە، چونکە ئێستا لیژنەکان هەر کەسەو ڕەئی خۆی هەیە، لێرە کۆناکرێتەوە و، راپۆرتی هاوبەش دروست نابێت و، سیستەمەکەی ئێمەش دەنگمان لەسەرداوە دەبێت لێرە یەك لایی بکرێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە راپۆرتێکی هاوبەشی هەموو لیژنە پەیوەندیدارەکان هەبێت، من مولاحەزەیەکی تر دەڵێم ئەگەر ئەم یاسایە دەنگی لەسەر بدرێت، تەئجیل بکرێت یاساکەی دوای ئەویش کە مەسەلەی تەجاوزاتە زۆر پەیوەندی و هاوتەریبە لەگەڵ ئەم یاسایە، دەبێت ئەویش تەئجیل بکرێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەلاّم کاك جلال لە کەیەوە موناقەشە دەکرێت ئەو پرۆژە یاسایە، ئەو هەموو مانگ و ساڵە نەتوانن راپۆرتێکی هاوبەش یان پرۆژەیەکی هاوبەش پێك بێنن، کاك عونی ئێوە ئاخیر جار قسە بکەن، فەرموو کاك جلال.**

**بەڕێز جلال علی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێشەکی وتم لیژنەی کشتوکاڵ لایەنێکی سەرەکیە لەو مەسەلەیە، لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بەداخەوە تەحویلی ئێمە نەکراوە ئەم یاسایە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**دکتۆر ڕێباز فەرموو.**

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەبەرئەوەی کە لیژنەیی یاسایی راپۆرتی نووسیوە، لە راپۆرتەکەشدا باسی ئەوەیان نەکردووە، لەبەرئەوەی لیژنەی یاسایی بۆ خۆیان راپۆرتیان نووسیوە و، لە راپۆرتەکەش کۆی لیژنەکەی یاخود بەشێك لە ئەندامان باسی ئەوەیان نەکردووە تەئجیل بکرێت، ئێستا بە تەنها 1 کەس پێش ئەوەی ئێمە بچینە ناو موناقەشەوە ناتوانرێت داوای ئەوە بکرێت کە تەئجیل بکرێت، موناقەشە بکەن کە ئایا تەئجیل دەکرێت یان ناکرێت؟ چونکە ئەو 1 کەسە، ڕاستە لەوێ نوێنەرایەتی لیژنەکە دەکات، بەلاّم ناتوانێ لەجیاتی لیژنەکە قسە بکات و راپۆرتەکە رەفز بکاتەوە، بۆیە دەبێت بەرنامەی کار بڕوات، کەی ئەوکاتەی 3 کەس یاخود 4 کەس لە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد رەفز بکرێت، ئەو کاتە دوابخرێت، نەك ئەوەی کە تەنها 1 ئەندام، بۆچی؟ ئەگەر من قسە بکەم من تەنها ئەندامێکم، بەلاّم ئەگەر کەسێك لەوێ قسە بکات، قسەکەی بە کۆی لیژنەکە حیساب دەکرێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دكتۆر ڕێباز ئەگەر بە حیسابیش بێت، ئەوان 2 کەسن جەنابی وەزیریش داوا دەکات، نا،نا هەردووکیان داوا دەکەن، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەم بەیانیە قسەم لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی شارەوانی سلێمانی کرد، تەنها لە سلێمانی 75 گوند هەیە چارەنووسی هەڵواسراوە، تاپۆی نیە، خزمەتگوزاری بۆ ناکرێت، لەبەرئەوەی نەگوندەو نە گەڕەکە، هەرچەندە لێرە نەبووم پێم سەیرە وەزیری شارەوانی داوای تەئجیلی بکات، چونکە لەکاتی بانگهێشت کردنی لەسەر پرسیارەکان، جەنابی چەند جارێك تکاو ڕەجای لەپەرلەمان کرد، کە ئەم یاسایە هەردووکی دەرچوێنێ، جەنابت خۆت لەگەڵماندا بووی، ئێمە وەفدێك بووین لە سلێمانی چووینە لای بەڕێز پارێزگای سلێمانی، جارێك دووبارەی کردەوە کە ئەم یاسایە دەرچوێنرێت، بۆئەوەی لە کێشەی گەڕەك و گوند نەجاتمان ببێت، بۆیە من داوا دەکەم لەبەرئەوەی ئەم گوندانە کە ئێستا بوونەتە گەڕەك لە وەزعێکی زۆر خراپ دان، هەموو ئەندامانی پەرلەمان سەردانیان کردوون، هیچ خزمەتگوزاریەکیان نیە، چارەنووسیان هەڵواسراوە، ئەمە بە زووترین کات هەر ئەمڕۆ موناقەشە بکرێت، هەروەك هاوڕێم دکتۆر ڕێباز باسی کرد، دەکرێت لەکاتی موناقەشەدا هەندێك کەس داوای ڕەت کردنەوەیان کرد، ئەو کاتە بخرێتە دەنگەوە، بەڵام ئێستا درێژە بە وتووێژەکان و گفتوگۆکردن لەسەر یاساکە بدەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەرنامەی کار 2 بڕگە ماوە با ئێمە تێکەڵی نەکەین، بڕگەی نۆیەمیان باس لە تەملیك کردنی ئەو گوندانە دەکات، کە کەوتووەتە ناو سنووری شارەوانی، ئێمە ئێستا دەبێت قسە لەسەر بڕگەی 9 بکەین، بەوپێیەش هەر هەفتەی ڕابردوو بوو پڕۆژە یاسایەك لەو پەرلەمانە پەسەند کرا، کە تایبەت بوو بە چەند لیژنەیەك و، هیچ ڕاپۆرتێکی هاوبەشی لەسەر نەکرا، لێرە گفتوگۆی لەسەر کرا ڕەئی جیاوازیش هەبوو، ماددە بە ماددەش خرایە دەنگدانەوە پەسەندیش کرا، بۆیە داوا کارم لە بەڕێزتان داوا بکەن لیژنە پەیوەندیدارەکان بێنە شوێنی خۆیان و ڕاپۆرتەکانیان بخوێننەوە، گفتوگۆی بڕگەی نۆیەم بکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ناوەڕۆكی هەردوو پرۆژەینە، بەتایبەتی ئێستا پرۆژەی نۆیەم كە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمانە، پێشنیاری یاسای هەموار كردنی ئەو گوندانەی كەوتوونەتە نێو سنووری شارەوانیەكان، ئێمە نەمان وتیە ئەو پرۆژەیە رەت بكرێتەوە، بەلاّم ئێمە تەنها ئەوەمان وت پاش ئەوەی كە كۆبوونەوەمان كرد لەگەڵ ئەو نوێنەرانەی دەڤەرەكان، كە هاتنە ناو پەرلەمانی كوردستان پاش ئامادەكرنی راپۆرتمان، بۆمان دەركەوت كەوا راپۆرتەكەمان كەم و كورتیەكی زۆری تێدایە، بۆئەوەی بتوانین دەوڵەمەندی بكەین، ئێمە ئەو پێشنیارەمان پێشكەش كردووە، دوو ئەم پرۆژەیە لەلایەنی حكومەتەوە نەهاتووە، لەلایەن ژمارەیەكی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشەكەش كرایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب/ وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆئەوەی ڕەئی ئێمە بە وازحی بگات، دووپاتی دەكەمەوە ئەو بەشەی كە لە پرۆژەكەدا پەیوەستە بە شارەوانی، چ لەڕووی پلان سازیەوە، چ لەڕووی فەرەبووكردن، چ لەڕووی تەحدید كردنی مەساحات ، ئەو تەفاسیلەی كە لە پرۆژەكە هاتووە، ئێمە وەكو وەزارەت بەشێكی موتەعەلیقە بە ئێمەوە، ئێمە ئامادەین بۆ گفتوگۆكرنی ئێستا، بەلاّم ئەوەی كەوا پەیوەستە جانبی تری تێدایە، لایەنەكانی تری تێدایە، وەزارەتەكانی تری تێدایە، بەڕاستی ئەگەر ئەوا پێویستی بە فراوانتر بكات، بڕیارەكە بۆ پەرلەمانی بەڕێز دەگەڕێتەوە، ئەگینا موتەعەلیقە بە ئێمەوە، فیعلەن ئێمە داوامان كردووە وەكو كوێستان خان باسی كرد، كەوا بخرێتە بەرنامەی ئەم ماددەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەمە شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پیشتیوانی قسەكانی كاك حاجی بیلال دەكەم، من 1 نموونەتان بۆ دەهێنمەوە ئەگەر تەئجیلیش بكرێت، ئێستا لە هەڵەبجەی تازە كۆمەڵێك پرۆژە هەیە، لەبەر ئەو مەشاكیلەو یەك لایی نەبوونەی ئەرزی زراعی و ئەرزی بەلەدیەو تەملیك كردن، پرۆژەكان وەستاوە، ئەرز بۆ مۆزەف وەستاوە، گلەیی لە حكومەت و لە شارەوانی و ئەوانە دەكرێت، ئەگەر هەر تەئجیلیش دەكرێت بەڕاستی من پشتیوانی قسەكانی كاك حاجی بیلال دەكەم، فەترەیەكی موحەدەدی بۆ دابنرێت، بۆئەوەی لەم وەرزە یەك لایی بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەكو هاوكارم كاك عونی باسی كرد، ئێمە دەقاو دەق لەگەڵ پرۆژەكە داین، لەگەڵ حەل كردنی هەموو ئەو كێشانەی ئەم خانووانەین، كە لە لادێیەكان كەوتووەتە بەر تەسمیمی ئەساسی شارەوانیەكان، دژی یاساكە نین، بەڵام پێمان باشە وەكو كوێستان خانیش باسی كرد لە سلێمانی 75 گوند، یاخود هەر عەدەدێكی هەبێت لەو گوندانە كە مەسیریان مەعلوم نیە، موعەلەق وەستاوە لەسەر ئەو مەسەلەی تاپۆكردنە یان تاپۆنەكردنە، بە واتا ئەم كێشەیە گرینگە و گەورەیە، لەبەرئەوە پێویستی بە یاسایەكی تۆكمەی كەم نوقسانی هەیە، بۆئەوەی بتوانرێت جێبەجێ كردنەكەی ئاسان بێت، سوودمەند بن ئەو كەسانەی كە شمولیان دەكات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەوە دام موناقەشەی بكرێت لێتان ناشارمەوە، چونكە ئەوە چەندێن مانگ و ساڵە رۆیشتووە، ئەی كەی تەواوی بكەین، ئەی كەی موناقەشەی بكەین؟ بەڕاستی، ئاخر ناكرێت، كە لیژنەكان لەسەریان نووسی بێت، راپۆرتی خۆیان نووسی بێت ئەی كەی موناقەشەی بكەین؟ مانگێ، دوو مانگ، ساڵ، فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر تێبینی راپۆرتەكان بكەین، راپۆرتی لیژنەی یاسایی جیاوازیەكی زۆری هەیە لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی شارەوانی، كە لەگەڵ رێزم بۆیان، بۆیە بەپێی ماددەی 39 برگەی شەش و ماددەی 40ی پەیڕەوی ناوخۆ، دەبێت راپۆرتێكی هاوبەش ئامادە بكرێت، بە ئامادەبوونی سەرۆكی پەرلەمان یان جێگرەكەی، بۆ نووسینی راپۆرتەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك حاجی بیلال.

**بەڕێز احمد سلیمان(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من لەقسەی ئاخیری كاك عونی باس دەكەم، كە دەڵێت جیاوازی هەیە، ئێمە مانعمان نیە كە جیاوازی هەبێت، ئێمە دوو لیژنەی جیاوازین و، ئیشی ئێمەش وەكو لیژنەی مەعنی ئەوەیە كە وەزارەتی مەعنی بانگ كردووە، لەگەڵ زۆربەی زۆری شارەوانیەكان كێشە هەیە، لەگەڵیان دانیشتووین، ئێمە لێرە چووینە بۆ قەڵادزی، چووین بۆ ڕانیە، چووینە بۆ هەڵەبجە، چووین بۆ هەڵەبجەی تازە، چەندین شارو شارۆچكەمان كردووە و، ئەم پرۆژە یاسایەمان لەگەڵیان دیراسە كردووە، من ئەو لیژنەی كە جەنابت باسی دەكەی هاتوونە ناو پەرلەمان، من ئاگام لێی نیە، بەڵام كەی بووە ئەگەر هەفتەیەكە، بۆ لەو هەفتە ئێوە ئەو راپۆرتەتان چارەسەر نەكرد؟ ئەگەر 10 رۆژە بۆ چارەسەرتان نەكرد؟ دڵنیام ،لەوانەیە لەوەش زیاتر بێت،

کەواتە نەتان نووسیوە چارەسەری بکەن، دیارە هێشتووتانەوە بۆ ئێستا کە دوای بخەن، ڕێزم هەیە بۆ قسەکەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە سوورین لەسەر پرۆژەکە ئەم پرۆژەیەش بۆ ڕاستکردنەوەی خوشکی بەڕێزم سیوەیل خان، ئەم پرۆژەیە لە حکومەتەوە نەهاتووە بە رەسمی، ئەم پرۆژەیە وەزارەتی شارەوانی پێشتر ئامادەی کرد بوو، بەڵام ناردی بۆ ئێمە بەشێوەیەکی غەیر رەسمی، دوای ئەوەی کە ئێمە دیراسەمان کرد پرۆژەکەمان جارێکی تر داڕشتەوە، ناردمان بۆ پەرلەمان، بەڵام لە کابینەی پێشووشدا جەنابت ئاگاداری کە کاك عونی، کە ئێمە چەندین وەزارەتی مەعنیمان بانگ کرد، بڕیاریان دا، وەعدیان دا لە ماوەیەکی نزیکدا پرۆژەکی هاوبەش ئامادە بکەن پێشکەشی پەرلەمانی بکەن، بەڵام تائێستا ئەم پرۆژەیە پێشکەش نەکرا، نزیکەی ساڵ و نیوێك، 2 ساڵە، کەواتە ئێمە تاکەی چاوەڕێ بکەین، بەڕاستی چاوەڕێ کردن هیچ مانای نیە، پێشنیار دەکەم ئەگەر هەرواش دوادەخرێت، لە بەرنامەی کار ئەم بڕگەیە بخرێتە بڕگەی دووەم، بڕگەی ئەوی تر پێش بخرێت، بۆئەوەی ئەگەر پێویست دەکات ڕاپۆرتی هاوبەش بنووسرێت، ڕاپۆرتی هاوبەشی لەسەر بنووسرێت، ئەگەر نا بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ دواخستنی دانینە، سوپاستان دەکەم و ڕێزم هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئێستا بڕگەی 9 ڕەئیت لەسەری چیە؟ ئێمە بڕگەی 9 موناقەشە دەکەین ئێستا، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب/ وەزیری شارەوانی و گەشتو گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دووپاتی دەکەمەوە بڕگەی 9 ئێمە هیچ کێشەیەکمان نیە، حازرین، ئەوەی کە پەیوەستە بە ئێمەوە دەست پێ بکەین، گفتوگۆ بکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ڕەئیەك هەیە دەڵێت بڕگەی 9 دوابخرێت، باشە نابێت خۆ دەنگدان، مەجموعەیەك داوا دەکەن بڕگەی 9 دوا بخرێت، کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕگەی 9 دوابخرێت؟ نا، کاکە ئەوە هەردووکیانن، دوو کەسن هەردووکیان داوا دەکەن، کاکە ئێستا ڕەئیەك هەیە دەڵێت موناقەشە دوابخرێت، من خۆم لەگەڵ ئەو دانیم دوابخرێت، من خۆم لەگەڵ ئەوە دام موناقەشە بکرێت، چونکە کۆبوونەوە بۆ هەموو لایەك کراوە، ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکان ئامادەبووە، جەنابی وەزیر ئیعتڕازی نیە لەسەر موناقەشە کردنی، بەڵام 2 برادەر لە لیژنەی قانونی دەیانەوێت تەئجیل بکرێت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی تیکراری دەکەینەوە، ئێمە داوای رەفزی یاساکەمان نەکردووە، داوای عەرقەلەی یاساکەمان نەکردووە، دەڵێین یاساکە پشتگیری دەکەین، لەبەرئەوەی گرینگە، پەیوەستە بە کۆمەڵێك مەشاکیلی گەورە، لەو موشکیلانە ، حەقی تەسەروف، زەوی تێ دەکەوێت، موڵکی سرفەی زەوی تێ دەکەوێت، خاوەنەکەی وەزارەتی شارەوانیە، زەوی تێ کەوتووە، خاوەنەکەی وەزارەتی عەدلە، زەوی تێ کەوتووە، خاوەنەکەی وەزارەتی مالیەیە، لەبەر گرینگی ئێمە دەمانەوێت راپۆرتێکی دەقیقی رێك وپێك، یاسایەك دەربکەین کە کەمترین کێشەی تێدا بەجێ بمێنێت، ئەگینا ئێمە نەمان وتووە تەئجیل بێت بۆ هەتا هەتایی، نە رەفز بێت ئەم یاسایە بە پێچەوانەوە کۆی یاساکە لە یەك ماددە خۆی دەبینێتەوە، ئەویش فەقەرەی ماددەی یەکیەتی کە دەڵێت (تەملیکی حەرەمی قورا بکرێت، دەقاو دەق، سەد لە سەد ئێمە لەگەڵی داین)، بەڵام دەبێت شێوە یاسایەکی بدەینێ، کە رەبتی بە چەند وەزارەتێکەوە هەیە، هیچی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماوەیەکی زۆرە باسمان کرد، ئەی کەی ئەو راپۆرتە ئامادە دەکرێت؟ 1 مانگ، 2 مانگ، 3 مانگ، ساڵێك، لەبەرئەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان قەراری داوە موناقەشە دەکرێت، فەرموو لیژنەی مەعنی، فەرموو بۆ جێگاکانی خۆتان بۆئەوەی موناقەشە بکەین، لیژنەی تایبەتمەند فەرموو بۆ شوێنەکانی خۆتان.

**بەڕێز عونی کمال (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەمی پرۆژەکە کە لەلایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کرایە، ناونیشانی یاساکە، (قانون تمليك حرم القرى الواقعة داخل حدود البلديات

المادة الاولى: تمليك حرم القرى الواقعة داخل حدود البلديات والتى لم يتم تمليكها لحد الان لاصحابها الشرعيين الذين شيدوا عليها دور سكنية وساكنين فيها او خالية من دور ولكن في حوزة اصحابها ضمن المناطق السكنية حسب التصاميم الاساسية للبلديات على النحو التالي:

1- تملك مساحة الارض لحد 300م مربع بسعر رمزي وما زادت عن ذلك ولحد مساحة 800 م مربع بالسعر السائد في المنطقة.

2- اذا زادت عن مساحة 800 م مربع تسجل باسم البلدية المعنية بدون عوض.

3- يسار الى تملك المستفدين من البلدية سابقا على اساس السعر السائد وليس السعر الرمزي.، داوای لێبوردن دەکەم بەو شێوەیەی کە نووسراوە، کە دەیخوێنمەوە نەوەك هەڵەی زمانەوانی تێدابێت، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لە راپۆرتمان سیاغەی ماددەکەمان بەو شێوەیە کردووە، (تملك حرم القرى الواقعة داخل حدود

البلديات والتى لم يتم تمليكها لحد الان لاصحابها الشرعيين الذين شيدوا عليها دورة سكنية ويشغلونها او في حيازتهم، من المناطق السكنية حسب التصاميم الاساسية للبلديات على نحو الاتي:

1- تملك مساحة الارض لحد 300 م مربع بسعر رمزي ومازادت عن ذلك ولحد مساحة 800 م مربع بالسعر الحقيقي السائد في المنطقة.

2- اذا زادت عن مساحة 800 م مربع تسجل المساحة الزائدة باسم البلدية المعنية بدون عوض.

3- يتم تملك المستفدين من البلدية سابقاً على أساس السعر الحقيقي و ليس السعر الرمزي.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بە كوردیەكەتان نەخوێندەوە، ئەی بە كوردیەكەی نایخوێننەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاسای تەملیك كردنی ئەو گوندانەی كە كەوتوونەتە نێو سنووری شارەوانیەكانەوە.

ماددەی یەكەم: تەملیك كردنی قەدەغەی ئەو گوندانەی كەوتوونەتە ناو سنووری شارەوانیەكانەوە، كە ئێستا تەملیك نەكراون بۆ خاوەنی شەرعیان شوێنی نیشتەجێبوونیان تێدا دروست كردووە، تێدا نیشتەجێن یان خانوویان تێدانیە، بەلاَم لەژێر دەستی خاوەنەكانیان دان لە چوارچێوەی نیشتەجێبوون بە گوێرەی ماستەر پلانی شارەوانیەكان بەم جۆرەی دادێت:

1- رووبەری تا ڕادەی 300 م2 بە نرخێكی كەم تەملیك دەكرێت، ئەوەی لەو ڕادەیە تێپەڕ كات تا ڕووبەری 800 م2 بە نرخی باو لە ناوچەكەیدا.

2- ئەگەر ڕووبەر لە 800 م2 زیاتر بوو بەبێ قەرەبوو بەناوی شارەوانی پەیوەندیدارەوە تۆمار دەكرێت.

3- ئەوانەی پێشتر سوودیان لە شارەوانی وەرگرتووە بۆ تەملیك كردنی نرخی باو پەیڕەو دەكرێت بە نرخی كەم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی یەكەم كە خوێندرایەوە لیژنەی شارەوانی بزانین ڕەئیان چیە لەبارەی ماددەی یەكەم، فەرموو لیژنەی شارەوانی.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ڕەئیمان وایە جارێ یەكەم شت بەو شێوەیە بۆ عینوانی مەشروعەكە، (تغیر اسم المشروع على النحو التالى: مشروع قانون تمليك الدور السكنيه الواقعه داخل القرى و حرمها ضمن حدود البلديات.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كشتوكاڵ فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم**

**تمليك القرى و حرمها الواقعه داخل حدود البلديات والتى لم يتم تمليكها لحد الان لاصحابها الشرعيين الذين شيدوا عليها دور سكنيه، و ساكناً فيها او خاليه من دور.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی فەرموو.**

**بەڕێز د. ئاراس محمود**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ڕای لیژنەی دارایی ئەوەیە کە عینوانەکە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، کە لە پرۆژە یاساکە هاتووە بۆ لیژنەکەمان، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە لەسەر عینوانی پرۆژەکە؟ تەنها 3 کەس، فەرموو کاك سەردار.**

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا ئێمە گرفتێکمان هەیە کە هەندێ لە شارەکان پێشتریش باسم کرد، بەلأم جەنابتان هەر قوراتان باس کردووە، ئەی ئەو شارانە چی لێبکەین کە هەتا ئێستا تاپۆیان نیە ؟**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**رازاو خان فەرموو.**

**بەڕێز رازاو محمود**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پیشتگیری لە لیژنەی شارەوانی دەکەم، بە گۆڕینی ناوەکە بۆ مەشروع قانون تمليك الدور السكنيه، چونکە ئێمە خۆمان دەزانین کێشەی سەرەکی کە هەمانە لە کوردستاندا ئێستا نیشتەجێبوونە، شوێنی نیشتەجێبوونە، بۆیە دەکرێت ئەم عنوانە بەم شێوەیە بێت کە لیژنەی شارەوانی پێشنیاری کردووە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**مامۆستا عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی بوو، لیژنەی شارەوانی ڕاستی کردووەتەوە، دەبێت باسی دور سەکەنی بکەین نەك قورا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێزدڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی وگەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە ناوی قانونەکە، مەشروعەکە ناوی تملیك الدور السكنیه الواقعه داخل القری و حرمها ضمن حدود البلدیات من كوردستان- العراق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەو داڕشتنەین کە لیژنەکەمان نووسیویەتی، وابزانم ئەندام پەرلەمانەکانیش دووانیان لەگەڵ ئەوە بوون، بەڕێز وەزیریش بە هەمان شێوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە وترا (حرم القری) مەبانیش دەگرێتەوە، موئەسەساتیش دەگرێتەوە، ئەرازیش دەگرێتەوە، بەڕاستی حەرەم یەعنی هەمووی دەگرێتەوە لەگەڵ ڕێزمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سیاغەکەمان خوێندەوە، دووبارەی بکەمەوە یان نا؟ نا، نا موشتەرەك نیە، بۆیە پێشنیارمان کرد گفتوگۆ لەسەری دوابخرێت، تا راپۆرتێکی هاوبەش ئامادە دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێ لەوەی کە چەند راپۆرتێکی جیاواز هەیە، ئێمە باسمان لەسەر کرد کەوا یاسایەکی تۆکمە بێت، کاك سەردار باسێکی لەوە کرد ئەوانەی کە لە داخلی شارو شارۆچکەکاندان، خۆ دەکەوێتە زمنی حدودی بەلەدیە ئەو شوێنانەوە، ئەوە تەنها خاصە بۆ قورا ئەی ئەوانە چی لێ بەسەر دێت؟، مەسیریان دەبێت چی لێ بەسەر بێت؟ داوا دەکەین جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوەیەکمان بداتێ لەسەری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری گەشتوگوزار و شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە تایبەتە بەوە کە لە دەرئەنجامی فراوان بوونی شارو شارۆچکەکان بەتایبەتی شارە گەورەکان، کە ئەو فراوان بوونە وای کردووە بەشێك لە گوندەکان کەوتوونەتە ناو سنووری شارەوانیەوە، گوندەکانی کە کەوتوونەتە ناو سنووری شارەوانیەوە بەم یاسایە موعالەجە کراوە، واتە ئەمە یاسایەکی تایبەتە تەنها بە چارەسەر کردنی گرفتی ئەو گوندانەی کەوا کەوتوونەتە ناو سنووری شارەوانیەکان و، ئێستا بەشێکیان وەکو گەڕەکێکن لە شارەکان، تەعامولیان لەگەڵ دەکرێت نە مانای ئەوەیە کە چارەسەر کردنی گرفتی هەرچی بێت تاپۆیە، ئەمە مەسەلەیەکی ترە، ئەمەی چارەسەری گرفتی هی حەرەمی گوندەکانە، ئەوانەی کە لەناو حەرەمی گوندەکان داناوە، بەنیسبەتی ئەوەی کە تەسمیەی قانونەکەش ئەگەر بڵێین حەرەمی گوند، حەرەمی گوند تەسمیەکی گشتیە لەسەر کێ تاپۆ دەکرێت؟ دەبێت تەحدیدی ئەوە بکرێت کەوا لەناو حەرەمی گوندە، وەحداتی سەکەنی حەرەمی گوند لەسەر خاوەنەکانیان تاپۆ دەکرێت، چونکە حەرەمی گوند بە تێکڕا بەو تەسمیە شاملە لەسەر کێ تاپۆ دەکرێت؟ لەسەر کەسێك لە جیهەتی موعەیەن تاپۆ ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەم مەشروعانە 3 مەشروعە، 2 پرۆژە یاسایە لەگەڵ پرۆژە بڕیارێك، ئەو پرۆژە یاسایەی کە نەهێنراوە بۆ ئێرە ئەوە چارەسەری کێشەی خانووەکان دەکات، کە تاپۆیان نیە لەناو شارەکان، ئەوە شتێکی زۆر زۆ گرینگە، ئەوە بۆیە هەندێك لە ئەندامە بەڕێزەکان ئەو پرسیارەیان لا دروست دەبێت، ئەگەر ئەم 2 مەشروعە چارەسەری گوندەکان و مەسەلەی تەجاوزەکان بکەن، ئەی مەسەلەی ئەو خانووانەی کە لە ئەساسدا وەکو سەید سادق و هەڵەبجەو ئەوانە کە تاپۆیان نیە، ئەوانە چیّ لێ دەکرێت؟ ئەو مەشروعە

هێشتا نەهێندراوە بۆ ناو پەرلەمان، کە ئەوە مەشروعێکی زۆر زۆر گرینگە، ئەگەر بە هەڵە نەچوو بم تێکەڵاویەك هەیە، (مەشرع قانون تحدید حرم القری، تحدید وتملیك حرم القری) چونکە ئێمە کاتی خۆی موناقەشەمان کرد لەناو لیژنە، ببوورن ئێمە زۆر بە وازحی دەست نیشانمان کردووە لەگەڵ وەزارەت دا تەحدیدی حەرەمی قوری چۆن بێ و چەند بێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئێستاش بەڕاستی سوورم لەسەر ڕەئیەکەی خۆم، هەر لەو شارانەدا کۆمەڵێك لادێ کەوتوونەتە سنووری شارەوانیەوە، ئەوەی جەنابی عمر تەئیدی منی کرد، کۆمەڵێك لادێ کەوتوونەتە سنووری شارەوانی ئەو شارەوە تاکو ئێستا تاپۆیان نیە، هەڵەبجەیە، خورماڵە،سیروانە، پێنجوێنە، شارباژێڕە، باشە ئەی ئەو گوندانەی کەوتوونەتە شارەوانی ئەو شارەوە چیان بەسەر دێت؟ یەعنی ناڵێم بۆمان موعالەجە بکرێ ئەم قانونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باس لە خانووی ناو شار کرا، ئەوەی من ئاگادار بم لەو مودەی وەزیفی خۆمان لەناو شاردا لیژنەیەك هەبووە، کە من بۆ خۆم ئەندامی لیژنەیەك بووم یان وەکیلەکەم بە سەرۆکایەتی موحافز، ئەو خانووانەی خانووی تێدا بووە 50 مەتر بووە، 60 مەتر بووە، لە کانێسکان، سەرکارێز، دەرگەزێن ئەمانە حەل کراوە، بەڕاستی ئەوە هی ناو شارەکانە، بەڵام ئێمە با پەلە نەکەین لەسەر تەسمیەی قانونەکە، هەر چیەك هەبێ لە ماددەکاندا، ئێستا لە ماددەی یەکەمدا کە دەڵێت تملك القری و الحرم الواقعة داخل الحدود والتي لم يتم تملكها لحد الان لاصحابها الشرعيين من الذين شيدوا دور سكنية و ساكنين فيها) یەعنی ئەوە لە ماددەکانی تر هەمووی تەحدید کراوە، کە کێ شمولی دەکات و کێ شمولی ناکات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر تەوزیحێك بوو برای بەڕێزم كاك سەردار خۆی كردی، ئەم یاسایە كە باسی قورا دەكات، ئەو لادێیانەش دەگرێتەوە كە ئێستا كەوتوونەتە چوارچێوەی شارە گەورەكانەوە، ئەوانیش دەگرێتەوە، ئەوەی كە جەنابت دەڵێی لەگەڵ یاساكە شتێكی موخالفی تێدا نیە، هەر ئەوەیە خۆی ئەم گوندانە كە چوونە چوارچێوەی بەلەدیە، سنووریان بۆ دیاری دەكرێت و، كێشەكانیان بۆ حەل دەكرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە دەڵێین (قانون تملیك حرم القری) گوند هەیە كەوتووەتە ناو سنووری شارەوانی پارێزگا، گوند هەیە كەوتووەتە ناو سنووری شارەوانی قەزا، گوند هەیە كەوتووەتە ناو سنووری شارەوانی ناحیە، كە دەڵێین قانون (تملیك حرم القری) هەمووی دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا بەڕای ئێمە چ ئەشكالاتێك نیە لەسەر ئەو نازناوەی پڕۆژە یاسایەكە، چونكە لە دوایی كە ماددەكان تەحدید كراوە چی تەملیك دەكەین، دوای ئەوە كە دەڵێین (داخل حدود بلدیات) شاروشارۆچكەكانیش دەگرێتەوە، یەعنی كێشەیەكمان نیە لەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە وەكو هەریاسایەكی تر ناكرێ هەموو مەتاڵبەكان لەناو یاسایەكە دا بەدەربكەوێ، بچینە ماددەكان هەمووی موعالەجە كراوە، لەماددەكاندا نووسراوە تەحدید نەكراوە، شارە یان شارۆچكەیە، دەڵێ، (حدود البلدیات)، هەر گوندێك كەوتبێتە ناو سنووری بەلەدیەوە، گوند بێ ئێستا بووەتە ناحیە، بەلەدیەكی هەیە، بەلەدیەكی بۆ دانراوە، مەشمولە بەم یاسایە، هەموو لە ماددەكاندا موعالەجە كراون، بۆیە گرفت نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك سمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێمواپە گفتوگۆكان پاساوەكەی كاك عونی و كاك عمری دەرخست لە دواخستنی پاسایەكە ئەم پاسایە، ئێستا ئێمە دەمانەوێ تەملیكی دێهاتێ بكەین لەسەر قەزا و ناحیەیەك كە قەزا و ناحیەكە خۆی تەملیك نیە، خۆی تاپۆی نیە و هەنگاوی یەكەم، دووەم/ ئەبێ جارێكی تر ئیعادە رەسمی حدودی بەلەدیەی شارەكان بكەینەوە، تۆ ئیعادە رەسمی حدودی بەلەدیەی هەڵەبجە بە نموونە زیاد بووە، لەم زیاد كردنەدا كۆمەڵێك دێهات داخڵی ئەم حدودە بوون، ئەمانە جارێكی تر تەحدید دەكەینەوە، لەبەرئەوە پێمواپە گفتوگۆكانی ئێمە دەری دەخات، ئەم پاسایە ئەساسەكەی مەحكەم نیە و كۆمەڵێك موتەناقزاتی كۆكردووەتەوە و هەریەكێكیان پێویستی بە قانونێكی سەربەخۆی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان كابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی هەردوو هاوكارم كاك سەردار و كاك سەمیر وتیان حەقی خۆیانە، یەعنی ئەو ئیستفسارەیان هەبێ، شوێنێكی وەكو هەڵەبجە سەدان خانووی تیایە و تاپۆ نیە، بەڵام لە فەقەرە 10ی بەرنامەی كاردا، پاسایەكی تر هەیە، كە دوای ئەم پاسایە هەروەختێك تەواو بوو سبەینێ بێ و ئەمرۆ بێ، هەر وەختێ تەواو بوو دێینە سەری، ئەوە چارەسەری ئەو كێشەیە دەكات، بۆ ئەوەی ئێمە لێمان هین نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورن نەبێتە دەرچوون، بەڵام بڕگەی 10 باسكرا، بڕگەی 10 باسی تەجاوزاتە، تەجاوزاتە و هیچ شتێكی تر نیە، چ پێناسەیەكی تر و موعالەجەی تر و شتی تری پێ عیلاج نابێ، زیادەڕۆییە لەسەر موڵكی دەوڵەت و موڵكی خەڵك، مەجموعەیەك ئیجرائات پێشنیار كراون بۆ چارەسەركردنی تەجاوزاتە فەقەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە كاك عونی و كاك عمر دەكەم، ئەوەی كە كاك سمیر باسی كرد زۆر ڕاستە، مەسەلەن بە پێی تەجروبە من لە مەنتیقەیەكم كە ناحیەی گەڵاڵەمان هەیە، ناحیەیە، بەڵام نە تەسویە كراوە و نەتاپۆ كراوە، بەلەدیەشی هەیە، ئێستا تۆ دێی لە ناوەڕاستەكەی دا سنووری شارەوانیەكەی بۆدەست نیشان

دەكەی ئەی بەشەكانی تری؟، یەعنی ئەوە بەڕاستی كێشەمان بۆ دروست دەكات، دەبێ پێیدا بچینەوە بۆ ئەو مەسەلەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

بۆ ماددەی 1 كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابی سەرۆكی پەرلەمان ماددەی یەكممان خوێندەوە، ........ .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

باشە ئێستا ماددەی یەك كێ دەیەوێ موناقەشەی بكات؟ لیژنەی كشتوكاڵ بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە الاولی

ئەمە ڕەئی لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێریە:

تملیك القری وحرمها الواقعة داخل حدود البلدیات، والتی لم یتم تملیكها لحد الان، لاصحابها الشرعیین من الذین شیدوا علیها دور سكنیة وساكنین فیها أو خالیة من دور، ولكن فی حوزة اصحابها الشرعیین، وضمن المناطق السكنیة وحسب التصامیم الاساسیة للبلدیات وعلی النحو التالی:

أ/ تملك مساحة الارض لحد 200 م فی مركز المحافظة، و 250 م في مركز القضاء، و300م فی مركز الناحیة بسعر رمزی، ومازاد عن ذلك ولحد 800 م مربع بالسعر السائد فی المنطقة.

ب/ اذا زادت عن (800)م م مربع تسجل باسم البلدیات المعنیة بدون تعویض.

ج/ یجوز التملیك للمستفدین من البلدیة سابقا علی اساس السعر السائد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی دارایی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەم ماددەیە، ئەوەی پەیوەندی هەبێ لەڕووی داراییەوە بە لیژنەكەمانەوە لەڕاستی دا داوای گۆڕینی دەستەواژەیەكمان كردووە لە خاڵی ئەخیر دا، كە دەڵێ (یصار الی تملیك المستفدین من البلدیة سابقا علی اساس السعر السائد ولیس السعر الرمزی) ئێمە دەمانەوێ بكرێ بە (علی اساس 50٪ من السعر السائد ولیس السعر الرمزی)، یەعنی ڕێژەی 50٪ زیاد بكەین بۆ سعری سائد لە خاڵی ئەخیر، ئەوە تەنها ئەوەی پەیوەندی بە لیژنەی داراییەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت لیژنەی شارەوانی بەم شێوەیە دامانڕشتووە:

المادە الاولى

اعادة صیاغتها على النحو التالی:

تملیك الدور السكنیة الواقعة داخل القرى وحرمها ضمن حدود البلدیات والتی لم یتم تملكها لحد الان لاصحابها، ضمن المناطق السكنیة، حسب التصامیم الاساسیة للبلدیات على النحو التالی:

1/ تملك مساحة الارض لحد 300 م2 بسعر رمزی ومازاد عن ذلك ولحد مساحة 800م2 بالسعر السائد فی المنطقة.

2/ اذا زاد المساحة عن 800م2 مربع تسجل الزیادة بأسم البلدیة المعنیة بدون عوض.

یصار الى تملیك المستفدین من البلدیة سابقا على اساس السعر السائد ولیس السعر الرمزی.

بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):

جەنابی وەزیر تێبنیت هەیە؟ كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی شارەوانیەكانین، لەگەڵ ئەو ئیزافەی كەوا پێشنیاری لیژنەی دارایی ئەوانەی كە سوودمەندن، كەسێك سوودمەند بووە بە پلەیەكی وەزیفی یان هەر شێوازێكی تر كە پارچەیەك زەوی وەرگرتووە لە شوێنێكی تر، ئەمڕۆ لە گوند خانوویەكی هەیە، گوندەكەی كەوتووەتە ناو سنووری شارەوانی، ئێمە پێی بڵێین وەكو شارەوانی و وەكو حكومەت یان خانووەكە چۆڵ بكە و دەبێتە موڵكی حكومەت، چونكە تۆ زەویەكت وەرگرتووە ئەم خانووەت بۆ تەملیك ناكرێ، یان دەبی بە سعری ڕۆژ خانووەكەت لە حكومەت بكڕییەوە، بەڕاستی ئەمە تەنفیزی سیستەمە، زەحمەتە، بۆیە ئەوانەی كەوا موستەفیدن ئێمە تەئیدی پێشنیاری لیژنەی دارایی دەكەین كە بە 50٪ ی سیعری سائید پێیان بفرۆشرێ، ئەوەی تریش تەئیدی پێشنیاری لیژنەی شارەوانیەكان دەكەین و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كێ دەیەوێ قسە بكات؟ كوێستان خان، د.ڕێباز، كاك اسماعیل محمود، د.احمد، كاك قادر، شەونم خان، كاك قادر احمد، كاك گۆران، نەسرین خان، كاك محمد شارەزووری، كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا لەگەڵ ئـەو داڕشـتنەوەی لیژنـەی شـارەوانیم (اصحاب شـرعی) لابـبرێ، چونکە هـەمووومان دەزانـین کۆمەڵێ خەڵکی فەقیر و هـەژار چـوونە و لـەو گوندانـە ئـەرزی کڕیـوە و خـانووی لەسـەر دروسـت کـردووە، ئێستا تۆ لەسەری تاپۆ ناکەیت و دەری دەکەی، لەبەرئەوە ئەوە لابرێ، ئەوە من لەگەڵ سیاغەی ئەوانم، بـۆ مەسـەلەی موسـتەفیدینەکە مـن لەگـەڵ ئـەوەم هـەر لابـرێ، چـونکە کەسـانێك هەیـە بـەناوی شـەهیدەوە پارچەیێ ئەرزی وەرگرتووە، پێشمەرگەیەکی کۆنە و ئەرزی وەرگرتووە، لەبەرامبەر خەبات ومانـدووبوونی خۆی وەری گرتووە، ئێستا ئەم لە دێیەك خانوویەکی هەیە، ئەو پارچـە زەویـەی لەسـەر حسابەکەی بـووە، بۆیە من لەگەڵ ئەوە نیم 50٪ بیدرێتێ، ئەوە هەر لابرێ، ئەو بڕگەیە، من یەك پرسیارم هەیە لە لیژنەی کشتوکاڵ، ڕاستە زۆربەی زۆری ئەمانە چارەسەر کراوە، بەڵام ئەگەر کەسانێك هەبێ لەم گوندانە، مەسەلەن چەند دۆنم ئەرزێکی زراعیان هەبێ، ئایا ئەوە دەستی بەسـەرادەگیرێ یـان تـەعویز دەکرێتـەوە، هەرچـەندە ئەمە ڕەنگە لە زۆر دێ چارەسەر کرابێ، بەڵام ئەگەر حاڵـەتێکی وا هاتـە پێشـەوە، چۆن چارەسـەر دەکـرێ، تەعویز دەکرێت یان نا؟ دەمەوێ جوابم دەنەوە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنە هاوبەشەکان دوایی هەموو تێبینیەکان کۆبکەنەوە یەك جاری وەڵامیان بدەنەوە، د.ڕێباز؟ فەرمووو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوانەی کە موستەفید بوون، پێموایە هەموو هاووڵاتیەك ئەبێ مافی یەکسانی هەبێ، یەعنی ئەگەر هەموو هاووڵاتیەك مافی ئەوەی هەیە کە لەڕێگەیەکەوە بەشێوەیەك موستەفید بێ، ئایا پارچە زەویەك وەردەگرێ یـاخود لەڕێگەیـەکی تـرەوە، ئەگـەر کەسـێك لـە گونـدێك کـە ئێسـتا کەوتووەتـە چوارچـێوەی سـەنتەری شـارەوانیەوە، شـار وشارۆچـکەیەکەوە، ئەگـەر خـۆی خـاوەنی موڵکێـك بـووبێ ئێسـتا ئـەو موڵکـەی لێ بسەندرێتەوە، لەبەرامبەریش دا هیچ شتێکی پێ نەدرێ، واتە ئەم هاووڵاتیە مافی خوراوە لە کاتێك دا کـە هاووڵاتیەکی تر زیاتر لـەم مـافی هەیـە، بۆیـە منـیش لەگـەڵ ئـەوەم بەڕاسـتی لەگـەڵ 50٪ دەیەکـەش نـیم، چونکە ئـەوە هـەر ئەسـڵەن مـافی خۆیـەتی هەیـە، پێویسـتە وەك هـاووڵاتی دیکـە تـەعامولی لەگـەڵ بکـرێ، هەروەها دەبێ شتێکی تر ڕوون بکرێتەوە، ئایا ئەگەر کەسێ لێرە ئەو زەویەی خۆی لەسـەر تـاپۆ بکـرێ، لـە داهاتوو دا ئەگەر چانسی موستەفید بوونی هەبێ، دیسانەوە موستەفید نابێ، ئـەوەش پرسـیارێکی دیکەیـە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی هەیە، من گوناحم چیە خەڵکی ناوچەیەکم نە تاپۆی هەبووە و نە تەسویە کراوە، ئەرزێکم هەیە، ئەرزی خۆمە لێم بستێنیتەوە حکومەت بە پارە پێم بفرۆشێ چیە ئەوە موستەفید بوون، ئەوە ناحەقیەکی زۆرە بەڕاستی، حەقە ئەوە بە بێ نسبە و لەسەدا هیچی دەست نیشان نەکراوە، حەقی خۆیتی و موڵکی خۆیەتی پێی بدرێتەوە، ئەوەیە کێشەکە، مەنتیقەکان تاپۆ کرابان و تەسویە کرابان، ئەو کێشەیە نابێ، ئێستا هەر یەکێك لە ئێمە خانووی هەیە و لەناو شارەکان خانووی هەیە و خانووی خۆیەتی وموڵکی خۆیەتی و تاپۆشە لەسەری موستەفیدیش بووە، من موستەفید بووم، بەڵام موڵکم هەیە و موڵکەکەم لێ دەستێننەوە، حکومەت بە پارە پێم بفرۆشیتەوە، بەڕاستی ناکرێ ئەو نسبەیە دەست نیشان بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم (وەرتێ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەو ڕایەی کاك اسماعیلم هەیە، لەڕاستی دا ئەو پرۆژە یاسایە پێموایە کە ببێتە یاسا کێشەیەکی زۆرمان بۆ دروست دەکات، بە تایبەتی ئەو هاووڵاتیانەی کە لە سنووری گوندەکانن و گوندەکانیان بووە بە ناحیە، یەعنی زەویەکانیان بە پێی ئەو یاسایە بێ بە بێ بەرامبەر بەڕاستی، چونکە ئەوەی لە 800م زیاتر بێ، بەبێ بەرامبەر لێیان وەردەگیردرێتەوە، تەنانەت لەگەڵ ئەوە نیمە بەڕاستی 50٪ وەکو ئەوەی کە لیژنەی داراییش پێشنیاری کردووە، بەڵکو بە حسابی ڕۆژ تەخمینەکە بکرێ بۆ زەویەکانیان، دەبێ جیاوازیش بکەین لە نێوان ئەو ناوچانەی کە کەوتوونەتە سنووری شارەوانیەکان بە تایبەتی لە پارێزگاکان و لە قەزاکان لەگەڵ ئەو سنوورانەی کە گوند بوونە و بوونەتە ناحیە، پێموایە کێشەیەکی زۆر دروست دەکرێ، وابزانم ئەوانەش کە هات بوونە پەرلەمان، هەمان ئەو کێشانەیان باس کرد کە موشکیلە بۆ شارەوانیەکان دروست دەکرێ، کە دواتر بۆیان چارەسەر نابێ، لەبەرئەوە بۆیە من وتم ئەو مولاحەزانە بخرابانە ناو پرۆژەکە، دوایی ئێمە موناقەشەمان بکردبایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێ گومان ئەو پرۆژە یاسایە زۆر گرنگە، لەهەمان کاتیش دا زۆر هەستیارە، بەتایبەتی ئەو گوندانەی کە پێشتر شاریان لێ نزیك نەبوو بوو و خاوەن زەوی وزاری خۆیان بوون کە کشتوکاڵیان تیا ئەکرد، لەهەمان کاتدا خاوەن مەرعای خۆیان بوون کە مەڕ و ماڵاتی خۆیان تیا ئەلەوەڕاند، ئێستاکە شارەکان بەرفراوان بوونە، ئەگەر مەنتیقەی مەرعایەکان بە بیانووی ئەوەی سەخەرینە هیچ قەرەبوو و شمولی ئەو خەڵکەی

نەكردووە، زەوی و زارەكانیشیان ئەوەش دەبێ بە پێی ئەو قانونەی كە هەبووە 8٪ و 12٪ زیاتر شمولی نەكردووە، خەڵكەكە بەناچاری نەبووایە مومكینە ئەوەشی نەكردبووایە، ناچار كە شار گەیشتووەتە ئەوێ، ناچار بوونە بەو قەرەبووە ڕازی بوونە، بەڵام ناو گوندەكان كارێكی ئاسان نیە خەڵك ڕازی ببێ، تۆ پارچە ئەرزێكی لە تەنیشت خانووی خۆیەتی، سەدان ساڵە حكومەت بێ تەملیكی بكات و كەسێكی تر لێی نیشتەجێ بێ، ئەمە كارێكی ئاسان نیە، بۆیە من پێشنیار دەكەم لە تەحدید كردنی سنووری گوندەكان زراعاتی خەڵك بكرێ و بۆ ئەوەی كێشە دروست نەبێ، زیاتر ئەو پارچە ئەرزانەی لەناو كۆڵانەكان و خانووەكان ماونەتەوە، ئەو خاوەنانەی تەملیك بكرێتەوە كە خاوەن كوڕ و كچن و گەورە بوونە ئەوانیش زەواج دەكەن و ماڵ پێك دێنن لەو حاڵەتە بە تەسەوری من ئەمە ئەشكالێكی گەورە دروست دەكات، ئاسانیش نیە جێ بەجێ بوونی ئەم پرۆژە یاسایە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

شەونم خان فەرمووو.

**بەڕێز شەونم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا لەسەر پرۆژەكە من داوادەكەم لە ماددەی یەكەمی پرۆژەكە نووسراوە تەملیك كردنی ئەو گوندانەی كەوتوونەتە سنووری شارەوانیەكان كە تا ئێستا تەملیك نەكراون بۆ خاوەنی شەرعیان، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ژمارەیەكی زۆر لەو خەڵكانەی كە لە لادێكان دادەنیشن، ئەو موڵكانەی لە لادێكان دا لە باب و باپیریانەوە بۆیان ماوەتەوە، لەبەرئەوە ئەوانە خاوەنی شەرعی ئەرزەكان نین، ئەوانە خەڵكێكن حائیزن لەسەر ئەو ئەرزە، ئەو ئەرزەیان بۆ ماوەتەوە، لەبەرئەوە دەبێ بە نەزەر ئیعتبار وەربگیردرێ، هەروەها وەك كوێستان خان باسی كرد، خەڵكانێكن كە لە گوندەكان دا دانیشتوون بە تایبەتی ئەو گوندانەی كە نزیكی شارن، خەڵكانێكی بێ دەرامەتن، لەبەرئەوە چوونەتە ئەوێ بە نەزەری ئیعتبار دەبێ ئەو بڕگەیەش بخرێتە ناو ئەو ماددەیەوە، تا ئەو كەسانە سوودمەند بن لەو بابەتە، لەدوای بڕگەی یەكەم، پێویستە بڕگەیەك ئیزافە بكرێ، بەڕای من ئەو ئەرزانە هەمووی بكرێ بە ناوی شارەوانیەوە پاش ئەوەی كە لەگەڵ ماستەر پلان دا موتابیق بوو، كێشەی ماستەر پلان چارەسەركرا، پێویستە ئەو بڕگە پێشەكی بنووسرێ هەمووی بكرێ بەناوی شارەوانیەوە، ئینجا بێینە سەر ئەوەی كە ئەو بڕگانە دابنێین كە تەحدیدمان كردووە كە تاچەند مەتر بۆ خەڵكە، بە نیسبەت بڕگەی یەكەم سێ سەدمەترەكە كێشەم نیە لەسەری، بە نیسبەت بڕگەی 2 ەوە، ئەگەر ڕووبەر لە 800م دووجا تێ پەڕ بوو، بە بێ قەرەبوو بەناوی شارەوانی و بە ناوی بەلەدیەوە تۆمار دەكرێ بە بێ هیچ تەعویزێك، بەڕاستی ئەمە كێشە لەناو دێهاتەكان دا دروست دەكات، چونكە لە دێهاتەكانی ئەو ناوچانەدا كە لە دەوروبەری شارن خەڵكی واهەیە لە باوباپیرانەوە بۆی ماوەتەوە، ئەرزی خۆیەتی، چەند ساڵە كردوویەتی بە زراعەت، ئێستا تۆ دێیت 800 مەتری تەنیا ئەدەیتێ باقی ئەرزەكە هەمووی ئەكەی بەناوی بەلەدیەوە، بەڕاستی ئەوە زوڵمێكی زۆرە لە

خەڵك دەكرێ، چونكە ئەو خەڵكە خوێنی خۆی داوە بەو ئەرزە، هەمووی ژیانی چەندین نەوە لەسەر ئەو ئەرزە ئیشی كردبێ و ڕەنجی تیایدا هەبێ و خەباتی تیادا كردووە لەو ئەرزە، ئێستا من دەیكەم بەناوی بەلەدیەوە، بەڕاستی لێرە حكومەت موقەسیرە، كە مەفروزە زووتر ئەو كارەی بكردبایە، نەك بگاتە ئەو حەدەی كە چەندین ساڵە و بەو هەموو خەباتەی خەڵكی ئەو لادێیانە كردوویانە و ئەو هەموو ڕەنجەیان داوە ئێستا ئێمە بچین ئەرزەكانیشیان لێ داگیر بكەین، بەڕاستی ئەوە مەفروزە موراعاتی واقعی حال بكرێ لەو دێهاتانەدا، لەبەرئەوە ئەبێ ئەو پارچانە بمێنێتەوە بۆ خۆیان و موراعاتی واقعی حالیان بۆ بكرێ، بڕگەی ئەخیر ئەوانەی پێشتر سوودیان لە شارەوانی وەرگرتووە بۆ تەملیك كردن بەڕاستی بە تەواوەتی من دژی ئەم بڕگەیەم، لەگەڵ ئەو بڕگەیە نیم ئەو كەسانە هەر بەهەمان شێوەی پێش ئەو خەڵكانەی كە وەك باسكران و برادەرانی تر باسیان كرد خەڵكی شارەكانن، كە ئێستا لە شارەكاندا دانیشتوون، ئەمانە ئەرزی باب و باپیریانە، موڵكی خۆیانە، ڕەنگە كاریان تیا كردووە ئەو ئەرزانە بووە بەواقعی حاڵ، پێویستە ئەو بڕگەیە لابرێ و هەر بە سعرێكی زۆر كەم بۆیان حساب بكرێ، لەبەرئەوەی هەموو لایەك دەتوانن سوودمەند بن لە پرۆژەكە، چونكە ئەگەر هاتو تەسهیلات لە جێ بەجێ كردنی ئەم كارە نەكرێ، ڕەدفعلی خراپ دروست دەبێ، بۆ حكومەتیش و بۆ خەڵكانیش كە كێشەیان بۆ دروست دەبێ و دەست خۆش، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەش بەحاڵی خۆم لە ساڵی پارەوە جارێكی تریش لای جەنابت دانیشتم باسی ئەو كێشەیە و زەوی و زارەم كردو شكلی تاپۆ كردن و تەملیك كردن، ئەو گوندانەی كە ئێستا بەشێكیان بوونە شارەوانی، بەشی زۆری لادێكان خانووەكانیان و حەوشەی خانووەكانیان نەك لە 300م زیاترە، لە دوو 800 م زیاترە، چونكە ئەو كاتە حەیوان و گاوگۆڵی هەبووە، شوێنی حەوانەوەی هەبووە، بە تەنیشتیشیەوە ئەو شوێنە و ئەو گوندانەی ئاوی تێدابووە و باخێكی هەبووە، ئێستا بووەتە شارەوانی، بۆ نموونە دەتوانم ئەوە بڵێم ژاراوە، ئێستا یەكێ لە موشكیلەكانیەتی كە بە گوند سەرفی عەقاریان داوەتێ و لەسەر 25 ملیۆن ئێستا ناحیەیە و داوای گەڕانەوەی 5 ملیۆنەكە دەكەن، بۆیە من پێموایە ناكرێ ئێمە حسابی 300م دەكەن، بۆیە ناكرێ هیچ ساحبی خانوویەك لە گوندێك دا كە ئێستا بووەتە شارەوانی حسابی ئەو مەساحە زەویە نەكەین كە تێیدایە، جا بە نیوەی دەیدەینەوە بە ¼ دەدرێتەوە، لە هیچ كاتێك دا ناكرێ ئێمە تەنها حساب لەسەر 300م بكەین بە سعری ڕەمزی و 800 م یش بە سعری ڕۆژانە، بۆیە ئەگەر ئەرزەكەی زۆر بوو، یەك/ حسابی كوڕ وكچی بكرێ و بیدرێتێ، دوو/ بە سعری بازاڕ نەبێ بە سعرێكی ڕەمزی بێ كە دەیاندرێتێ، دێمەوە سەر ئەو قسەیەی ئەو برادەرانەم بەشی زۆری تێكۆشەرەكانی شۆڕشی ڕزگاری

نیشتمانی خەڵکی کوردستان ئەکسەریەتیان خەڵکی لادێکانن، ئێستا ئەکسەری موتڵەقیان لە شارەکان دادەنیشن، بەهۆی ئەوەی کە تێکۆشەر بوون زەویان دراوەتێ، ئێستا تۆ دەگەڕێیتەوە بۆ گوندەکەی خۆیت، لەسەری تەملیك دەکەی، لەولاوە لەبەرئەوەی موستەفید بووە لە بەلەدیە تۆ دەبێ بە سعری ڕۆژ پێی بفرۆشی ئەمە زوڵمێکی گەورەیە، بۆیە ناکرێ لەنێو ئەو گوندانەی کە کەوتوونەتە شارەوانیەوە تەملیك کردن هەرگیز بە موستەفید حساب ببێ، چونکە ئەمە زەرەرێکی زۆرمان لێ دەدات و کێشەیەکی گەورە دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەخاڵی سێیەمی ماددەی 1 پشتگیری لە کاك قادر و کاك اسماعیل دەکەم لە قسەکاندا، بەڕاستی ئەو خەڵکە بەڕێزەی کە ئێمەش لە پەرلەمان لەگەڵی دا دانیشتووین و بەیانی قسە لەسەر ئەوە کرا، ڕەئی ئەوان بەهاترە، ڕەئی ئەوان ئەوەیە کە ڕێژەی ئەو ئیستفادە کە حساب دەکرێ، بە 10٪ هەژمار بکرێ و واتە ئەمە بۆ دادپەروەریە کە هەم بۆ ئەوەی کەوا نیسبەیەك دابندرێ کە کەسێك لە دوولاوە سوودمەند دەبێ، فەرقێك هەبێ لە گەڵ یەکێکی تردا، بۆ ئەوەی ڕێگریش نەبێ لە تەملیك کردنی ئەو مافەی خۆیان کەلەلادێکانە دەکرێ ئەم ڕێژەیەی کەوا 50٪ ی لیژنەی مالی قسەی لەسەر کردووە بە نیسبەیەکی زیاتر با بڵێین کەم بکرێتەوە کە ئەوەی ئێرە 10٪یە و ئەگەر 10٪ یش نەبێ ناکرێ 25٪ زیاتر بێ و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەبارەت بە خاڵی یەکەم بۆ تاپۆ کردنی 300م مکەو بەینی 800 م مکە، بەڕاستی هەمووومان واقعی هەرێمی کوردستانی خۆمان دەزانین و زۆرینە گوندەکان و قەزا و ناحیەکان تاپۆی نیە، ئێستا ئەگەر بێتە سەر ئەم حسابەی کە ئەمەیان بۆ تەملیك بکرێ ئەو ڕێژەیەی کە بۆی دادەنێ و بۆ تەملیك بکرێ و ئەوەشی کە تەملیك نەکرێ و پارەی لێ بسەنی بەڕاستی خەڵکی گوندنیشینی ئێمە حەقی خۆیەتی بڵێ من ئەمە لە باب و باپیرانمەوە بۆم ماوەتەوە و نیشتەجێ ی ئەو ئەرزەم و ئەو ئەرزە هی خۆمە، پێمان دەڵێن بە چ حەقێك ئێمە ئەو پارچە زەویەمان لێ زەوت دەکەن، خۆمان شارەزاین پێیان، یەعنی ئەوە حەقە، ئەو حەقە بدرێتەوە بە گوندنیشینەکان، لە خاڵی 2 سەبارەت بە سوودمەندبوون، دیارە ئەوانەی کە سوودمەند بوون، بە تەئکید وەکو هاوکارانم باسیان کردن، یان ئەوانەی کە لە گوندەکاندا نیشتەجێ بوون و ئێستا

سوودمەند بوون بۆ ئەبێ بە سوودمەند حساب بكرێ؟ ئەم گوندنیشینە لە سەردەمانێك دا كە كوردستانمان وێران بووەو بووە بە سووتماك و تەخت بووە و ڕاگوێزراونەوە و لە كاتێكیش دا كە ئاوەدان بووەتەوە ئەم چووەتەوە سەر زێدی باب و باپیرانی خۆی، ئێستا لەو حاڵەتانە ئەوەی كە سوودمەند بووبێ یان دەبێ كەسوكاری شەهید بووبێ ، یان دەبێ پێشمەرگە بووبێ، ئەمانە سوودمەند بوون، ئەمانە بە خوێنی خۆیان، بە هیلاك بوونی خۆیان و بەماندووبوونی خۆیان بە پلەی وەزیفی ئەو پارچە زەویەیان وەرگرتووە، بۆ ئەبێ بە سوودمەند حساب بكرێ، لەبەرئەوە منیش پشتیوانی ئەو هاوكارانەم دەكەم، كە بەسوودمەند حساب نەكرێن و حەقی خۆیان بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە كێشەی زەوی و زار و ساغ كردنەوەی موڵكداریەتی و سنووری شارەوانیەكان پێموایە كێشەیەكە كە هەموو كوردستانی تەنیوەتەوە بەداخەوە لە هەندێ جێگەش كێشەی نەخوازراوی لێ هین بووەتەوە، حەقە بەڕاستی ئێمە فراوانتر قسەی لەسەر بكەین و ئەوانە، من پێش ئەوەی كە پشتگیری لە قسەی ئەو بڕاردەرانە بكەم، من دوو پرسیار ئاراستەی ئەو سێ لیژنە بەڕێزە دەكەم، هەندێك گوند هەیە تاپۆیە لەسەر یەك شەخس، بە تاپۆ هەیەتی، تاپۆیە لەسەری، تەعویزی ئەو خەڵكەی كە خانووی كردووەتەوە لەسەری، ئەدرێ بەكێ، ئایا بەخاوەن تاپۆكە؟، كە گوندەكە تاپۆیە لەسەری یان شمولی ئەوانیش ناكات كە خانووەكە بەشەكەی ئەوەی كێشەیەكە، دوو/ پێش ساڵی 1991 لە سنووری هەموو دێكاندا مەرعا دانرابوو، بەڵام دوای 1991 لەبەرئەوەی گەڕانەوەی خەڵكەكە بۆ زێدی باب و باپیرانیان و زیاد كردنی خەڵك ئەو مەرعانە كرا بە خانووی نیشتەجێ، لە ڕەسمیاتی حكومەت دا ئەوە مەرعایە هی كەس نیە و حكومەت تەعویزی نیە، ئایا ئەو مەرعانەی كە خەڵك خانووی لەسەر كردووەتەوە، چۆن حسابی بۆ دەكرێ؟ من دێمە سەر ئەوەی مەسەلەی موستەفید و ئەوانە، من پشتگیری ئەو هاوكارانەم دەكەم بەڕاستی حەق نیە ئێمە مەسەلەی پێشمەرگە و شەهید و هەتا ئەوانەی كە فەرمانبەرن خەڵكی فەرمانبەر هەیە بەپلەی وەزیفی خۆی زەوی و وەرگرتووە و ئێستا لە شارەكان نیشتەجێ یە و یان لەلادێیەكە ئەرزی هەیە و ئەرزەكەی حكومەت داگیربكاتەوە و بە موستەفید حسابی بكەی، یەعنی ئەوە نازانم حەقیانەتێكی تیایە، بۆیە من پشتگیری ئەوە دەكەم ئەوانەی كە بە شەهید و بە پێشمەرگە و بە پلەی وەزیفی وەریان گرتووە بەڕاستی بە موستەفید حساب نەكرێن، وەكو باقی خەڵكانی دیكە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی شارەوانی، نەك وەڵامدانەوەیان، ئەگەر تێبینیەكتان هەیە،  فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئـەوەی زۆربـەی ئەنـدامان داوایـان کـرد کـە بـە موسـتەفید حساب نـەکرێ، بـە ڕەئـی ئێمـە لەبـەر بارودۆخێك کە وەزارەتـی شـارەوانیش خۆیـان لەگـەڵمان بـوون کـە ئەمـەمان دارِشـت لەبەرئـەوە بـا بخرێتـە دەنگدانەوە، بەس من وەڵام نادەمەوە، بەڵام تەنزیمی شار بە پێی قانونی تەنزیمی ئەمنیە کە لـە سـاڵی 33 ەوە لە عیراق دا کە تۆ گەڕەکێك، یـان دێیـەك دەچێتە نـاو شـارەوانیەوە دەبـێ ئـیتر بـە (حی مـن احیائها) یەعنی دەبێ بە گەڕەکێك لەوێ، لەبەرئەوەی ئەو کەسە زۆر سوود وەردەگرێ لـەوەی، یـەعنی ئـیتر قـانونی شـارەکەی لەسـەردا تـەتبیق دەبـێ، باسـی ئـەرز کـرا، یـەعنی دێکـان خۆتـان دەزانـن چـۆنە هـەمووی مەجموعەیەك ماڵ هەیە پەنجا مەتری هەیەو هەیە 800 مەتری هەیە، لەبەرئەوە بەو شێوە دارِێژراوە لە وەزارەت و شارەوانی و وەزارەتی شارەوانی و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی؟ کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە کە باس لـە تـەملیکی حـەرەمی قورا دەکـات بـۆ ئەسـحابی شـەرعی، دواتـر بەسـێ برِگـە باسـی لەسەر کراوە، باسی 300 م بە سعری ڕەمزی و 800م بە سعری حەقیقی، ئەم خانووە کە لەسەر حـەرەمی ئەم قورایە کرایە و تاپۆی نیە، ئێستا تەملیك دەکرێ بە گوێرەی ئەم یاسایە، ئەم یاسایە حەقێکی داوە بەو کەسـە بـۆ ئـەوەی تـەملیك بکـرێ بـە 300 مـەتری و 800 مـەتری، دوای 800 مـەتری بکـرێ بـەناوی بەلەدیەوە، ئەگەر هاتو ئەم زەویە ئەم کەسەی کە ئەم خانووەی کردبوو لەو کەسانە بوو کە خاوەنی حەقی تەسـەروف بـوو، ئـەم حـەقی تەسـەروفەی لێ دەسـەندرێتەوە و تـەنیا بـە 800م و ماتەبەقـەی دەکرێتـەوە بەناوی بەلەدیەوە و بەبێ عیواز ئەمە دەکاتە موخالەفەی یاسای حقوقی قانونی ئیتفا و حەقی تەسەروف، ئێمـە یاسایەکمان هەیـە باسمـان لەسـەری کـردووە، باسمـان لـە ئیتفـای حـەقی تەسـەروف کـردووە، حـەقی تەسەروف بە 12٪ و 20٪، بۆ موڵك سنفی زراعی بۆ موتەسەریف، بەواتا لێرە ئەو کەسەی کەلە حـەرەمی قورا تۆ 800 مەتری دەدەیتێ ما تەبەقەی مەحروم دەکەی لە باقی زەویەکەی تری کـە لـە ئەسـڵدا حـەقی تەسەروفی هەیە و ئەمەش موخالەفەیەکی سەریحی ساڵی 1969 ی قانونی مەدەنیە کەحـەقی تەسـەروف، حەقێکـە وەکـو حقـوقی موڵکیـەی کامیـل وایـە، تـەنیا حـەقی رەقەبـە نـەبێ دەوڵەتـە، دوو شـت نـاتوانێ موتەسەریف بکات، تەنیا وەقف ناتوانێ لەگەڵ وەسیەت لەسەری ماتەبەقا موڵکی خۆیەتی و لێرە بە 800م ئەدرێت بەو کەسە و ما تەبەقاکەی لێ دەسەندرێتەوە، ئەمە موخالەفەی قانونی ئیتفا و حەقی تەسـەروفە، فەقەرە 3 باس لە موستەفید دەکات، ئەگەر هاتو موستەفید خۆی مالیك بوو، موتەسەریف بوو لەسەر ئـەم زەویە، ئەکرێ زەویەکەی خۆی بە 10٪ و 20٪ و حەقێکی پێ بفرۆشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**لیژنەی دارایی؟ د.ئاراس فەرموو.**

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەنها تەوزیحێكمان هەیە بە حەقیقەت دەربارەی ئەو سعرەی كە ئێمە وتوومانە دابەزێ بە 50٪ مەبەستمان بە سعری سائید هەیە، كەسعری بازاڕە، یەعنی ئەمە كە ئەو نیسبەتەمان داناوە بۆ دابەزینە نەك بۆ بەرزبوونەوە، چونكە سعری سائید یەعنی سعری بازاڕ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**لیژنەی كشتوكاڵ؟ فەرموو.**

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پرسیار كرا باخەكان چی لێ دێت؟ تەبیعی یاسایەكی تر تەقدیمی پەرلەمان كراوە، كە تەعدیلی قانونێكی كۆنە، لەوە مەسەلەی زەوی و زارو باخەكان حەل كراوە.**

**دوو/ دەكرێت (150)یەكە لابرێت، كێشە لێرە ئەوەیە كە كاك عومەر باسی كرد، ئەو كەسەی كە تۆ دەڵێی (150 ) ئەو كەسە ئەگەر ئەرزەكەی ئیتفا كرا بێت حەقی خۆی دراوەتێ، ئەوەی عەقد بێت لە 3٪ی دەدرێتێ، ئەوەی موڵكی سرف بێت 20٪ی دەدرێتێ، ئەوەی موفەوەزە بێت 12٪ی دراوەتێ لە حەقی خۆی، ئەمە دیاری كراوە.**

**باس لەوە كرا كە هەندێك دێ بەناوی یەك كەسەوە هەیە، من وا تێدەگەم و ئەو ماوەیەی كە ئیشم كردووە بەپێی قانونی ژمارە (117)ی ساڵی 1975 ئەوانە هەمووی شمولی ئیصلاحی زراعی كردوون، باوەڕ ناكەم ئەگەر دێیەكی زۆر زۆر بچووك بێت، كۆنە دێ بێت، یان خەڵكی تیا نەبێت، ئەگینا دێ بەناوی یەك كەسەوە نەماوە.**

**باس لە كەم كردنەوەی سیعری سائید دەكرێت، وەكو باسم كرد، ئەو سیعری سائیدە، یان باسی شاغرین كرا، كە دەڵێت نابێت ئەصحابی شەرعیین، ئەگەر ماددەكە بخوێندرێتەوە دەڵێت (من الذین شیدوا علیها دور سكنیة وساكنین فیها)، یەعنی ئەوەی كە تیایەتی شمولی دەكات، بەڵام ئەو ئەرزەی كە خاڵیە لە دێیەكە دەبێت ساحێبە شەرعیەكەی بێت كە خانووەكەی پێ نەكراوەتەوە، حەز دەكەم یەك مولاحەزەی تریش بە خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان بدەم، من لە سلێمانی ئاگام لێیەتی، ئەو چەندە دێیەی كە كەوتۆتە سنووری شارەوانیەوە هەمووی تەوسیعی حدودی دێیەكە كراوە بە لیژنە، هەندێك كێشەشی تیا دروست بووە، تەوسیع كراوەو تەوسیعەكەش خەڵكێكی زۆر لێی موستەفید بوون و فرۆشراوەتەوە لێی و پێی دەوڵەمەند بوون، ئەو كەسانە كە دەڵێن تەوسیع نەكراوە لەوانەیە لە پێنج دۆنمەوە كرا بێت بە بیست و پێنج دۆنم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دووپاتی ئەوە دەکەمەوە تەسەوری ئێمە وا نەبێت، بەڵام ئەم یاسایە چارەسەری هەموو گرفتی زەوی و زار بە کشتوکاڵی و بە عەقدو بە شارەوانی و بە تەجاوزو هەرچ کێشەیە بەم یاسایە چارەسەر دەبێت، نە گوندێکی بچووك بێتە نموونە لە ناحیەیەك، سەیری ئەوەش بکرێتن کەوا گوندێك ئێستا لەناو شاری هەولێردا، لەناو شاری سلێمانیدا، ئەم گوندە کاتی خۆی هەر هەمووی تێکرا ئەگەر وا بوو سەیر بکرێت سیعری دوو پارچە زەوی ناکات لەوەی کەوا بە زەوی ناو شار بەیانی وەکو گەڕەکێکی شار سەیر دەکرێت، ئەم گوندە ئیصلاح دەکرێت، ئەم گوندە خەدەماتی بۆ دەچێت، دەبێتە بەشێك لە شار، دەبێتە بەشێك لە تەصمیمی شار، مەعامەلەی شاری لەگەڵ دەکرێت.

دووەمین/ ئەوەی کە باس دەکرێت، باسی ناو حەرەمی گوندە، واتا شوێنی نیشتەجێ بوونەکەیە، نەك مانای ئەوەیە یەکێك مولکی سرقی هەیە، یان عەقدێکی زراعی هەیە هەمووی لێ وەردەگیرێتەوە قەتعەیەکی (300) مەتری پێ دەدرێت و دەڵێ کاکە تۆ خواحافیزت بێت، ئەمە هیچ موتەزارب نییە لەگەڵ قانونی ئیتفاو قەرەبوو بەپێی ئەو نسەبانەی کە برادەران باسیان کرد، ئەوەی تر کە بەشێك لە برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان وەکو ئەوەی کە حکومەت نیەتی بێت و خەڵکی خاوەن مافەو پێشمەرگەیەو قوربانی داوە، ئێستا ئێمە عاردی لێ وەربگرینەوە، بەڕێزان، ئەم پڕۆژە یاسایە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزەوە پێشکەش کراوە، حکومەت داوای نەکردووە ئێمە عارد لە خەڵك وەربگرینەوەو گوندنشین دەردەکەین و پاداشتی نادەینەوەو، یەعنی بەڕاستی پێم زەرورە ئەمە بە جەنابیشتان بگات، بە خەڵکی کوردستانیش بگات، ئێمە داوای لێ سەندنەوەی زەوی و زارو مولکی گوندنشینەکان ناکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەم پڕۆژە یاسایە حەوت ماددەی ئەساسی تێدایە، یەعنی زۆر نییە ئیشی لەسەر بکرێت بە چەند سەعاتێك تەواو دەبێت، بۆیە داوا لە لیژنەکان دەکەین کە لەسەر سەکۆی گفتوگۆیەکان دانیشتوون لە ئێستاوە هەتا سبەی پاش نیوەڕۆ سەعات (5) بە یەکەوە دانیشن لایەنی مەعنی وەزارەتەکان بانگ بکەن، ئاخیر صیاغەو ئاخیر گەلاڵەی پڕۆژە یاساکەمان بۆ بێننەوە، بۆ ئەوەی لێرە موناقەشەی بکەین، تا سبەینێ سەعات (5)ی ئێوارە بە خواتان دەسپێرین هەربژین.

1- برهان رشيد حسن/ مۆڵەت.
2- بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ/ مۆڵەت.
3- حەمە سعيد حەمە على/ مۆڵەت.
4- پەیمان عبدالكريم عبدالقادر/ مۆڵەت.
5- سەرگوڵ رضا حسن/ مۆڵەت.
6- سۆزان شهاب نورى/ مۆڵەت.
7- جمال طاهر ابراهيم/ مۆڵەت.
8- صبيحە احمد مصطفى/ مۆڵەت.
9- بەفرين حسين خەليفە/ مۆڵەت.
10- پەیمان عزالدين عبدالرحمن/ مۆڵەت.
11- ليلى امير عاض/ مۆڵەت.
12- هاژە سليمان مصطفى/ مۆڵەت.
13- ڤيان عبدالرحيم عبدالله/ مۆڵەت.
14- ياووز خورشيد عثمان/ مۆڵەت.
15- عبدالله محمد امين/ ئامادە نەبووە.
16- سالار محمود مراد/ مۆڵەت.
17- ناسك توفيق عبدالكريم/ مۆڵەت.
18- ئاهەنگ عارف رؤوف/ مۆڵەت.
19- ئەڤين عمر احمد/ مۆڵەت.
20- خليل عثمان حمدامين/ مۆڵەت.
21- خورشيد احمد سليم/ مۆڵەت.
22- عبدالله حاجى محمود/ ئامادە نەبووە.
23- عماد محمد حسين/ مۆڵەت.
24- عمر صديق محمد/ مۆڵەت.
25- فاضل محمد قادر(بەشارەتى)/ ئامادە نەبووە.
26- كاروان صالح احمد/ مۆڵەت.
27- هاوڕاز شێخ احمد/ مۆڵەت.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

ئێستاش دێینە سەر بەرنامەی کار بۆ بەردوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای تەملیك کردنی ئەو گوندانەی کەوتوونەتە نێو سنووری شارەوانییەکانەوە، لیژنە تایبەتمەندەکان فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، واتا سەکۆی لیژنەکان.

بەڕێزان، خۆتان دەزانن ئێمە دوێنێ دانیشتنەکەمان دواخست بۆ ئەمڕۆ سەعات (5)ی ئێوارە، بۆ ئەوەی لیژنە هاوبەشەکان بە یەکەوە دابنیشن بگەنە دارشتنێکی هاوبەش، سوپاسیان دەکەین، دیارە ئەمڕۆ هەموویان دانیشتوون راپۆرتێکی هاوبەشیان نووسیوە، کە هەموویان لەسەری ئیتیفاقیان کردووە، بۆیە ئێستا داوا دەکەین لیژنەی قانونی راپۆرتەکە بخوێنێتەوە، فەرموو لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی شارەوانی و لیژنەی کشتوکاڵ و لیژنەی دارایی ئەمڕۆ بەیانی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان ئەنجامدا لە سەعات (9) دەستی پێ کرد هەتا (1:30)ی پاش نیوەڕۆ، توانیمان ئەو راپۆرتە هاوبەشە ئامادە بکەین، ئێستا دەخوێنمەوە، پێشنیارم ئەوەیە دوای خوێندنەوەی راپۆرتەکە ئەوە ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە کردن لەسەر پرۆژەکە، واتا ئەو راپۆرتە جێگای هەرچوار راپۆرتی لیژنەکان دەگرێت، کە چوار لیژنەی پەرلەمان پێشکەشیان کرد بوو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير مشترك حول مشروع قانون**

اجتمعت اللجان الشؤون القانونية والخدمات البلدية والنقل والاتصالات والسياحة والزراعة والرأي والمالية والشؤون الاقتصادية بصورة مشتركة صباح يوم الثلاثاء 29/گەلاریزان/2711 كوردي المصادف ليوم 2012/11/20 ميلادي لدراسة (مشروع قانون تمليك حرم القرى الواقعة داخل حدود البلديات)، بحضور ممثلي وزارات البلديات والسياحة والزراعة والموارد المائية والعدل، لتقديم تقرير مشترك بشأنه. وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجان الى إعادة صياغة المشروع بالشكل الآتي، لذا تقترح اللجان، وتوصي بجعل هذا التقرير المشترك أساساً للمناقشة:

**الديبــاجة**

استناداً لأحكام المادة (1/56) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل ، و بناءً على ما عرضه العدد القانوني لأعضاء البرلمان، قرر برلمان كوردستان بجلسته الاعتيادية المرقمة ( ) والمنعقدة بتأريخ ( / /2012) تشريع القانون الآتي:

**قانون رقم ( ) لسنة 2012**

## قانون تمليك الدور السكنية الواقعة داخل القرى وحرمها
## ضمن حدود البلديات في إقليم كوردستان - العراق

**المادة الأولى:**

تملك الدور السكنية الواقعة داخل القرى وحرمها والدور التي آثار أبنيتها قائمة (خرابة) ضمن حدود البلديات، والتي لم يتم تمليكها لأصحابها لغاية صدور هذا القانون، حسب التصاميم الأساسية للبلديات على النحو التالي:

1- تملك مساحة الأرض لحد (300/م$^2$) بسعر رمزي، وما زاد عن ذلك ولحد مساحة (800 /م$^2$) بسعر (50٪) من السعر السائد للمحافظة، و (25٪) للقضاء، و (10٪) للناحية.

2- اذا زادت المساحة عن (800 /م$^2$) تسجل المساحة الزائدة بإسم البلدية المعنية بدون عوض.

3- يتم تمليك المستفيدين من البلدية سابقاً بسعر (10٪) من السعر السائد.

**المادة الثانية:**

1- تشكل لجان في الوحدات الأدارية برئاسة رئيس الوحدة الادارية وعضوية ممثلي الدوائر للوزارات المالية والاقتصاد والبلديات والسياحة والزراعة والمواردالمائية والعدل، لدراسة وإقرار الطلبات المقدمة بالتمليك بموجب أحكام هذا القانون وتقدير الأسعار الرمزية والأسعار السائدة حسب القوانين والأنظمة النافذة، وتكون قراراتها قابلة للطعن لدى اللجنة العليا المشكلة في الفقرة (2) من هذه المادة خلال مدة (30) ثلاثين يوماً من تأريخ تبليغ الشخص المعني بالقرار.

2- تشكل لجنة عليا في مراكز المحافظات برئاسة قاضي وعضوية ممثلي وزارات البلديات والسياحة والزراعة والموارد المائية والماليةوالاقتصاد والعدل لدراسة وتدقيق ومصادقة القرارات الصادرة من اللجان الفرعية المشكلة بموجب أحكام هذا القانون بخصوص إقرار الطلبات المقدمة بالتمليك والتقدير وتكون قراراتها باتة.

### شـروط التـمـليك

⋆ ملاحظة: هناك رأيان بشأنها:

(الرأي الأول: تقترح الصياغة التالية):

**المادة الثالثة:**

1- أن يكون الدار مخصصاً للسكن و واقعاً في حرم القرية داخل حدود البلديات.

2- للمشمول بأحكام هذا القانون أو ورثته الشرعيين تقديم طلب التمليك الى اللجنة المختصة المشكلة بموجب أحكام هذا القانون خلال مدة (6) ستة أشهر من تأريخ تشكيل اللجان المختصة المشار اليها في الفقرة (1) من المادة الثانية من هذا القانون.

(الراي الثاني: يقترح بجعل المدة سنة واحدة بدلاً من ستة أشهر).

**المادة الرابعة:**

1- اذا لم يقدم المشمول بأحكام هذا القانون طلبه بالتمليك خلال المدة المحددة في (المادة الثالثة) من هذا القانون، أو لم يسدد بدل التمليك المقدر من قبل اللجنة، يسقط حقه في التمليك ويسجل العقار أرضاً وبناءً بأسم البلدية المعنية.

2- للبلدية المعنية التصرف بالعقار الوارد في الفقرة (1) أعلاه وفقاً لقانون (بيع و أيجار أموال الدولة رقم (32) لسنة 1986 المعدل) النافذ في الإقليم، مع مراعاة تسديد قيمة المشيدات لصاحبها مستحقة القلع.

**المادة الخامسة:**

1- اذا رفض طلب التمليك بسبب مخالفة موقع العقار للتصاميم الأساسية للمدن تقوم البلدية المعنية بتخصيص قطعة أرض سكنية ملائمة بمساحة لا تزيد عن (300/م$^2$) ضمن حرم القرية إن وجدت و يجري تمليكها للمشمول بأحكام هذا القانون.

2- في حالة عدم توفر القطع السكنية للتعويض حسب الفقرة (1) أعلاه يتم تعويض المشمولين بقطع سكنية مماثلة ضمن حدود أقرب بلدية.

**المادة السادسة:**

على وزارة البلديات والسياحة إعداد التصاميم والمستلزمات الفنية اللازمة للمناطق المشمولة بأحكام هذا القانون خلال مدة أقصاها سنة واحدة من تأريخ نفاذه.

**المادة السابعة:**

تطبق أحكام هذا القانون على القرى التي ستدخل مستقبلاً في حدود البلديات.

**المادة الثامنة:**

على وزارة البلديات والسياحة إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة التاسعة:**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**المادة العاشرة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الحادية عشرة:**

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## " الأسباب الموجبة "

بالنظر للتوسع العمراني الذي تشهده المدن في إقليم كوردستان بوقوع كثير من الدور المشيدة ضمن حدود التصاميم الأساسية في حرم القرى الداخلة ضمن حدود البلديات، ولغرض تمليكها لأصحابها حفاظاً على مصالحهم والمصلحة العامة. فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالأطلاع وعرض التقرير المشترك على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت. مـــع التقــدير....

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، مادام ئەو راپۆرتە هاوبەشە بووە ئەساس، پێشنیار دەكەم بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی موناقەشە لەسەر ئەو راپۆرتە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە كێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەم راپۆرتە هاوبەشە بكرێتە ئەساس بۆ موناقەشە كردن دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ ئەم راپۆرتەی كە خوێندرایەوە دەبێتە ئەساسی موناقەشە كردن، فەرموون لیژنەی یاسایی مادده بە مادده بیخوێننەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی بكەین.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەكان، عینوانی قانونەكە، چونكە دوێنێش لە كۆبوونەوەكە باس لەوە كرا، عینوانەكە بەو شێوەیە:

(قانون تمليك الدور السكنية الواقعة داخل القرى وحرمها ضمن حدود البلديات في اقليم كوردستان – العراق).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوێنێش زۆر موناقەشەی ئەوە كرا، دیارە لیژنە هاوبەشەكان ئەمەیان صیاغە كردووە بە هاوبەشی هەموو لایەك، ئەمڕۆ حەق نییە موناقەشەی لەسەر بكرێت، كێ دەیەوێت قسە بكات فەرموو با ناوی بنووسین؟ فەرموو كاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە رەئی من عینوانەكانی قەوانین پێویستی بە نیقاش كردن ناكاتن، چونكە ئەوەلەن هیچ حوكمێك لەسەری تەرتیب نابێت، نە ماددەیەكی قانونیە، زۆر قەوانینیش هەیە بەس رەقەم و تاریخی تێدایە بەبێ عینوانە، ئەسڵەن عینوان بۆ ئیستیدلالە، ئەگەر بێتو یەكێك موحتاجی بە قانونێك هەبێت لە عینوانەكە بزانێت كامە قانونە، عینوان هیچ ئەسەری نییە، هیچ حوكمێك لەسەری تەرتیب نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە صیاغەی عینوانەکەمان بەو شێوەیە داڕشتووە لەگەڵ لیژنەی هاوبەش، بەڵام ئێمە پشتگیری لە قسەکانی کاك فرسەت دەکەین، فیعلەن پێویست بە موناقەشە ناکات، گرنگ ناوەڕۆکی قانونەکە ئەساسە بۆ حوکمی قانونەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە ئەو قسەیە سەبارەت بەوەی هیچ حوکمێکی لەسەر تەرتیب نابێت، بەڵام ئەگەر ناوی یاساکە لەگەڵ ناوەڕۆکەکە نەگونجێت، پێویستە گفتوگۆ بکرێت، ناوەکە باس لەوەی دەکات ناوەڕۆکی یاساکە ئەو گوندانەی کە بوونە بەشێك لە سنووری شارەوانی، واتا گوند نەمان، لەبەر ئەوەی کە بووە بەشێك لە سنوورو داخیلی سنووری شارەوانی بوو، دەبێتە گەڕەك لە گەڕەکێکی شارەوانی، ناوی گوند هاتووەو ناوی سنووری شارەوانیش لەناو یاساکە هاتووە، بۆیە پێویستە رێك بکەوین لەسەر ئەوەی باس لەو گوندانە دەکرێت کە لە عەرەبیەکە بکرێتە (ضم)، نەك (تدخل ضمن حدود البلدیات)، چونکە ئێستا قورا نەماوە بووە گەڕەك لە گەڕەکانی قەزا، یان ناحیە، شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو، تکایە بە موختەسەری.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەتوانین لە هەمان ماددەی یەکیش قسە بکەین، بزەبت ئەم مولاحەزەیە (لیست هناك قری ضمن حدود البلدیات)، ئینجا تاکو تەعدیلی بکەین من پێشنیار دەکەم (التي ضمها الی حدود البلدیات او التي تم اطفاءها)، شتێکی وا بڵێین (القری) دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو لەمەودوا لە زیمنی حدودی بەلەدییە، قورا نییە لە حدودی بەلەدییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیری داد رەئیت؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەگەر تەماشای دیباجەی تەقریرەکە بکەین زۆر بە رێك و پێکی هاتووە دەڵێت (قانون تملیك حرم القری الواقعه داخل حدود البلدیات)، لە ئەخیری دەڵێت (قانون تملیك الدور السکنیه الواقعه داخل

القـرى وحرمهـا) بـه قەناعـەتى مـن خەلەلەكـە لێرەيـە، داخيـل قورايەكـە ڤيتعـەو موقاتەعـەی قەريـە دەگرێتەوە، ئێمە ئێستا ئەو بەندە موناقەشـە دەكـەين كـە پەيوەنـدی بـەو حـەرەمی گوندانـەوە هەيـە، كـە داخيلی حدودی بەلەدييە بووەو چارەسـەری بـۆ نەدۆزراوەتـەوە، بـەم ياسـايە ئێمـە دەمانـەوێت تـەمليكيان بكەين، بۆيە بە قەناعەتی من ئەوەی لە ئەسڵی مەتنی راپۆرتەكە هاتووە ئەمە ببێتە ئەساس بـۆ عينـوانی ئەو قانونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزيری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزيری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منيش پێشينار دەكەم هەر ئەو داخيلی قوراو حەرەم هەردووكی نەمێنێت، ببێتە (الدور السكنية والواقعـة داخـل حـرم القـرى ضـمن حـدود البلـديات في اقلـيم كوردسـتان)، ئـەوەی كـە قەريـەش لـە داخيلـی حـدودی بەلەدييەدا، بەڵێ مەوجودە، هەيە لە واقيعدا، راسـتە داخيلـی حـدودی بەلەدييـەی بـووە، بـەلاَم لايـەزاليش پێی دەگوترێت قەريەو تەسميەكەشی نەگۆڕاوە، حەرەمەكەشی ماوەو وەكو قەريەش تەسەروف دەكات، نەك وەكو گەڕەك، ئەميشيان هەيە، ئەويشيان هەيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ليیژنەی هاوبەش دوا رەئيتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە دەڵێت حەرەمی قورا، ئەم ياسايە كە دەردەكرێت عيبرەتی ئەوەيە لەلای خۆمان پێی دەگوترێت ئـاوايی، يەعنی ئـەو خانووانـەی بـەگوێرەی خەريتـەی كاديسـتۆ لـە ئەسـڵدا تەخصـيص كـراوە بـۆ سـەكەنی خـەڵكی دێيەكە، ئا ئەمەيە كە كەوتۆتە سنووری بەلەدييەكانەوە تـەمليك بكرێـت، قەصـد لـەوانی تـر نييـە، لەبـەر ئەوە پێويستە ئەوەی كە جەنابی كاك شێروان و جەنابی وەزيری شارەوانی باسيان لەسـەر كـرد تەمليكەكـە حەصر بێت لەسەر حەرەمی قورا، ئەگەر حەرەمی قورا نەبێت بێينـە سـەر تەصـميمەكانی بەلەدييـە، ئـەو تەصميمانە بۆ ميسال شاری سلێمانی بيست كليۆ مەتر ماستەر پلانی بۆ دانراوە هـەتاوەكو سـەيتەرە، ئـەوە بۆ موستەقبەل بۆ تەوەسوعە، ناكرێ ئێمە بەو نەهجە بڕۆين، ئەگەر بەو نەهجە بڕۆين هەموو زەويەكانی دێكە بەناوی حەرەمەوە ئەخرێتە ناو تەسميمی ئەساسيەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی هاوبەش دوا ڕەئيتان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەكە بەو شكلە دەبێ، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قبوڵی بكەن.

قانون تملیك الدور السكنیة الواقعة في حرم القرى ضمن حدود البلدیات في اقلیم كوردستان -العراق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو سیغەیەی كە خوێندرایەوە، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 48 كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، تەنیا 5 كەس لەگەڵدانیە، كەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بڕۆن بۆ سەر ماددەی یەك.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة اولى:

تملك الدور السكنیة الواقعة داخل القرى وحرمها والدور التي اثار ابنیتها قائمة (خرابة ضمن الحدود البلدیات والتی لم یتم تملیكها لاصحابها لغایة صدور هذا القانون حسب التصامیم الاساسیة للبلدیات على النحو التالی:

اولاً: تملك مساحة الارض لحد 300م2 بسعر رمزی وما زادت عن ذلك ولحد مساحة 300م2 بسعر 50٪ من السعر السائد للمحافظة و25٪ للقضاء و 10٪ للناحیة.

ثانیاً: اذا زادت المساحة عن 800م2 تسجل المساحة الزائدة باسم البلدیة المعنیة بدون عوض.

ثالثاً: یتم تملیك المستفیدین من البلدیة سابقاً بسعر 10٪ من السعر السائد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان شت لەماددەی یەكەمدا دووبارە بۆتەوە، وەكو ئەوەی كە لەناو یاسایەكەدا هاتووە، بۆیە ئەویان چاك بكرێتەوە، وەكو ناوەكەی لێ بكرێتەوە بەنیسبەتی ماددەی یەكەم، بەنیسبەتی تەقدیرات ئێمە هیچ تێبینیەكی وامان نیە، هی خاڵی سێیەم كە دەڵێت (یتم تملیك المستفیدین من البلدیة سابقاً بسعر 10٪ من السعر السائد.)بەڕاستی ئەمە مەوزوعی خاوەنداریێتی هی گوندە، ئێمە دوێنێش ڕەئیەكمان دا لەسەر كردنەوەی كەدوێنێ زۆر زیاتر بوو لەمە، من پێشنیار دەكەم كەوا ئەسڵەن سعر بۆ موستەفدینیش نەمێنێت، چونكە ئەمە خاوەنی قتعەیەكی عەردە، ئەم گوندە سەدان ساڵە ئەم كابرایە لەسەری دانیشووە، خانووی لەسەر دروست كردووە، سعر بۆ عاردی ئەویش دانەندرێت، موستەفید و غەیری موستەفید

**حیسابی موستەفیدی لەسەر نەکرێت و بۆی تەملیك بکرێت، وەکو ئەوانی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، شێرزاد حافظ، کوێستان محمد، کاردۆ محمد، اسماعیل محمود، ئارام قادر، احمد وەرتی، پەیام احمد، سەرهەنگ فەرەج، شوان کریم، شڤان احمد، ڕۆژان دزەیی، قادر احمد، شەونم محمد، ڕازاو محمود، عبدالسلام مصطفی، فەرمان عزالدین، عبدالرحمن حسین، تەبعەن ئەگەرچی دوێنێ موناقەشەتان لەسەر ئەو مەوزوعە کرد، ماددەی یەکەم زۆر موناقەشەی لەسەر کرا، بەڵام چی بکەین زیاتر لە 10 کەس ناوی خۆی نووسیوە، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرمووو کاك شێرزاد.**

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە منیش لەگەڵ ئەوەدام کە لە ماددەی یەکەم لە حەرەمەکە لابرێت، چونکە من لە لیژنەکە لە ناوی قانونەکە ئەوەمان لابردوو و کۆتایی پێهات، دووەم، بەڕاستی ئێمە زۆربەی زۆری گوندەکانمان دیوە، گوندەکانمان هی وایان هەیە بەس دەورەکەیان هەشت سەد مەترە، ئەم مەترانەی کە دانراوە 300 و 800 و ئەوانە، بەڕاستی کەمە، ئەبوایە بۆیان زیاد بکرێ، ئەو 800 زۆر کەمە، 800 زیاتر بکرێ بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی دێیەکە خۆی بێت، سێیەمیش بایی ئەوەی لە 10٪ کە لابرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکا دەکەین موراعاتی وەقت بکەن، دوو دەقە قسە بکەن، ئێمە تەحدیدی ناکەین بەڵام تکایە بە کەمترین کات تەعبیر لە رەئیەکانی خۆتان بکەن، کوێستان خان فەرموو.**

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش پشتگیری قسەکانی کاك شێرزاد دەکەم، دوێنێش هەمان شت کۆمەڵێك ئەندام ڕەئیمان وابوو کۆمەڵێك موستەفید بووە، هەر ئەیەوێت پارە بێت، ئەمڕۆ هاتۆتەوە ئێرە نازانم، بەڵام پێویستە لابرێت ئەو برگەیە، چونکە دوێنێش ڕەئیمان وابوو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك کاردۆ فەرموو.**

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەمڕۆ لە لیژنەی هاوبەش هەر ڕەئی ئەوەبوو کە ئەو خاڵی سێیە مەنێنێت، لای چەند برادەرێك یەعنی بە عەقڵیە ئەو پێشنیارە هەبوو، بۆیە ئەمە لە لیژنەی هاوبەش نیە، داواکارم کە لابرێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەم لەسەر خاڵی یەکەم، من پێشنیار دەکەم لە جیاتی 300م ببێتە 400م، 300م کە ڕەنگە ئەوەندە ئیستیفادەی لێ نەکرێت، ببێت بە 400 م، چونکە کاتێك مادام 800م بە پارە دەیدەیتێ، 400م پێشتر بدەی، پێشنیاری دووەم ئەوەیە کە ئەو 800م کەلە ناحیەکان دێت لە 10٪، ئەو قەزاو ناحیانەی کەبەبەر ڕاگواستن و شالاّوی ڕاگواستن بوونە، قەزاو ناحیەکان وێران بووینە، ئێستا خەڵك لەسەر حیسابی خۆی گوندو ناحیەکانی ئاوەدانکردۆتەوە، کە مەفروز بوو دەبوایە حکومەت دروستیان بکاتەوە، ناکرێ ئەوەش عەفو بکرێت لە 10٪ش بەبێ موقابیل بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من ئەڵێم خاڵی سێیەم کە باس لە قەرەبوو کردنەوە بێ، واتە ئەوەی لە 800م زیاتر بێ قەرەبوو دەکرێتەوە، ئەوە وادەگەیەنێ ئەو گوندانەی کە نزیکی شارەکانە ئیتر هەمووی تەسجیل بکرێ بەناوی بەلەدیەوە، یەعنی بەبێ قەرەبوو کردنەوە چۆن ئەبێ، لەکاتێك کە چەندین ساڵە ئەو خەڵکە ئەرز و ئاوی خۆیەتی، ئێستا دەڕواتە چوارچێوەی بەلەدیەکەوە، بەلاّم ئێستالە نەخشەی ئەو بەلەدیە تەنها زیاتر لە 800م لە 50٪ی پێ ئەدرێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم بە قەرەبوو بێ، چونکە مافی خۆیەتی و زەوی خۆیەتی، خاڵێکی تریش ئەوەی کە کاك اسماعیل باسی کرد، پشتیوانی لێ دەکەم، ئەو شارو شارۆچکانەی کە وێران کراون لەوەو پێش، ئەوانیش بە هەمان شێوە هیچ پارەیان لێ وەرنەگیرێت، ئەوەی قەزاو ناحیەکان، هەتا ئەوانەی کە بەو شێوەیە نەبێ، پەسەند کردنی ئەو یاسایە نرخی زەوی زۆر زۆر بەرز دەکاتەوە، وای لێ دەکات ئەوانەی کە زەوی وەردەگرن لە 15٪ و 25٪ ی لێ وەردەگیرێت، هەر خۆزگەی دەخواست هەر تاپۆ نەکرابوایە، لەبەر ئەوە هەمووی بکرێت بە 10٪، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەخاڵی دووەم،(وما زادت المساحة عن 800م2) بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم ئەو زەویانەی کە لەناو حەرەمی گوندەکانن، ماوەتەوەو نەکراوە بەخانوو، ئەوانە بەهەمان شێوەی خانووەکە لەسەر خاوەنەکانیان

تەمليك بكرىٚ، بە مەرجێك لە چوارچێوەی نەخشەی بنەڕەتی شارەوانيەكە بەدەر نەبێت، واتە بەبێ بەرامبەر، خاڵی سێيەميش لەگەڵ ڕای بەڕێز وەزيری شارەوانيم كە ئەو خاڵە لابرێت، چ ئەوانەی كە موستەفيد بوونە يان موستەفيد نەبوونە، هيچ جياوازی نەكرێت لەنێوانيان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەيام خان فەرموو.

**بەڕێز پەيام احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام كە خاڵی سێ نەمێنێت، موستەفدين، هەر پشتيوانی قسەكانی هاوكارانم ئەكەم، (تملك مساحة ارض حتى 300م2 بسعر رمزی) يەعنی بۆ ئەو سعرە ڕەمزيە هين بكرێ، يەعنی هەر ئەوەندە رسومات و شتەكانيان لێ وەربگيرێت و ئيتر هيچ سعرێكيان بۆ ئەوە نەكرێت، هەر ئەوەندە ڕسوماتەكە چەندە ئەوەندەيان بۆ دابين بكرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتيوانی ماددەكە ئەكەم بە گشتی، بڕگەی يەك و دوو، قسەكە لەسەر بڕگەی سێيە، ئەگەر بڕگەی سێ بەو شێوەيە بمێنێتەوە، هەڵەيەك هەيە، ئەبێ بڵێين پاش بڕگەی يەكەمی ماددەی يەكەمی بەسەردا تەتبيق دەبێ، ئينجا لە 10%كە زيادەشی لێ وەربگرێت، من لەگەڵ ئەوەدام ئەوەی موستەفيدە جيا بكرێتەوە، چونكە موستەفيد كە ئەڵێين موستەفيد، يەعنی پێشتر سوودمەند بووە، ئيستيفادەيەكی كردووە، يەعنی چی جيا نەكرێتەوە، ئێمە ئيقتيراحمان كرد كە ئەگەر بەنيسبەتێكی زۆر زۆر ڕەمزيش بێ ئەوە جيا بكرێتەوە لە كەسێك كە موستەفيد نەبووە، بەڵام ئەگەر بێينە سەر ئەوەی كە موستەفيد بوون چيە و چی نيە، ئەوە مەوزوعێكی ترە، كابرا ئێستا لەشارەكان لەسەر ئەرزی باب و باپيری لەخانووی باب و باپيری، ئێستا كە بەماددەی 241 بە قەراری 241 بۆ نموونە، خانووەكەی بۆ تاپۆ دەكەن، بە موستەفيد حيسابی دەكەن، ئەمە غەدرە بەڕاستی نابێ بە موستەفيد حيساب بكرێ، يەعنی ئەمەش ورد كردنەوەی ئەوێ، بۆيە من لەگەڵ ئەوەدام موستەفيد بوون لەبەينی قەوسێك من تێبينيم هەيە لەسەر موستەفيد، يەعنی لە كوێ و لەكوێ موستەفيد؟، بەڵام جياوازيەك بكرێ لەگەڵ ئەوەی كە موستەفيد بووە، لەگەڵ ئەوەی كە موستەفيد نەبووە، ئەگەر بەشتێكی ڕەمزی، ئێمە ئەگەر بشيهێنين بۆ لە 5% بەس ئەو جياوازيە بكەين كە خەڵك هەست بكات كە ئەگەر موستەفيد بووبێ حيسابێكی جياوازی لەگەڵ كراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم مـن پشـتگیری ئـەو پێشـنیارەی كـاك اسماعیـل دەكـەم، كـە ئـەو 300م بكرێـت بـە 400 م، دووەم بەهێنانەوەی نموونەیەكی ساكار من پرسیارێكم لەلیژنەی هاوبەش هەیە، لە دێیـەكان دوو بـرا دوو پارچـە زەویان بۆ ماوەتەوە لە باب و باپیرانیان، لـە باوكیانـەوە بۆیـان ماوەتـەوە، یـەكێكیان توانیویـەتی بیكات بـە خانوو، ئەوەی دیكە هەر بـە زەوی ماوەتـەوە، مەسـیری خـاوەن زەویەكـە چـی ئـەبێ لەمـە؟، یـەعنی ئەگـەر خانووی لەسەر نەكردبێ و نەبێت بە موڵكی، ئەی هەقی ئەو كەسە كە زەویەكەی لـەو دێیەدایـەو كەوتۆتـە سەر سنووری شارەوانیەوە، چی لێ بكات، یەعنی مەسیری چیە؟، تكام وایـە ئـەو پرسـیارە وەڵامـم بدەنـەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك شوان دەستی پێش خست لەو نوقتەیەی كە من باسی دەكەم، هەقیقەتەن ئەو خەلەلێكـە، لـە ساحێبی ئـەو قەتعانـەی كـە لـە نـاو خانووەكانـدا مـاون، چـونكە ئـەو قەتعـە موتەبەقیانـەی كـە لـەناو ئـەو جێگـا سەكەنیانە ماون، هەمان حوكمی ئەو خانووە یان ئـەو خـانووە خراپەیـە كـە تێـك دراوە، هـیچ فـەرقی نیـە وەكو كاك شوان گوتی، چونكە هی ئەو كابرایەیە كە نەیكردۆتە خانوو، هەمان حوكمی بەسەر دا جێبـەجێ دەبێ، ئەمە ئیزافە بكرێ بە ڕەئی مـن، ئـەو قتعانـەی كـە لەبـەینی خانووەكانـدا مـاون، ئیزافـە بكـرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیەو ماددەكانی تر، پێویستە ئێمە جیاوازی بكەین لـە نێـوان ئـەو كەسـانەی كـە تـەجاوز دەكەن، موتەجاوزن لەنێوان ئەو كەسانەی كە خاوەن موڵكن، ئێستا ئێمە هەوڵ دەدەین موڵكی خۆیتیان بـە پارە پێیان بفرۆشینەوە، بۆیە بەكاتی دانانی ژمارەكان لەمەساحەو نرخەكان، ڕەچاوی ئەوە بكـەین، ئـەوەی موتەجاوزە حكومەت پارەی دەداتێ، زەوی دەداتێ بۆ ئەوەی خانوو دروسـت بكـات، ئێسـتا ئێمـە پـارەو نـرخ دادەنێیین و حیسابی مەساحەو و مەتر و دۆنم، لەگەڵ خاوەن موڵك دەكەین، سـەبارەت بـە مـاددەی یەكـەم وشەی (خرابە) لابردێت، لە ڕیـزی دووەمـی ماددەكـە (حسب التصمیم الاساسی للبلـدیات) ئایـا تەسـامیمی ئەساسی ئەوە دادەندرێت كە خشتەی كشتوكاڵی و ئـەو زەویانـەی كـە تـەرخان كـراون بـۆ خـەڵكی گوندەكـە

کەوا خانووی لێ دروست بکەن، ئەگەرنا دەبێ ئەوخشتەیە زیاد بکرێ، (بموجب خارطة کاسترو وبین مساحة ارض مخصصة لانشاء دور اهالی القریة) تاوەکو جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو کەسانەی کە خانوویان دروست کردووە لە گوندەکان، بەتەجاوز لەسەر زەوی کشتوکاڵ، ئەگەرنا ئەوانیش موستەفید دەبن وەکو خاوەن موڵك، سەبارەت بە برگەی یەکەم، منیش پشتگیری لە کاك اسماعیل دەکەم کە ئەو مەترانە زیاد بکرێن مەساحەکەی، 300م بکرێتە 400م و 500م، ئێمە لەسەر نرخی لە 50٪ زۆرینەی لیژنە رێك نەکەوتووین کە 50٪ بێت، لە 25٪ رێك کەوتبووین، بەڵام دواتر نازانم ئەو برگەیە بۆ زیاد کرا، ئەگەر پارە داوا دەکرێت بەو نرخە زۆرە بە 50٪ نرخی بازاڕ، ئەوە پێویستە عەرەسەش بگرێتەوە، نەوەك هەر تەنیا خانوو، چونکە لەبەر ئەوەی ئەوان زەرەرمەند دەبن، موڵکی خۆی بە پارە پێ دەفرۆشیەوە، سەبارەت بەخاڵی سێیەم، ئەو خاڵە زیادە، ئێمە هەردوو لیژنە رێك کەوتین کە موستەفدین لابدرێت، بەهیچ شێوەیەك لەوانەیە مامۆستایەك لەگوندێك لەبەر ئەوەی پیشەی مامۆستایە پارچە زەویەکی وەرگرتبێ، ئێستا خانووەکەی خۆی کە لەباب و باپیران بۆی بەجێماوە، لەبەر ئەوەی تۆ مامۆستای و زەویت وەرگرتووە، موستەفید نی و ناتوانی بە پارەش خانووەکەی خۆت بکڕیەوە، یەعنی ئەوە غەدرێکی زۆر لەو کەسانە دەکرێت، بۆیە خاڵی سێیەم هەردوو لیژنە رێك کەوتین کەوا نەمێنێت ئەو خاڵە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك قادر فەرموو.**

**بەڕێز قادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە بە بڕوای من موشکیلەیەك چارەسەر دەکات و موشکیلەیەك دروست دەکات، بۆ شارەوانی پارێزگاکان، ئێستا حدودی پارێزگای سلێمانی، یان هەولێر یان دهۆك، کە دێهاتەکان کەوتوونە زمنی شارەکانەوە، ڕەنگە چارەسەرێکی گونجاو بێ بۆیان، بەڵام بۆ ئەو گوندە تازانەی یان ئەو ناحیە تازانەی کە ئێستا بوونە ناحیە، یان بوونە شارەوانی موشکیلەیەك دروست دەکات، چونکە ناحیە تازەکان یان شارەوانیە تازەکان، مەساحەی خانوویەك لەگوندێکدا بە باخێك زیاترە لەو مەساحەی کە ئێستا هەیە، ئەوە یەك، دوو، کاتێك ئەمە بۆتە شارەوانی یەك کۆمەڵ زەوی و زاری نیشتەجێ بوونی تێ کەوتووە، دابەش کراوە بە دەستی خەڵکەکە خۆیەوە، هەیە کڕیویەتی، هەیە ماوەتەوە، بۆیە ئەوە موشکیلە دروست دەکات، لە ماددەی یەکەمدا بۆ خاڵی یەکەم، وەك هاوکارانم لەسەر ئەوەم کە 400م2 بێ، نرخەکەشی نرخی ڕە مزی بێ، بەڵام لە خاڵی دووەمدا تەملیك کردنی ڕووبەری 800م2 لە شارەوانی ناحیە تازەکان، یەعنی کە ناحیەی هێرۆ دێنیتە بەرچاو، ناحیەی سێوە دێنیتە بەرچاو، ناحیەی ژاراوە دێنیتە بەرچاو کە تازەن، ئەوانە پێشتر گوند بوون بەپێی ئارەزووی خۆیان خانوویان دروست کردووە و باخیان بۆ دروست کردووە، کە تۆ ئێستا 300م2 دەدەیتێ بەنرخێکی زیادی پێ دەفرۆشی، زۆر ناحەقیە لەگەڵیان دەکرێت، بۆیە بەلایەنی کەم دەبێ لە 800م2 کەمتر نەبێ، بۆ ناحیە تازەکان، وەکو ئەوەی هاوکارانم باسیان کرد، رسوماتیش بێ

نەوەك نرخی ڕەمزی، كێ ئەیزانێ نرخی ڕەمزیەكە چەند دادەنێنن، لە ماددەی یەكەمدا قسەم لەسەر ئەو زەوی نیشتەجێ بوونانەیە كە لەسەر خەریتەی شارەوانی دەگونجێن، ناحیەكی تازە كراوەتەوە، شارەوانیەكی تازە كراوەتەوە، دەیان پارچە زەوی تێ كەوتووە، كە ئێستا هی خودی هاووڵاتیان و گوندەكە خۆیەتی، هی كوڕە هی برایە هی كچە، هی هەرچ كەسێكیەتی، ئێستا بەپێی ئەم یاسایە هەموو قەتعە زەویەكان كە خانوویان لەسەر نیە، دەبنە موڵكی بەلەدیە، بۆیە هەرگیز ناكرێ ئەم زەویە بە وشانەی ماونەوە، كەلەگەڵ واقعی بەلەدیەكە دەگونجێن، لەگەڵ نەخشەی بەلەدیە دەگونجێن، ببێتە موڵكی بەلەدیە، دەبێ بدرێتە هاووڵاتیەكەی خۆی كە دروستی كردووە، ئەگەرنا پێم ناڵێن ئەم یاسایە چ خێرێكی تێدایە بۆ هاووڵاتیان، جگە لە فرۆشتنی عەرز و موڵكی خەڵك بە حكومەت و دەوڵەمەند كردنی خەزێنەی حكومەت، بۆیە بڕوام وایە دەبێ ئەو زەویانەی كە ماونەوە لە حدودی...، من قسە لەسەر ناحیەی تازەكە دەكەم، مەركەزی موحافەزەی سلێمانی و هەولێر ناكەم شارەزایم نیە، بەڵام بەلایەنی كەم لە سنووری دوو قەزای گەورەدا چوار، پێنج بەلەدیەی تازەدا ئەم كەسە زوڵمێكی گەورە دەكات، لەگەڵ واقعەكە ناگونجێ، هەر ناكرێ بە موستەفید حیساب بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ماددەی (1) و بڕگەی یەك، داواكارم ئەو 300م2 كەبە سعرێكی ڕەمزی دانراوە زیاد بكرێ بكرێت بە 400م2،( وما زادت عن ذلك 800م2) لە ڕاستیدا ئەو سعرانەی كە دانراوە، باشتر وایە مادام ئێمە ئەمانەوێ هاووڵاتیان سوودمەند بن، هەروەها با شارەكانیش تەنزیم بكەن، من پێم باشە ئەو سعرانە بكرێت بەڕسومات، بۆ ئەوەی خەڵك نەكەوێتە ژێر باری ئەوەی زەویەكانی خۆی پێ بفرۆشێتەوە، خەڵكێ لە لادێ چەندین ساڵە ڕەنجی داوە، هەوڵی داوە بۆ ماوەیەكی زۆر ڕەنگە ئەو ئەرزەی بە ڕەنجی شانی پاك كردۆتەوە، تاكو توانیویەتی ئەوەی 2000م2 یان 1000م2 بكاتە باخێك و بەخانوویەكی بچكۆلە بۆ خۆی، بە چ هەقێ ئێمە ئێستا داوا بكەین ئەم ئەرزە بەخەڵكی لادێ بفرۆشینەوە بۆ جارێكی تر، ڕەنجی ئەو خەڵكە هەمووی بەزایەع بڕوات، كە چەند ساڵە خۆی و ماڵ و مناڵی ئیشیان لەو ئەرزە كردووە، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەو بڕگەیە چ رسومات بێ، بەڕاستی فرۆشتنەوەی ئەرزی خۆی و موڵكەكەی خۆی پێ بفرۆشیتەوە، هەر تاوانێكە ئێمە بەرامبەر بەو خەڵكە دەیكەین، بەنیسبەت بڕگەی دووەمەوە(وما زادت عن 800م2)ئەگەر ئەرزەكە لە 800م2 زیاتر بوو، بكرێ بە ناوی بەلەدیەوە، لە ڕاستیدا من لەگەڵ ئەوەشدا نیم، چونكە زۆر جێگا هەیە باخی بە دەمەوەیە، ئەرزەكە حدودیان بۆ كردووە، خەدەماتی دیكەش هەیە، ئەو شتانە هەمووی لە بەلەدیە تەسبیت كراوە، ئەوە نیە ئەگەر بڵێین ئێمە ئەمڕۆ ئەم قانونە دەربكەین، خەڵك تەجاوز ئەكات، لەسەر ئەو بابەتە، یەعنی تەجاوز ئەكات و ئەرزێكی زیاتر ئەدات بە دەم ئەو

**ئەرزەوە کە ئێستا هەیەتی، لەبەر ئەوەی هەموو شتێ تەسبیتە، من لەگەڵ ئەوەش نیم ئەو 800م2 بکرێ بە موڵکی بەلەدیە، بەڵکو بکرێ بە ئەمری واقع بدرێ بەخەڵکی لادێکان، قەی چیەکا با خانوویەکی هەبێ و باخێکی لەبەردەمدابێ، لە هەمان کاتدا ئەگەر ئەو باخە هەبێ خزمەتی ژینگەی کوردستانیش ئەکات، مەنتیقەکە سەوز ئەکات، لەناو شارەکان بیئەیەکی سەوزی جوان دروست ئەکات، بەنیسبەت بڕگەی سێهەمیشەوە بەڕاستی ئەگەر یەکێك لە شار زروفێکی تایبەتی هەبێ، هاتبێت بۆ شار، فەقیرێك هاتووە بووە بە پۆلیس، بووە بە مامۆستا، بووە بەموهەندس، ئەم کەسە یەعنی بە چ هەقێ ئێمە پارەی لێ بسەنین ئەگەر ئەرزەکانی باب و باپیری لە لادێکان جارێکی تر پێ بفرۆشینەوە، ئەرزی باب و باپیریەتی و هەقی تەبیعی خۆیەتی، من ڕام لەگەڵ هاوڕێکانمە ئەو بڕگەیە لاببرێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕازاو خان فەرموو.**

**بەڕێز ڕازاو محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەندێ لە تێبینیەکانم هاوکارانم ئاماژەیان پێی کرد، لە خوێندنەوەی ئەو ماددەیە من چەند پرسیارێکم لا دروست بووە، ئایا دەرچوونی ئەم یاسایە مەسیری خەریتەی کاسترۆ چی لێ دێت؟، چونکە ئەویش هەر تەحدیدی ئەو خەریتەیە، تەحدیدی قورەی کردووە، پشتیگری هاوکارم د.ڕۆژان ئەکەم بەڕاستی، ئەوەش نەسی ماددەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ عینوانی ماددەکە یەك بگرێتەوە،(اثار ابنیتها قائمة خرابتةً) بەنیسەتی من پرسیارێك ئەکەم بەڕاستی، لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە ئایا ئێمە باس لەکێ ئەکەین؟، باسی ئەو کەسانە کە بەفعلی خاوەن موڵکن؟، خەڵکی لادێکانن؟، یان کێن ئەوانە؟، مەبەستمان لەخاوەن موڵکە، چونکە ئێمە ئەگەر باس لە خاوەنە سەرەکیەکان بکەین، بێگومان ئێمەش پشتیوانی لەوە ئەکەین کە جیا بکرێتەوە، ئەوانەی کە موستەفیدن جیا بکرێتەوە لەوانەی کە موستەفید نین، واتە قسەکەمان لەسەر ئەوەیە، ئایا ئێمە قسە لەسەر حائیز ئەکەین، یاخود قسە لەسەر خاوەن موڵك ئەکەین، ئەبێ ئەوەش بەڕاستی ڕوون بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی جێبەجێ کردنی یاساکە، ئەو خەلەلانەی کە ڕووبەڕوو ئەبێتەوە، چونکە ئەزانین سنوورەکان ئێستا زۆر زۆر فراوان بوون، تەنها خاوەن موڵك و خەڵکی لادێکان لەو لادێیانە نین، کۆمەڵێ خەڵکی تر هەن، ئەمانە من ئەتوانم بەشێکی زۆریان هەژار نشین نین، خەڵکێکی موتەمەکینن، هەر ئەمانە ئەتوانن کۆمەڵێ مامەڵە بکەن، کۆمەڵێ کێشەش بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە دروست بکەن، سەبارەت بە بڕگەی یەکەمی، منیش هاوڕام لەگەڵ بەڕێزان کاك اسماعیل و هەموو ئەوانەی کە پشتگیری لەوە دەکەن کە 400م2 بە سعرێکی ڕەمزی، چونکە ئێمە باسی 800م2 کردووە، ئەگەر لەمە زیاتر بێ، بەو سعرانە تەحدید بکرێ، بۆیە هێشتا من پێموایە ئەو ماددەیە کۆمەڵێك پرسیار هەیە ئەبێ وەڵامی خۆی تیا ببینینەوە، تاوەکو بتوانین داڕشتنەوەی بۆ بکرێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم کێشەیەکی ئەساسی ئەم یاسایە هەیەتی، لە نێوان تەجاوز و لەنێوان چارەسەر کردنی کێشەی ئەوگوندانەی کە کەوتوونەتە ناو سنووری بەلەدیە پاش فراوان کردنی، ئێمە ئەو بابەتەی خوشك و برایان ئیسارەیان کرد، ئەگەرهاتوو خانووی لەسەر دروست نەکردبێ، ئەوا ئەمێنێت کێشەیەکی گەورە، زۆربەی زۆری ئەملاکی حەرەمی گوند، شەرت نیە خانوویەکی تێدابێ ، بۆیە بە دەرچوونی ئەم یاسایە من تەسەوڕ دەکەم ئەو کێشەیە بێ چارەسەر ئەمێنێت، هیوادارم چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە، ئەمە یەك، دوو، ئەگەر ماین لەسەر ئەوەی ئەم یاسایە تەنها چارەی ئەو خانووانە ئەکات ئەوەی لە دەرەوەی سنووری بەلەدیە بوون، ئێستا لەناو سنووری بەلەدیەن و تاپۆیان نیە، من پێشنیاری ئەم دەقە ئەکەم، کە تەقریبەن هەموو خاڵەکانی بەخۆیەوە ئەگرێت، دەقەکە بە عەرەبی، (تملك دور سكنية) ئەگەر (التى لاتزال اثار ابنيتها قائمة) ئەوەش بمێنێت، ئەگینا ڕەئیەك هەیە کە ئەوەش نەمێنێت، واتە (تملك الدور السكنية التى لاتزال اثار ابنيتها قائمة) (لاتزال) لازمە ئیزافە بکەین، (الواقع ضمن حرم القرى) ئەمە ئیزافە بکرێ(التى تم ضمها الى حدود البلديات ضمن الاراضى المخصصة للسكن حسب التصاميم الاساسية للبلديات وذلك على النحو التالى) ئەمە چەند کێشەمان بۆ چارەسەر ئەکات، یەك، ئەو ئیشکالیەی قورە هەیە لەناو بەلەدیە یان نا، ئێمە تەحدید دەکەین ئەوانەی کە مەشمول کران بە تەوەسوعی بەلەدیە، دوو، د.ڕۆژان ئەو مولاحەزەیەی خستەڕوو، ئەوانەی کە ئەچنە ئەو مەناتقانە داخیلی سنووری بەلەدیە، تاوەکو بە ئەرازی زراعی حیساب نەکرێن، من تەسەوڕ دەکەم ئەم نەسە ئەگەر پێتان خۆش بێ حەلی، ئەو جانبە ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە نازانم یەعنی ئەم پڕۆژەیە ئەو خانووانە دەگرێتەوە کە ئێستا تەجاوزن لەنێوان بەلەدیە، مەسەلەن من ئەڵێم لە زاخۆ زۆر گەڕەك هەن کە هەتاوەکو ئێستا خانووەکانی تاپۆ نەکراون، لە

زمنی حدودی گوندێکیشن، یەعنی بۆ نموونە ئەڵێین (خراپ بەگ) نزیکی شارەو گوندەکی هەیە، بەڵام هەزاران خانووی تیا دروست کردووە و تاپۆشی نیە، لە زمنی شارەوانیش دانە، ئیتر نازانین ئەوانیش دەگرێتەوە، یان هەر خانووی گوندەکەی دووری شارەکە لە زمنی شارەوانی دەگرێتەوە، بەنیسبەت خاڵی یەکەم، منیش پشتیگری قسەکانی کاك اسماعیل دەکەم، ببێت بە 400م2، یەعنی بۆ خاوەنەکەی تاپۆ بکرێ، سەبارەت بە بڕگەی دووەمیش من پێشنیار دەکەم لە 800م2 بکرێت بە 1000م 2 وزیاتر، لە 800م2 بکرێت بە 1000م2، تەعویزی نەدیتێ و هەزار مەترەکەی بۆ دابنێی، با زۆر زەرەر لەخاوەنی گوندەکە نەکەوێت، دڵیشی خۆش ببێت ئەگەر ئەو موڵکە بداتە ئەوانەی کە شتێکی ئەوتۆش نابێت، سەبارەت بە بڕگەی (3) من پێشنیار دەکەم وەکو هاوڕێکانم هەر ڕەت بکرێتەوە، ئەوە هەر نەمێنێت لەناو، دوێنێش قسەمان هەر ئەوەبوو ئەوە ڕەت بکرێتەوە، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش هەروەکو برای بەڕێزم کاك عبدالسلام گوتی بەڕاستی تێکەڵیەك هەیە لەو بابەتە، خۆی دوو بابەتە، بابەتێکیان حەرەمی گوندەکەیە کە ئەم پڕۆژەیەی پێ تەقدیم کراوە، بابەتێکیان خاریجی حەرەمی گوندە کە کەوتوەتە ناو شارەوانیەکان، ئێمە ئێستا حاڵی حازر ئەوە موناقەشە دەکەین ئەوەی داخلی حەرەمی گوندە، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، من دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە دوو نەوعە حەرەممان هەیە، حەرەمی گوندیمان هەیە، لەخەریتەی کادسترۆ موئەشەر، قەیدی تاپۆشی هەیە کە بەناوی وەزارەتی مالیەیە، حەرەمی گوندمان هەیە، مەساحاتی هەیە، بەڵام دەڵێت (مستثنی من قوانین التسوية) لێرە بابەتێکیان مومکینە لە هەندێ لە شارو شارۆچکەکان هەیە، بابەتی دووەمیان لە هەندێ لە شارۆچکەکانی تر نیە، مەسەلەن بۆ نموونە، لەمەنتیقەی کەلار و کفری زۆربەی زۆری حەرەمی گوندی موستەسناتە لە قانونی تەسویە، کەموستەسنا بوو لە قانونی تەسویە، ئێمە قانونی تەسجیلی عەقاری تەتبیق دەکەین، بەپێی تەسجیلی موجەدەد موعامەلاتیان بۆ دەکەین، بەشەرتێك تەعاروز نەکات لەگەڵ تەسمیمی ئەساسی، شارەوانیەکان، خاڵی تریش کە دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم ئەوەیە هەتاوەکو ئێستا بەنیسبەتی هەردوو حەرەم، دەبێ تەسمیمی ئەساسی بەلەدیە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، نابێ لە 800م2 زیاتر بێ، کە 800م2 زیاتر بوو، تەعاروز دەکات لەگەڵ تەسامیمی ئەساسی بەلەدیە، بۆیە ویستم ئەو ڕوونکردنەوە بدەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی ئەو ئەرزانەی کە نەکراون بەخانوو، مەسیریان چی دەبێ؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حەرەمی گوندە یان خارجی حەرەمی گوندە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا لە حەرەمی گوندە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی وەزارەتی مالیەیە، وەزارەتی مالیەو وەزارەتی شارەوانی بەڕاستی ئەوانە تەنسیق دەکەن بەبێ عەوز دەیاندەنێ، ئەوانە هی خۆیانە بەڕاستی، وەزیری شارەوانی لێرەیە دەتوانێ ئەو وەڵامە بداتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر موستەسنابێ لە تەسویە؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر موستەسنابێ ئەو کاتە موعامەلاتی تەسجیلی موجەدەدی بۆ دەکەین، تەمهیدی تەحریری بۆ دەکەین، ئەوەل جار پاشانیش بە پێی قانونی تەسجیلی عەقاری تەسجیل موجەدەدی بۆ دەکەین، ئێستا لە مەنتیقەی کەلار و کفری زۆر لەو موعامەلانە دەستی پێکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم کێشەیە 20 ساڵە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، یەکەمین جارە پەرلەمان و حکومەت دەست بە هەنگاوێك بکات بۆ ئەوەی دەست بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکات، من باسی پێش راپەڕینیش ناکەم ئەوەی کە زۆر دەمێکە هەیە، ئەگەر بێت و وا تەصەور بکەین کە ئەم یاسایە 100٪ی گرفتی هەموو گوندەکان لە مەنزوری گوندێکی بە تەنها کە شارەوانی بۆ دانراوە، یان گوندێك کە بوویتە ناحیە، حەتا وەکو گوندێك کە ئێستا لەناو مەرکەزی موحافەزەدایە، هەمووی چارەسەر دەکات، قەت یاسایەکی وا نادۆزینەوە، ئێمە هەنگاوێکە کە دەست پێ دەکەین، بەشێکی زۆری گرفتەکان چارەسەر دەکات، بەڵام ناکرێ هەر گوتنێك کە دەڵێین، گوندێك بە نەموزەج بێنینە پێش چاوی خۆمان، ئایا هەزار مەتر بوو ئەوەی لە گوند، چونکە مەڕ و ماڵات بەخێو دەکات، لە لایەك دەڵێن گوندەکە بوویتە شار و لە لایەك دڵێن لەناو شاردا، چۆن دەبێت حاصیلەی ئەوە دەبێت؟، چۆن دەبێت ئەو مەساحە کەمە بکرێت، ئەدی باخچە چی لێ دێت؟، باخچە لەناو شاردا نامێنێت، ئێمە دەڵێین لە سنووری شارەوانی واتا بووە شار، کە بووە شار ئیتر باغ

نامێنێت له حدودی شارەوانی، تەفتیع دەكرێت و مومكینه 800 مەتریش نـەمینێت، مومكینـه خەریتـەی ئەساسی مەنتیقەكه بە هەبوونی 800 مەتریش رێگه نەدات، رەنگه دوو قیتعەی 400 مەتری پێ بدرێت، له بـری ئـەوەی كـەوا قیتعەیـەكی 800 مـەتری بێـت، چونكه تەصـمیمی كـەرتی و نەخشـەی كـەرتی هـەر شوێنێك له شوێنێكی تر جیاوازە، چونكه ئەگـەر حـەدی ئـەدنای ئیفـراز لـه شـوێنێك 150م بێـت، حـەدی ئەعلاكەشی 500 مەتر بێت یان 400 م بێت یان كەم و زیاتر بێت، بۆیه من تكام وایه كاتێك كه گفوگۆی ئەم یاسایه دەكەین، تەصەوری ئێمه وا نەبێت كه 100٪ گرفتی هەموو گوندەكانی هەرێمی كوردستان بـەم یاسایه چارەسەر دەكرێت، هەنگاوێكه كه دەستی پێدەكەین، رەنگه لـه خیلالـی تـەنفیز 40٪ یـان 50 ٪یـان 60 ٪ی هەدەفەكه تەحقیق بكات، قابیله بۆ تەعدیل، قابیله بۆ ئیزافه، مـن هـەر ئەوەنـدەم هەیـە، چـونكه چەندی بچینه ووردەكاری برِوا ناكەم بگەینه نەتیجەیەكی موەحەد و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش دوا صیاغەتان؟

**بەڕێز عەونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای بیستنی ئەو تێبینیانه كه له لایەن ئەندامانی پەرلـەمان و هـەردوو جـەنابی وەزیـری داد و شـارەوانی پێشكەش كرا، ئێمه ئەو صیاغەی دادەرِێژین و عەرزی جەنابتانی دەكەین، ئەگـەر قبولّتـان بـوو، دەیخەینـه دەنگدانەوە،

المادة الاولى:

تملك الدور السكنية و الدور التي اثـار ابنيتهـا قائمـة و الواقعـة ضـمن حـرم القـرى الـتي تم ضـمها الى حـدود البلديات حسب التصاميم الاساسية للبلديات على ان لا يتعارض مع خارطة كادسترو و على النحو التالي:

1- تملك مساحوا الارض لحد 300 متر مربع بسعر رمزي و مازاد عن ذلـك و لحـد مسـاحة 800 مـتر مربع بسعر 50٪من السعر السائد للمحافظة، و 25٪ للقضاء و 10٪ للناحية .
2- اذا زادت المساحة عن 800 متر مربع تسجل المساحة الزائدة باسم البلدية المعنية بدون عوض.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز دڵشاد شهاب/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاریتـەی كادسـترۆ خاریتـەی تەصـمیمی ئەساسـی تێـك ناكاتـەوە، پێكـەوە كـاری پـێ نـاكرێ، كـه شـوێنێك تەصـمیمی ئەساسـی بـۆ دانـدرا، نەخشـەی كـەرتی بـۆ دادەنرێـت، خەریتـەی كادسـترۆ نامێنێـت، كادسـترۆ خاریتەیەكی نا مونەزەمه، وەكو ئەو خاریتەی كه هی دەوڵەتێك یـان هـی وڵاتێـك خـوار و خێچـە، شـكلێكی

هەندەسی مونەزەمی نیە، کە تەصمیمی ئەساسی داندرا دەبێ بوترێت لەگەڵ تەصمیمی ئەساسی ئەوەی کە بەلەدیە دادەنێت نەك موتابەقەی خاریتەی کادسترۆ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیام خان؟

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سرۆکی پەرلەمان.**

چەند کەسێکمان پێشنیاری ئەوەمان کرد کە سیعری رەمزی نەمێنێت، هەروەها ئەو مەساحەیە زیاد بکرێ کە بکرێتە 400 و دەنگدانی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز عەونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم جەنابی وەزیری شارەوانی جوابی ئەو بابەتەی بداتەوە  بە نیسبەت مەساحەکان، 300 مەترە، 800 مەترە، 400 مەتر؟، ئەندامانی پەرلەمان ئەوەیان تەرح کردەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز دڵشاد شهاب/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە بەخشینە، یەعنی بە نیسبەت شارەوانییەوە و پەرلەمانی بەڕێز ئەمر بفەرموون 600 م بدەن بە خەڵك ئەوە 600م ئەدەن، ئێمە پێشنیارمان کردووە 300 م وەکو قیتعەیەك کەوا بە تەوەقوعی خۆمان خانوویەکی مونەزەم لە سنووری گوندێکدا کە ئێستا کەوتووتە سنووری شارەوانی، ئەمە ئەصڵەن حەدی ئەدنای ئیفراز گۆڕاوە لە 200م بۆ 150م، یەعنی بەیانی ئەو 300 مەترە ئەکرێ ببێتە دوو قیتعە بە نیسبەت حەدی ئەدنای ئیفرازەوە، بۆیە ئێمە رەئیمان وایە 300م کیفایەتە، ئەگەر پەرلەمانیش بۆ خەڵك زیادی بکات ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئیسماعیل؟

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خەڵك هەیە خانووی دروست کردووە ئێستا لەسەر 600م لە گوندەکان، ئەتۆ بێی پێی بفرۆشیەوە ئێستا و لێ لەت و پەت بکەی، چ ڕەوای حەقە؟، 400م بە هەر حاڵ و باقیەکەی بۆ خۆی کە بە سیعرێکی رەمزی دەستنیشان کرایە زۆر باشە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك قادر.

**بەڕێز قادر احمد سمايل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەمان پرسیارەكەی جەنابت دەكەم، ئەو شارەوانیە تازانەی یان ئەو ناحیە تازانـەی كـە دروسـت بـوون، لـە هـەر ناحیەیـەك سـەدان قیتعـە زەوی دروسـت بـووە، ئێسـتا هـەر شـوێنێك بـۆی دەچـی ئـەوەی كـە لـە خەریتـەی شـارەوانی تێنەپـەڕێ، قیتعـە زەویەكـە ئـی هاوولاتیەكـە، كرێویـەتی یـان هـی كوڕەكەیـەتی یـان خانووەكـەی جیـا كردۆتـەوە، ئەمانـە چـۆن عـیلاج دەكـەن؟، هـەمووی دەكەنـە مـولكی بەلەدیـە و سـبەینێ كێشەیەك بۆ ئەو ناحیەیە دروست دەبێت یان بۆ شارەوانی دروست دەبێت، نەك كێشـەیەكە بـەڵكو كێشـەی سـەدان هاوولاتیـە، یەكسـەر دەیكەیتـە مـولكی بەلەدیـە، بۆیـە مـن پێشـنیار دەكـەم ئـەم یاسـایە چـۆن دادەڕێژرێت، جەنابی وەزیری بەلەدیات وەكو تەعلیماتێك دەری بكات، ئەگەر زەوییەك كەوتووتـە سـنووری ئـەو بەلەدیانـە و خـانووی لەسـەر نیـە، خـۆی دەسـەڵاتی هـەبێت ب پێـی سـەلماندنێك كـە كرێویـەتی چۆن بدرێتەوە هاوولاتی؟، دەنا ئەو هەموو هاوولاّیتە كێشەیەكی گەورە بۆ خەڵك دروست دەكەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەم لەسـەر ئـەو مەسـاحەیەیە كـە پێـی دەدرێـت، لـە ڕاسـتیدا لـە گونـدێك كـە تـا ئێسـتا لـە دەرەوەی سنووری شارەوانی بووە، تەصمیمی ئەساسی نەبووە، هیچ نەخشەیەكی شاری تێدا نەبووە، ڕەنگە دەیان ساڵ بێت ئەم هاوولاّتیە خانووی دروست كردووە لەو گوندە لەسەر ئەو پارچە زەوییە بە پێـی تایبەتمەندیـەتی ژیانی خۆی لە گوند كە ڕەنگە لەگەڵ لایەنی كشتوكاڵی و مەڕو ماڵات بەخێو كردن گونجاندبێ، بۆیە رەنگە لە هەندێك حاڵەتیش دا بە پێی بەڵگەنامە زەوییەكە حەقی تەصەروفی خۆشی هـەبێ، بـەڵام ئێمـە بـێین و بیكەین بە 300 مەتر، راسـتە دەبـێ ئێمـەش هـەوڵی ئـەوە بـدەین كـە ئـەو مەسـاحەی كـە پێـی دەدرێ بـۆ خانوو بگونجێ لەگەڵ تەصمیمی ئەساسی كە دەبێتە شار و داخیلی شار دكرێ یان دەبێتـە گـەڕەكێك، بـەڵام لە راستیدا لە نێوان 300 و لە نێوان ئـەو مەسـاحەی كـە ڕەنگـە بـۆ خـۆی بـە هەڕەمـەكی كردوویـەتی بـە خانوو، ڕەنگە لـە 100 مـەتریش زیـاتر بـێ، پێـی وابـێ كـە بەراسـتی حەقیشـی تێـدا هەیـە، هـەوڵ بـدەین هاوسەنگیەك ڕادەگرین، بۆیە ئەگەر ئەم 300 ـە بكەین بە 400 بەراستی باشترە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك قادر هەمان قسەی منی کرد، مەصیری ئەو پارچە زەوییانەی کە نەکراینە خانوو دەبێ جێیەکیان بۆ بکرێتەوە کە حوکمی وەکو حوکمی ئەو خانووانەی کە کراوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە جەنابی وەزیر حەز دەکەین ئەوەمان بۆ رۆشن بکاتەوە، وتی لە شار باغ نیە، ئەوانە پێشتر شار نەبوون، ئێستا بوون بە شار، بەڵام باغی تێدایە، مەصیری ئەو باغە چیە؟، ئاخر خۆ ئەمە قانوونە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش؟، بەڵێ فەرمووو کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سێ ئەندام زیاتر باسیان کرد لەوەی کە لە قەزا و ناحیەکان و ئەوەی 800 مەتریشە سیعرەکان دابەزێنرێت بۆ سیعریکی ڕەمزی، چونکە ئەوە خۆی مولکی خۆیەتی و پێی ئەفرۆشرێتەوە بە سیعرێکی زۆر بەرزتر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش؟

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە چەند بەڕێزێك کە پرسیاری ئەوەیان کرد و داوای ئەوەیان کرد کە سیعرە رەمزیەکەی بکرێتە رسومات، ئێمە بەراستی سیعری رەمزی لەگەڵ رسومات یەك فەرقی هەیە، فەرقەکەی ئەوەی هەموو هاووڵاتیەك ئەگەر رسومات بوو، هەموو هاووڵاتیەك وەکو یەك پارەی دەدات، بەڵام ئەگەر سیعری رەمزی بوو، بە پێی مەترە، ئەگەر نا هەر سیعرە رەمزیەکەیە، ئەمە سیعرێکی رەمزی یەعنی شتێکی زۆر جوزئیە، رسوماتەکەیە، بەڵام ئەوەی کە عەرزەکەی زۆرترە پارەیەکی زیاتر ئەدات و ئەوەی کە کەمترە، کەمتر ئەدات،لەبەر ئەوە ئێمە پێمانوایە ئەوەی سیعری رەمزی بێ نەك رسومات، چونکە ئەگەر رسومات بوو ئەوەی 100م هەیە لەگەڵ ئەوەی کە 800م هەیە وەکو یەکە، ئەوەش عەدل نیە، ئەوەی کە من هەست دەکەم هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان تێکەڵییەکیان هەیە لەوەی کە من گوێم لێی دەبێ، ئەوویش ئەوەیە کە باس لەو ئەرزانە دەکەن کە بەتاڵە یان کرێویەتی وەکو ئەوەی کە کاك قادر باسی کرد و چەند بەڕێزێك

باسیان کرد، ئەم یاسایە تەنها بۆ ئەو گوندانەیە وەکو ئەوەی کە کاك شێروانیش باسی کرد، بۆ ئەو گوندانەیە کە خەریتەی کاتی خۆی، خەریتەی کادستڕۆ دایناوە، نەك ئەو گوندانەی کە ئێستا بە کەیفی خۆی مەساحەکەی دایناوە و تێیپەڕاندووە، زیادەکان ناگرێتەوە، تەنها ئەو گوندانە دەگرێتەوە کە کەوتوونە چوارچێوەی خەریتەکە، لەوە زیاتر ناگرێتەوە، جا باغ لەناو، من بە خۆم سەدان گوندم بینیوە، هیچ باغێك لەناو سنووری دێیەکاندا نین، باغەکان کەوتونە دەرەوەی سنووری دێیەکان، راستە کابرا ماڵی لەسەر باغەکەی داناوە، بەڵام لە چوارچێوەی خەریتەکەدا نیە، جا ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئەمە فراوان بکەین، پێموایە هەڵەیەکی زۆری تێدەکەوێ، خەڵکێکی زۆر بە گەنەڵی دەچێت و شتی خۆی دەکات، بەراستی بۆ پاراستنی ئەو گەندەڵیە تەنها سنووری گوندەکان دانراوە، ئەم یاسایە تەنها سنووری گوندەکان دەگرێتەوە، خاریجی ئەوە ناگرێتەوە، تەجاوزات ناگرێتەوە، پەیوەندی بەوە نیە، یان هەندێك پرسیاریان کرد کە ئایا ئەو گوندانەی کە کەوتوونە ناو بەلەدیەی شارێك، شارەکە خۆی تاپۆی نیە، ئەمە بە پێی ئەو یاسایە ئەوانیش دەگرێتەوە، شارەکەش تاپۆ دەکرێ و گوندەکەش تاپۆ دەکرێ، بەڵام وەکو وتمان چوارچێوەی گوندەکە دەگرێتەوە، دەرەوەی ئەوێ ناگرێتەوە، خەڵکێك لە دەرەوەی گوندەکە چووە و خانووی دروست کردووە یاسایەکە نایگرێتەوە، ئەوە پەویەندی بە یاسایەکی تر هەیە کە یاسای تەجاوزاتە، ئێستا لە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاردا دوای ئەوەیە، ئێستا پەسند دەکرێ یان ناکرێ ئەمە شتێکی ترە، ئێستا ئەمە لەم یاسایە نیە لە یاسایەکەی تردایە، باس لەو زەوییانەش کرا کە ئێستا دەکەوێتە چوارچێوەی ماستەر پلانی شارە گەورەکانەوە، زەوی با بڵێین هەولێر لەگەڵ ئەو گوندانەی دەوروبەری لە بەینی ئەو زەوی هەیە، ئەم زەوییانە دیسان یاسایەکی ترمان هەیە پێشکەشمان کردووە و خوێندنەوەی یەکەمیشمان بۆ کردووە، خوێندنەوەی دووەمی بۆ نەکراوە و نەخراوەتە بەرنامەی کار، ئەویش لەوێ چارەسەر کراوە، بۆیە من پێموایە تێکەڵیەك هەیە لە ئەندامانی پەرلەمان کە هەندێکیان باش لە یاساکە، هەندێ لە بەڕێزان پێیان وایە لێرە جێی بکرێتەوە، لێرە جێی نەکراوەتەوە و حیسابی دیکەی بۆ کراوە، سەبارەت بەوەی کە پرسیاری ئەوەی کرا مەصیری خاریتەی کادستڕۆ چی بەسەر هاتووە، جەنابی وەزیر باسی ئەوەی دەکات ئەمە نانێری بۆ گوندەکان لەبەر ئەوە دەبێ لە چوارچێوەی ئەم خەریتە بنەڕەتیەی کە شارەوانی دایدەنێت، کێنە ئەوانەی مەشمولن بەم یاسایە، ئەوانە مەشمولن کە خانوویان هەیە یان کەلاوەیەکیان هەیە، ئەوە کە کەلاوەی هەیە یان خانووی هەیە لە لادێیەکاندا ئەوانە مەشمولن کە ئەم کەسە چۆن هەیەتی و چۆن نیەتی بە شاهید ئیسباتی دەکات کە ئی خۆیەتی، بە موختار ئیسباتی دەکات کە ئی خۆیەتی، بەو شێوەیە یەکلایی دەکرێتەوە، سەبارەت بەوەی کە موستەفیدە، ئێمە پێمان باش بوو کە موستەفید لەبەر ئەوەی کە زۆربەی بەڕێزانیش رەئیان وابوو، ئێمە بە تایبەتی بەراستی وەکو خۆم پێموایە عەدل ئەوەیە کە ئەوەی موستەفیدە وەکو ئەوەی موستەفید نیە وەکو یەك نەبن، ئێمەش پێمان باشە کە لابرێ بە تایبەتی ئەوانەی کە لە شارە گچکەکان یان لە ئۆردوگا زۆرە ملیەکان موستەفید بوون ئێستا چوونەتەوە لادێیەکان ئێستا بە موستەفید حیساب نەبن و زەوییەکانیان پێ بدرێ، بەڵام لەسەر

3-گفتوگـۆ کردنـی ئـەو ڕێکـارە سـەربازیانەی کـە لـە لایـەن حکومـەتی فیدڕاڵـەوە بەرامبـەر ناوچـە دابڕێنـدراوەکان گیراوەتەبـەر، بڕیـاری پێکهێنـانی هێزەکـانی دیجلـەو هاتنـە ژێربـاری هێزەکـانی ئاسایشـی کەرکووك و ناوچەکانی دیکە بۆ ئەو سەرکردایەتیە بەپچەوانەی حوکمەکانی یاساو دەستوور.
بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری داد و وەزیری شارەوانی و مونەسیقی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلـەمان دەکـەین، ئێسـتاش بـەڕێز جێگـری سـەرۆکی پەرلـەمان نـاوی ئـەو پەرلـەمانتارە بەڕێزانـە دەخوێنێتەوە کە مۆڵەت بوون یان ئامادەنەبوون با بفەرمووێ.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کەلە دانیشتنی ژمارە 21 ئاسایی لە ڕۆژی 2012/11/20 مۆڵەت پێـدراون یـان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون.

1- برهان رشید مۆڵەت
2- بشیر خلیل حداد مۆڵەت
3- حمە سعید حەمە علی مۆلەت
4- پەیمان عبدالکریم مۆڵەت
5- سەرگوڵ رضا مۆڵەت
6- سۆزان شهاب مۆڵەت
7- جمال طاهر مۆڵەت
8- صبیحە احمد مۆڵەت
9- نەژاد عزیز مۆڵەت
10-پەیمان عزالدین مۆڵەت
11-لیلی امیر مۆڵەت
12-هاژە سلیمان مۆڵەت
13-بەیان احمد مۆڵەت
14-یاووز خورشید مۆڵەت
15-عبداللە محمدامین مۆڵەت
16-سالار محمود مۆڵەت
17-ناسك توفیق مۆڵەت
18-ئاهەنگ عارف مۆڵەت
19-ئەڤین عمر مۆڵەت
20-خلیل عثمان مۆڵەت

21-خورشيد احمد مۆڵەت

22-تارا تحسين مۆڵەت

23-عيماد محمد مۆڵەت

24-عمر صديق مۆڵەت

25-فاضل محمد ئامادەنەبوو

26-كاروان صالح مۆڵەت

27-عبدالقادر اكرام مۆڵەت

28-گوڵێزار قادر مۆڵەت

29-محمد موسى ئامادەنەبوو

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستاش دێينە سەر جێبەجێ كردنی خاڵی يەكەمی بەرنامەی كار، داوا دەكەين لە ليژنەی ياسايی، ليژنەی شارەوانيەكان، ليژنەی كشتوكاڵ بفەرموون بۆ سەكۆی ليژنەكان، بەڕێزان هەروەكو ئاگادارن دوێنێش دانيشتنەكەمان هەندێك دواخست بۆ ئەمڕۆ سەعات (5) ی ئێوارە، ئەمڕۆ سەرۆكايەتی پەرلەمان زياتر لەگەڵ 30 پەرلەمانتار بە حزوری جەنابی وەزيری داد و نوێنەری وەزارەتی شارەوانيەكان، دوای گفتوگۆيەكی تەواو گەيشتنە سيغەيەكی تازە، ئومێد دەكەين جێگەی ڕەزامەندی هەموو لايەك بێ، ئەگەر ئەو خوشك و برا پەرلەمانتارانەش قسەيان كرد تكايە زۆر بە پوختی قسە بكەن بۆ ئەوەی قانونەكە بەڕێ بكەين، فەرموون ليژنەی ياسايی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی گفتوگۆ كردن و بە نەزەر اعتبار وەرگرتنی پێشنيارەكانی پەرلەمانتارانی كوردستانی بەڕێز، ئێمە ئەمڕۆ وەكو جەنابتان ئاگاتان لێيە، كۆبوونەوەيەكی هاوبەشمان ئەنجامدا، لە نێوان هەرچوار ليژنە، ليژنەی ياسايی و ليژنەی دارايی و ليژنەی شارەوانی و هەروەها ليژنەی كشتوكاڵ، بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆكی پەرلەمان و جێگرەكەی، هەروەها بە ئامادەبوونی جەنابی وەزيری دادو نوێنەرانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، لە ئەنجامدا گەيشتينە سياغەی قانونەكە بەو شێوەيە، لە دانيشتنی دوێنێ تەبيعی بەنيسبەت عينوانەكە بە دەنگدان كۆتايی هات، عينوانەكە بەو شێوەيە بوو (قانون تمليك الدور السكنية الواقعة في حرم القرى ومن حدود البلديات في اقليم كوردستان-العراق) سەبارەت بە ماددەی يەكەم، ئەو سياغەيەمان داڕشت

المادة الاولى:

تملك الدور السكنية الواقعة في حرم القرى، والدور التى اثار ابنيتها قائمة ضمن حدود البلديات والتى لم يتم تمليكها لاصحابها لغاية صدور هذا القانون، حسب التصاميم الاساسية للبلديات، ويجرى الاعتماد على خارطة الكادسترو لتحديد حرم القرى، على النحو التالى:

اولاً:تملك مساحة الارض لحد(400/م2) بسعر رمزى، وما زاد عن ذلك و لحد مساحة (800م2) بسعر (50٪) من سعر السائد للمحافظة، و (25٪) للقضاء، و (10٪) للناحية.

ثانياً: اذا زادت المساحة عن (800م2) تسجل المساحة الزائدة باسم البلدية المعنية بدون عوض.

داوا له سەرۆكايەتى پەرلەمان دەكەم پاش خوێندنەوەى ئەو ماددەيە بخرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو د.ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەيى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەمڕۆ ئێمە ئيتيفاقمان كرد لەسەر ئەوەى (لا تتعرض مع خارط كادسترو) نەوەك بۆ (ويجرى اعتماد) باشە ئەگەر ئيعتمادى نەكرد، چى دەبێ؟، (ويجرى اعتماد) چيە هاتۆتە ناو ڕستەكە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك عەونى فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پێشنيارى جەنابى وەزيرى داد بوو، نوێنەرانى وەزارەتى شارەوانى ڕازى بوون بەو سياغەيە، بۆيە بەو سياغەيە دانيشتنمان كرد، ئێستا دەتوانێ سەرۆكى پەرلەمان پرسيارەكان ئاراستەى هەر دوو جەنابى وەزير بكا، چونكە ئامادەنە لە كۆبوونەوەى پەرلەماندا.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

جەنابى وەزير فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەرى/ وەزيرى داد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەنيسبەت وەزارەتى بەلەديات ئيعتيماد لەسەر تەصاميمى تەفسيرى خۆى دەكاتن، بەلاّم بەنيسبەت حەرەمى گوند، مەجبورە ئيعتيماد لەسەر خەرائيتى كادسترۆ بكات، بۆ تەمليك كردنى حەرەمى گوندەكان.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەيە دايە وەكو خوێندرايەوە تكايە دەستى بەرز بكاتەوە؟، 36كەس لەگەڵدايە، كێ لەگەڵدانيە تكايە دەستى بەرز بكاتەوە؟، 16 كەس لەگەڵدانيە، بەزۆرينەى دەنگ پەسەند كرا، فەرموو بۆ ماددەى دووەم.

**بەڕێز جلال على عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثانية:**

**اولاً:تشكل لجان في الوحدات الادارية برئاسة رئيس الوحدة الادارية و عضوية ممثلى الدوائر، للوزارات المالية والاقتصاد والبلديات والسياحة، والزراعة والموارد المائية، و العدل، للبت في الطلبات المقدمة بالتمليك بموجب احكام هذا القانون، وتكون قراراتها قابلة للطعن لدى اللجنة العليا المشكلة في الفقرة (ثانياً) من هذه المادة خلال مدة (30) ثلاثين يوماً من تأريخ تبليغ طالب التمليك.**

**ثانياً: تشكل لجنة عليا في مراكز المحافظات برئاسة قاضى وعضوية ممثلى وزارات البلدية والسياحة والزراعة والموارد المائية، والمالية والاقتصاد والعدل للنظر في قرارات الصادرة من اللجان الفرعية المشكلة بموجب احكام هذا القانون بخصوص اقرار الطلبات المقدمة بالتمليك والتقدير والتكون قراراتها باتاً.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەم ماددەيەش لە لايەن سەرجەم ليژنەكانی ئامادەبوو موناقەشە كرا، نوێنەری وەزارەتی شارەوانيەكان و جەنابی وەزيری عەدل، ئيتيفاقی لەسەر كراوە، كێ لەگەڵدايە تكايە دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدانيە تكايە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 2كەس لەگەڵدانيە، بەزۆرينەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەيەكی تر.**

**بەڕێز جلال على عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**شروط التمليك**

**المادة ثالثة:**

**اولاً: ان تكون الدار المخصصة للسكن و واقعاً في حرم القرية داخل حدود البلديات.**

**ثانياً: للمشمول باحكام هذا القانون او ورثته الشرعين تقديم طلب التمليك الى اللجنة المختصة المشكلة بموجب احكام هذا القانون خلال مدة(6) اشهر من تأريخ تشكيل اللجان المختصة المنشار اليها في اولاً من المادة الثانية من هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**توخوا بيخوێننەوە جارێكی تر.**

**بەڕێز جلال على عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**شروط التمليك**

**المادة ثالثة:**

**اولاً: ان تكون الدار المخصصة للسكن و واقعاً في حرم القرية داخل حدود البلديات.**

ثانياً: للمشمول باحكام هذا القانون او ورثته الشرعين تقديم طلب التمليك الى اللجنة المختصة المشكلة بموجب احكام هذا القانون خلال مدة(6) اشهر من تأريخ تشكيل اللجان المختصة المشار اليها في اولاً من المادة الثانية من هذا القان

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدايە تكايە دەستی بەرز بكاتەوە؟، فەرموو كاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له ماددەی یەكەم باس لەو خانووانە كرا و هەروەها ئەوانەی كەلاوەشن، ئاساريان ماوە، بەلاَم خانوو نين، بەلاَم لێرە لە شروتی تەمليك باس لەوانە دەكات كە تەنيا خانوون، ئاماژەی بەوە نەداوە ئەوانەی كە كەلاوەن، ئەگەر بەو پێيەش بێ ئەوە تناقض دەبێ، واتە شمولی ئەوانە ناكات ئاسەواريان هەيەو كەلاوەن، بۆيە پێم باشە ئەوەش ئيزافە بكرێ لەگەڵ خانووەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بەس ماددەی يەكمان موناقەشە كردووە، ماددەكان بۆ مۆڵەت نادرێ موناقەشە بكرێ؟، بەشكەم كەسێك تێبينی هەبێ لەسەری، يەكسەر ئەخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر خۆ هەقتان هەيە موناقەشەی بكەن، بەلاَم ئەوە سێ ڕۆژە خەريكی دوو ماددەين، ئەمڕۆ 30 كەس دانيشتووين بە حزوری نوێنەری شارەوانيەكان، بە حزوری جەنابی وەزيری عەدل، نوێنەری هەموو ليجانەكان لەوێ بوون، پەرلەمانتاری تريش هاتووە دانيشتووە موناقەشەمان كردووە، ئەوە تەقريبەن هی 30 كەسە، فەقەت هی 30 كەسی لەسەرە بەڕاستی، بەڵێ، فەرموو ئەگەر تێبينيت هەيە؟

**بەڕێز عمر عبدالعزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من خۆم تێبينيم هەر ئەوەنيە، قسەكانم قانونيە، ماددەكان موناقەشە نەكراون، ئەوە يەك، مادام موناقەشە ناكەن ئەو عيبارەتەتان بۆ ڕاست بكەمەوە، (ان تكون الدار المخصصة للسكن واقعةً في حرم) چونكە (دار) موئەنەسە، ئەبێ هەمووی بە (ت) بێ، سوپاس.

**بەڕێز جلال على عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەکەی کاك پێشەوا، (ان تكون الدار المخصصة للسكن او اثار ابنتها قائمة واقعة في حرم القرية داخل حدود البلدية) ثانياً: للمشمول باحكام هذا القانون او ورثته الشرعين تقديم طلب تمليك الى اللجنة المختصة المشكلة بموجب احكام هذا القانون، خلال مدة ستة اشهر من تاريخ تشكيل اللجان المختصة، المشار اليها في اولاً من المادة الثانية من هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

اذا لم يقدم المشمول بأحكام هذا القانون طلبه بالتمليك خلال المدة المحددة في المادة الثالثة من هذا القانون او لم يسدد بدل التمليك المقدم من قبل اللجنة يسقط حقه في التمليك.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی چوار دوو ڕەئی هەیە، بزانین جەنابی وەزیری شارەوانی و وەزیری عەدل، ڕەئیەك هەیە ئەم ماددەیە هەر نەمێنێ، فەرموون لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار ئاوا باسی لەسەر ئەکرێت کە هەر کەسێك لە خیلالی مودەی شەش مانگ، تەلەبی تەملیکی تەقدیم نەکرد هەقەکەی ئیتر ئەسووتێ لە تەملیك کردنی ئەو خانووەی کە لەناو حەرەمی دێیەکەدایە، بەڵام تەبیعەتی ئەم یاسایە، ئەمە یاسایەکی بەردەوامی بە تەنفیزە، ئەم یاسایە مودەی نیە بڵێین لە خیلالی ئەوەندە فەترە، دوای تەڵەبەکان ئیتر ئەم یاسایە حوکمی نامێنێت و سقوت ئەکات، بە بەردەوامی بە نەتیجەی تەتەوری عومرانی، بە نەتیجەی تەوەسوعی حەرەمی دێی تر هەیە لە موستەقبەلی پێنج ساڵی تر، دوو ساڵی تر، دە ساڵی تر، داخلی تەسامیمی ئەساسی ئەبێ، لەبەر ئەوە ئەم ماددەیە زیادە، پێویست ناکات لێرە بمێنێ، ئیتر ئەوەش بۆ جەنابی وەزیر تەوزیحی لەسەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە بەهەرسێ ماددەکانی پێشتر موتەعەلقە، بۆیە ڕێگا لەم بەردەوامیە ناگرێت، دەڵێت ئەگەر لە خیلالی شەش مانگ لەو مودەتەی کە لەماددەی (3) دا تەحدید کراوە، ماددەی (3) دەڵێت لە پاش تەشکیلی ئەو لیژنەی کە لەماددەی دوو دا تەشکیل کراوە، فەقەرەی یەکەمی ماددەی دووەم، دەڵێت ئەو لیژنەیە لە وەحدەیەکی ئیداری، واتە لە وەحدەیەکی ئیداری لیژنە دروست دەکرێت، لەم وەحدەیە ئیعلانی بۆ دەکرێت، چونکە هەموو شوێنێك لیژنەیەکی لێیە، لیژنەیەك نیە لە هەموو شوێنەکان ئیش بکات، شوێنێکی موعەیەن لیژنەکە ئیعلان دەکرێت، ئەم شوێنە موعەیەنە، خەڵکی ئەم شوێنە موعەیەنە ئەبێ لە شەش مانگدا بچێتە ئەوێ، چونکە وەزعەکە وازحە، ئەمەیان پەیوەندی بە ماددەی (3) هەیە، ماددەی (3) پەیوەندی بە ماددەی (2) هەیە، تەسەلسولە یەعنی ئەوە نیە کە ڕێ لە بەردەوامی مەسەلەکە دەگرێت، بەیانی ئەو شوێنەی کەوا بەڕێزان لە لیژنەی قانونیش ئاماژەی پێ دەکەن، چونکە لە ماددەیەکی تردا دەڵێت ئەم ماددەیە، لەماددەی (7) دا ببوورن چونکە مورتەبتە پێیەوە، دەڵێت (تطبق احکام هذا القانون علی قری التی ستضم مستقبلاً في حدود بلدیات) ئەو قەریانەش کە موستەقبەلەن دێنە ناو حدودی بەلەدیات، هەم دیسان لیژنەی موختەسیان بۆ ئیعلان دەکرێت، چونکە لە سنوری وحدوی ئیداری موعەیەندا لیژنەیەکی موختەسی بۆ دادەندرێت، تایبەت دەیەوێ ئەویش شەش مانگەگەی بۆ ئەوە دەکرێت، چونکە ئەگەرنا خۆی مەترسی ئەوەی هەیە، ئەم مەسەلەیە دەبێ حدودێکی بۆ هەبێ، ئەوەی دواتر ئیجرائاتی شارەوانی ناکرێن، مەسەلەن ڕادەگیرێن، ئەگەر خەڵکێك تەڵەبی تەقدیم نەکرد، شەش مانگیشی بەسەرەوە چوو، بەعزێك لەو گوندانە بوونەتە گەڕەك، مودەکە مەفتوح بێت، دوای دوو ساڵی تر، پاش ئەوەی ئەم گەڕەکە بۆتە بەشێك لە گەڕەکی شارێك، تەڵەبێك تەقدیم بکات، بڵێت کاتی خۆی لەم گوندە ئەمە هی من بووە، ئەمە کێشە دروست دەکات، بۆیە دەبێ حدودێك هەبێ، ناکرێ تا هەتایە مەفتوح بێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، فیعلەن ئەم ماددەیە وازحە، ڕەبتی بە ئەوەکانی تر هەیە یان خۆی وازحە ماددەکە، بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، پێموایە لە خوێندنەوەی تەشریعیەکە برادەران لە من باشتر دەزانن، بەلام هیچ ئیشکالێکیان نیە، پەیوەندی بە ماددەی (3) وە هەیە، ماددەی (3)یەمیش پەیوەندی بە دووەمەوە هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە هیچ ڕەبتێکی بە ماددەی 2 و ماددەکانی پێشەوە نیە، بۆچی؟، ماددەی یەك بە سەریح هاتووە ئەڵێت، ئەو خانووە سەکەنییە خۆیان یاخود ئاساری بیناکەیان، تەملیك ئەکرێت، قەتعەن بەناوی ساحێبەکانیانەو کۆتاییان هاتووە، ئەو سیفەتانەی کە باسی لەسەر کراوە، ماددەی 2 تەشکیلی لیژنەیەکی فەنیە، کە هەڵدەستێت بە ئیجرائات بۆ ئەو تەملیکە، ماددەی 4 کە ئەڵێین ئەمە ئیلغا بکرێ، ماددەی 3 کە ئەڵێت ئەم خانووانە شەرتی تەملیکەکە چیە، ئەبێ خانووی سەکەن بێ، یاخود ئەبێت هین بێ، مابێتەوە بە قائیمەی ئەبنیەکانی، کەوتبێتە حەرەمی قوراو داخلی سنووری بەلەدیە بووبێ، لە لایەکی تر باس ئەکات، فەقەرەی دوو، خاسە بە وەرەسەی شەرعی، یەعنی فەقەرەی یەك ئەگەر ساحێبەکەی خۆی مابوو، فەقەرەی دوو، ئەگەر ساحێبە ئەسلیەکە نەمابوو، وەرەسەکان مابوون لە باب و باپیرەوە بۆیان مابۆوە، ماددەی چوارەم، باس لە مودەی تەڵەبی تەقدیمی خاوەنی تەملیك، ئەوەی کە ئەیەوێ تەملیك بکات، چ لەشەش مانگ ئەبێ تەملیکی بکات، ئەگەر لە شەش مانگ تەملیکی نەکرد، ئیتر سقوت ئەکات هەقەکەی ئیتر هەقی تاپۆی نامێنێت، لەماددەی 7باس لەوە کراوە ئەڵێ ئەم یاسایە بۆ موستەقبەلی دێکانی تریشە، کەواتە ئەم یاسایە موستەقبەلی هەبێ، ڕەنگە 15 ساڵی تر بێتە ناو سنووری تەسمیمی ئەساسی ئەو شارانەوە کە ئەم یاسایەی بەسەردا جێبەجێ دەبێ، لەبەر ئەوە ناکرێ لێرە مودەی بۆ تەحریر بکرێ، بڵێ لە خیلالی شەش مانگ ئەگەر نەیەی سقوتی هەقەکەت بوو، ئەوە تەعاروز لەگەڵ ماددەی 1 دەکات، کە ئەڵێت هەقیەتی بۆی تەملیك بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی 3 کە دەنگدانیشی لەسەر کرا، حەز دەکەم لیژنەی یاسایی مولاحەزەی ئەوە بکات لەماددەی 3 فەقەرەی دوو، حوکمەکە حوکمێکی جەوازیە، یەعنی ئەو کەسەی کە مەشمولە بە ئەحکامی ئەم قانونە، بۆی هەیە (للمشمول تقدیم طلب التملیك) لێرە کابرا ئەڵێ من نایکەم، حوکمێکی جەوازیە من نایکەم، بەلاَم بەپێی ماددەی چوار، ئەڵێ ئەگەر ئەوەی نەکرد، هەقەکە سقوت ئەکات، کەواتە جۆرێك لە تەعاروز دروست دەبێ، موعالەجەی ئەو تەعاروزە بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەسەوڕ دەکەم بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە بوترێ لە ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی ئیعلان کردنی لیژنەی موختەس، بۆ تەملیك کردنی ئەم گوندە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە وەختی ڕەئی دان نیە، حەلی ئەم ئیشكالیە بەتەسەوری من ئینتیزاری تەقدیمی تەڵەب نەكەین، بەڕەئی من لە باتی ئەوەی بڵێین (تشكل لجنة في الوزارة المعنية للقيام بدراسة الحالات المشمولة بهذا القانون وتطبيق المادة ) ئەوە هەموو شتەكان لائەدات، موحتاجی وخت و شتیش نیت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 3 فەقەرەی 2، تەنها لەسەر مەوزوعی وەرەسە نیە، دەڵێت (للمشمول باحكام هذا القانون او ورثته الشرعين) یەعنی بۆ هەموو كەسێك كە شمولی دەكات، ئینجا دەڵێت شەش مانگ، (خلال مدة 6 اشهر من تأريخ تشكيل اللجان المختصة) نەگوتراوە (من تأريخ نفاذ القانون) بۆ ئەوەی كەوا بڵێین خەڵك دەرفەتی نیە، لیجانی موختەس لە سنووری وەحدەی ئیداریە، دووپاتی دەكەمەوە كە لیژنەیەك لەسنووری وەحدەی ئیداری تەشكیل دەكرێت، ئیعلان دەكرێت بۆ خەڵكی ئەم گوندە، لە خیلالی شەش مانگ دا، خەڵكی ئەم گوندە، هەقی هەیە موراجەعەتی فلانە لیژنە بكات، بۆ ئەوەی تەلەبی تەملیك تەقدیم بكات، پاش تەشكیل و ئیعلانی لیژنەیە، لیژنەكە دیارەو وازحە، هیچ ئەگەر گوترابوایە، ئەگەر لەم ماددەیەدا بهاتبایە كەوا بڵێت ( من تأريخ نفاذ القانون) ئەوكاتی قانونەكە وەكو ئەوەی كە ئیستیمراریەتی نەبێ، دەڵێ (من تأريخ نفاذ القانون) ئەوە یەك، دووەمین، من دووپات دەكەمەوە ئەگەر كەسێك نەهات و تەلەبی تەقدیم نەكرد، حدودی ئەم تەڵەب تەقدیم كردنە كەیە، یەعنی هەتاوەكو كەی شارەوانی مەجموعەیەك مەنتیقەی ئەم گوندە بەتاڵ دەهێڵێتەوە، ناتوانێت تەسەڕوفی پێ بكات، چونكە مەعلوم نیە دەعوای لەسەرە یان نا، نوقتەیەكی تر، ئێمە دەڵێین ئەوەی تر، مەسەلەن هەر ماددەیەك دەگوترێ مەساحەكانی لە 800م2 زیاتر و هەتاوەكو دوا، ئەوەی تریش تەمەلیك دەكرێ بە ناوی بەلەدیەوە، یەكێك نەهات تەلەب تەقدیم بكات، مەجموعەیەك زەوی بەتاڵ ماونەتەوە، لە سنووری حەرەمی ئەو گوندەوە، هەتاوەكو كەی، ئەم گوندە بۆتە گەڕەكێك لە شار، ناكرێ ئاخر ئەبێ حدودێكی بۆ هەبێ، ناكرێ بوویتە بەلەدیە، قەیدی نیە ئەگەر بڵێین شەش مانگ كەمە، زیادی بكەن بكەنە ساڵێك، ئەوە هێشتا وەجهی نەزەری تێدایە، مانگێكی تر زیاد بكەن، كە بڵێن بەمەفتوحی كراوەبێ، ناكرێ ئەم گەڕەكە زەوی تێدا مابێتەوە تۆ تەسەروف پێ بكەی، لەبەر ئەوەی یەكێك نەهاتبێ تەڵەب تەقدیم بكات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن هـەر پرسـیارەكەم بـۆ ڕوون كردنـەوە بـوو بۆتـەوەزیح، لـە لایـەن بـەڕێزان لیژنـەی یاسـایی و بـەڕێز وەزیرەوە، كە لە ماددەی 2 بڕگەی 2 هاتووە، لەماوەی شەش مانگ تەڵەبی تەقدیم كـرد، لـە مـاوەی شـەش مـانگ و ڕۆژێـك مەسـەلەن تەڵـەبی تەقـدیم كـرد، لێـی وەرنـاگیرێ و ئیجرائاتیشـە لـەدوای ئـەو؟، كـە لێـی وەرنەگیرا یەعنی تەملیك ناكرێ بۆی؟، ئەوە تەوزیحەكەی بدەن بۆ بەرچاوڕوونی خۆمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە لە ماددەی 1 هەقێكی موكتەسەبی قەتعی دا بەو كەسانەی كە لـە حـەرەمی قـورەن بەكەلیمـەی (تملك) ناكرێ تۆ ئەو هەقەی كە ئێستا لەمـە دەنگی هێنـاوەو هـەقێكی موكتەسـەبی وەرگرتـووە، بڵێـی لـە شەش مانگ نیەی هەقەكەت ڕەفز كراوەو ساقیت بوو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە موناقەشەكانی ئەمڕۆمان بڕگەیەك هـەبوو لامـان بـرد، دوای ئـەوە هـات كـە ئەگـەر سـقوتی هـەقی تەملیك كردنەكەی كرد، ئەوا حكومەت دەست بەسەر ئەو موڵكە ئەگرێت، بەس ئەو موڵكەمان لابـرد ئـەوە بـە موبهـەمی ماوەتـەوە، تەقریبـەن ئـەوەش مـەجالی تیایـە، چـونكە ئەگـەر شـەش مـانگ كـابرا ئەگـەر حیجەیەكی هەبێ، بڕوات لیژنەكە هینەكەی لێ قبوڵ بكەن، یەعنی تەڵەكەی لێ قبـوڵ بكـەن، ئەمـەش هـەر مەجالی ئەوەی تیایە، بەڵام ئێمە ئەم یاسایە دەرئەكەین، بۆ تەنزیم كردنـی كردنـی بابـەتێك، نـاكرێ ئەمـە بە مەفتوحی بمێنێتەوە بەڕاستی، جا ئەگەر وابێ یاسای بۆ بۆ دەربكەین؟ تەنزیمی حاڵەتەكان نـەكات ئـەم یاسایە بۆ دەربكەین، ئەكرێ شەش مانگەكە بكەین بە ساڵێك تەبیعیە ئەو مودەیـەی بـۆ زیـاد بكـرێ، بـەڵام ناكرێ ئەم دوو خاڵە لابدەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە هیچ تەعاروزێك لە بەینی ماددەی چوارەم لەگەڵ ماددەکانی پێشوو تر نیە، بەڵکو ئەوەی کە لە ماددەی 3 هاتووە، لە فەقەرەی دووەم کە دەڵێت (للمشمول باحکام هذا القانون او ورثته الشرعین للتملیك) لەماوەی شەش مانگ، ئەو جیاوازیە بە ڕەئی من ماددەی 4 ئەم جیاوازیە تەقید کراوە، یەعنی لە ماوەی شەش مانگ تەقدیمی تەڵەب دەفەوتێ، بۆیە ئەگەر لێرە بە جیاوازی هاتبێ، لێرە لە ماددەی چوارەم کردوویەتییە (وجوب) ئەبێ کە لە ماوەی شەش مانگ کۆتایی پێ بێنێت، من لەگەڵ ئەوەم کە ئەو مودەیەساڵێك بێ، بەتایبەتی یەعنی ئەبوایە فەرق کرابوایە لە بەینی ئەوانەی کە لەناوخۆی وڵاتن و ئەوانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن، بە هەموویان یەك مودەیان بۆ دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەسبابی موجیبە هاتووە کە ئێمە بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیان و بۆ بەرژەوەندی گشتیە، ئەسڵی یاساکەش بۆ بەرژەوەندی بەتایبەتی گوند نشینەکانە، کە ئێمە خانووەکانیان لەسەر تاپۆ ئەکەین، بەس تەنها لەبەر ئەوەی کە تەڵەبی تەقدیم نەکردووە، ئێستا عقوبەی لەسەرە، هەقەکەی ئەفەوتێ لەماوەی شەش مانگ، ئەمەش لەگەڵ ئەسڵی ئەهدافی مەشروعەکە ناگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە باس لەوە ئەکات کە شەش مانگ بۆ ئەو کەسەی کە تەڵەبەکە تەقدیم بکات، من کەسێکم هەبێ لە لادێیەکا، ئەبێ من ئاگام لێی بێ، کە ئەو لیژنەیە لەوێ دەست ئەکات بەکار، من ئاگام لێی بێ ئیشێکی هەبێ، حەقێکی هەبێ لای حکومەت، لەلای هەر جێگایەك بێ، خۆی موتابەعەی دەکا، کە تۆ لێرە شەش مانگت داوەتێ، دەبێ لەو شەش مانگەدا ماوەی ئەو شەش مانگە تەڵەبەکەی خۆی تەقدیم بکا، کە تەقدیمی نەکرد تاوانی من نییە، تاوانی حکومەتەکە نییە، تاوانی ئەو کەسەیە کە خۆی ئیهمالە، کە خۆی موتابەعەی ئیشەکەی نەکردووە، دەکرێ بڵێین ئەو شەش مانگە زیاد بکرێ بۆ ساڵێك، بەڵام ئەوەکەی تر نەمێنێتەوە، مودەیەکی مەفتوحی بدەیتێ هەتا، هەتایێ هیچ مەعقوڵ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا یاسایەکە مافێك دەدات بە تەمویل کردنی ئەو خانووانە، بەڵام ئەو مافە بۆ ماوەیەکی کاتییە، بەڕاستی بەبێ سنوور نامێنێتەوە، ڕاستە ڕەنگە شەش مانگ کەم بێ، من لەگەڵ ئەوەم ببێتە ساڵێك، بەڵام ئەگەر لەرووی تەحدیدی وەختەوە وەرگرتنی مافەکە تەنزیم نەکرێ، ئیشکالیەتی ترمان بۆ دێنێتە پێشەوە، بۆ نموونە من لەماوەی (10) رۆژدا دەچم، ئەوی تر لەماوەی (10) ساڵدا ناچێ، کەواتە لەداخیلی سنووری یەك گوندا هەندێکی بەپێی ئەم قانونە تەنزیم دەکرێ و تەمویل دەکرێ، ئەوی تری بەبێ تەمویل کراوی دەمێنێتەوە، بۆیە تەحدید کردنی ماوەیەك بۆ مومارەسەکردنی ئەم حەقە هەم وادەکا کە حەقەکە خێرا وەربگیرێ، هەم رێکخستنی تێدا هەیە، بۆیە پێویستە بەوەخت تەنزیم بکرێ، بەڵام شەش مانگ کەمە بکرێتە ساڵێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك ماددە سێ تەسویتی لەسەر کرا، تەحدیدی شەش مانگ کراوە، من لەبرادەرانی لیژنەی قانونی پرسیارێك دەکەم، ببورە ئەگەر حەقی پرسیارم هەبێ، ئەگەر یەکێك لەدوای ئەو شەش مانگەی کە تەسویتی لەسەر کرا، هات، مەعامەلەی قانونی چۆن لەگەڵ دەکەن؟ هەموو ماددەی چوار باسی ماددەی سێ دەکات، دەڵێ لەئەوەی کە ئیعتیماد لەسەر ماددەی سێ، ماددەی سێ ئێستا دانە تەسویت، بڕگەی دووی ماددەی سێ تەسویتی لەسەر کرا، عەجەبە پەرلەمان ماددەی سێ بڕگەی دوو هەڵدەوەشێنێتەوە؟ ئەمە یەك، ئەمە ئیشکالەکی قانونییە، نوقتەی دووەم، هەتاوەکو ئەم مەسەلەیە مەفتوح بێتن شارەوانی ناتوانێت تەنزیمی هیچ گوندێك بکا، چونکە ناتوانێ دەستکاری هیچ زەوییەك بکا، ناتوانێ هیچ بۆ خزمەتگوزاری دابنێ، ناتوانێ هیچ بۆ جادە دابنێ، ناتوانێ هیچ بۆ شتێکی تر دابنێ، چونکە دەبێ چاوەڕوان بکا، نەوەکو کەسێك مابێ لەشوێنێك بێت تەڵەبی ئەم زەوییە باتەوە، بۆیە دەبێ مودەدێکی زەمەنی هەبێت، ئینجا بەڕەئی من ئەگەر مودەتەکە لەشەش مانگیش زیاتر بکرێت دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ماددەی سێ، ماددەی سێش هەڵبوەشێنینەوە، نازانم ئەوەش یاساییەن چەند مومکینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر موناقەشە کرا بەڕاستی، دوو ڕەئی هەیە ئێستا، ڕەئییەکیان دەڵێ ئەم ماددەیە ڕەت بکرێتەوە، یەکەکیشیان دەڵێ بمینێتەوە، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە قانونەکە نابێ ماددە، ماددە موعالەجەی بکەین بەتەنیا، ئەگەر تەماشای بکەن ماددەکان یەك ماددە، دوو ماددە، سێ ماددە، چوار ماددە، هەموو تەواوکەری یەکە، واتە لەسەرەتا وەکو بڕادەران ئاماژەیان پێدا، ئێمە دەنگمان لەسەردا، لەڕاپۆرتی دوێنێمان سیاغەکەی بەشکلێك بوو، ئەمڕۆ لەئەنجامی موناقەشەیەکی زۆر ئەو سیاغەیەمان هێنا گۆڕێ، لەماددە سێ کە تەسبیت کرا، لەماوەی شەش مانگدا لیژنەکان پاش تەشکیل بوون تەماشای ئەو تەڵەباتانە دەکەن، واتە ئەگەر هاووڵاتییەك مافی خۆی موتابەعە نەکا، مافی خۆی داوا نەکا، هەر کراوە بێ، چۆن ئەو حەقە وەردەگیرێ؟ بە چ ئەساسێك تەنزیم دەکرێ؟ موهیم ڕێکخستنە، وەکو جەنابی وەزیر و ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێدا مەبەست لەقانونەکە ڕێکخستنی بابەتەکەیە، واتە ڕێکخستنەکە دەبێ ماوەی بۆ دیاری بکرێ، ماددەکان یەك تەواوکەری یەکە، ئینجا دەنگدان لەسەر ماددەی سێ کۆتایی بە وەزعەکەی هێنا، ماددەیەکیش هەروەها بەتایبەتی دوێنێکە موناقەشەمان کرد، لەڕاپۆرتی خۆمان، هی هاوبەش سیاغەکەی بەم شێوەیە هاتبوو:

أذا لم يقدم المشمول بأحكام هذا القانون طلبه بالتمليك خلال المدة المحددة في (المادة الثالثة) من هذا القانون، أو لم يسدد بدل التمليك المقدر من قبل اللجنة، يسقط حقه في التمليك و يسجل العقار أرضا و بناء بأسم البلدية المعنية.

ئەمڕۆ لەئەنجامی موناقەشەیەکی زۆر ئەو جوملەی ئاخیریمان لادا، تەنها گۆتمان ئەگەر هەر هاووڵاتییەك مافی خۆی بەکارنەهێنا و موتابەعەی نەکرد، واتە حەقی نامینێتەوە، ئەوە هیچ تەعاروز ناکا لەگەڵ ماددەکانی دیکە، ماددەیەکی سەربەخۆیە، تەواوکەری ماددەکانی دیکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حاجی بلال.

**بەڕێز احمد سليمان عبدلله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ برای بەڕێزم کاك عەونی، چونکە پێمان وایە ئەم ماددەیە بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێك بەڕێز باسیان کرد، لەصالحی گوند نشینانە، نەك لەدژیان بێ، ڕاستە مودەی بۆ داناوە، ئەو مودەیە لەصالحی گوند نشینانە، چونکە لەوانەیە چوار خانوو، چوار ماڵ نەیە بۆ تەڵەب تەقدیم کردن، کە تەڵەبی تەقدیم نەکرد، شارەوانی مەنتیقە ناتوانێ هیچ کارێك بکا، کە نەیکرد، کەواتە حەق و مافی هەموو خەڵکەکەی دیکە سووتا، دەسووتێ، لەبەر ئەوەی ناتوانێ حدود دیاری بکا، ناتوانێ بەینی ماڵەکان دیاری بکا، ناتوانێ لەیەکی جیا بکاتەوە، تەسمیمی بۆ بکا، ناتوانێ خەدەماتی بۆ بکا، لەبەر ئەوە بەڕاستی بەهیچ شێوەیەك ئێمە لەگەڵ ئەوە دانین کە وەخت دیاری نەکرێ، جا وەختەکە ئەگەر شەش مانگ کەمە، بیکەنە ساڵێك، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەگەر وەختەکە دیاری نەکرا، کەواتە یاسایەکە سوفوتی کرد، هیچ مانایەکی نەما، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك يشار.

**بەڕێز يشار نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ چارەسەركردنی ئەو دوو بۆچوونە جياوازانە نە حەقی سقوت بێت، نەك حەقی بەردەوامبوونی هەبێت، دەكرێ شارەوانی كاری خۆی ئەنجام بدات و بەبێ ئەوەی خاوەنەكانيان حەقی تەسەروفی هەبێ لەو زەوييانەی پاش شەش مانگی كە خاوەنەكانيان نەهات، بەڵام لەجياتی ئەو عيبارەی (يسقط حقه)، بڵێين تەعويزی پێدەدات، پاش دوو ساڵی هات بڵێ ئەو زەوييە هی من بوو، شارەوانی دەتوانێ ئەوكاتە تەعويزی بكا، كاری خۆی ئەنجامبدا بەبێ ڕاوەستان، ئينتيزاری ئەو كەسە نەكاتن، پاش دوو ساڵی كێشەيەكی هەيە، لەدەرەوەی وڵاتە، ئەو كاتی دێ ئيسپات دەكا، بەڵگەی پێويستە، شتێك دەكا، دەڵێ ئەو پارچە زەوييە هی من بووە، ئەو خانووە هی من بووە، خۆ ئێستاش ئەوەی سائيدە هەروايە، ئەگەر شارەوانی دەستی بەسەر پارچە زەوييەكی داگرت، ئەگەر تەسەروفی بەموڵكی خەڵكی كرد، دواتر ئيسپات بوو ئەو مولكە هی كەسێكی ترە شارەوانی ئەو كاتە ئيشەكەی خۆی بەڕێوە دەبا، تەعويزی ئەو كەسەش دەكاتەوە، ئەوە لەصالحی هەردوو لايەنە، نەشارەوانی ڕاوەدەستی و نەخەڵكيش ئەو مافەی لەدەست دەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفيق مغديد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگيری لە پێشنيارەكەی كاك عمر دەكەم، ديارە ئامانج لەو ياسايەدا پێدانی مافە بەو كەسانەی كە لەگوندەكانن و خانووەكانيان تەمليك دەكرێ، بۆيە من پێشنيار دەكەم گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەيە بەم شێوەيە بێ، كاتێك كە شەش مانگ تێپەڕی يان مودەی شەش مانگ دانراوە، ئەو كەسە حەقەكەی سقوت نەكا، ئەگەر تەڵەبی تەقديم نەكردبوو، بەڵكو ئەگەر بكرێ نازانم تاچەند ليژنەی ياسايی دەتوانن سياغەی ئەوە بكەن، ئەو دەستەڵاتە بدرێ بە وەزير، ئەو مودەيەی بۆ درێژ بكاتەوە مەسەلەن، لەخيلالی شەش مانگی ديكە، بۆيە پێشنيار دەكەم سقوتی حەقەكەی نەكرێ، ئەگەر لەخيلالی شەش مانگ نەكرا، دەتوانێ شەش مانگی تر بۆی درێژ بكاتەوە، يان تەبليغی ئەسحابی شەرعی خانووەكە بكا، كە نايەن تەڵەب تەقديم بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینییەکەم لەسەر ئەوەیە جەنابت تازە ئاماژەت بەوەدا ئێمە ئەو لیژنە هاوبەشانە هەموو کۆببووینەوە، وەزیرە بەڕێزەکان لەوێ بوون، ئەو ماددەیە سیاغەی ئەو کۆبوونەوە هاوبەشەیە، لەوێ هەموو ئیقرارمان کردیە، ئەگەر بخرێتە دەنگەوە، ئەگەر دەنگ دەهێنێ، یەعنی لەوێندەرێ ئێمە ئەوەکانی کە موناقەشەیان لەسەر ناکەین، لەبەر ئەوەی هەموومان لەوێندەرێ جێگیر کردووە، ئەدی بۆ لێرە ئەم گفتوگۆ زۆرە لەسەر ئەو ماددەیە دەکرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرە دوو لەماددەی سێ وا هاتووە ( کە لەماوەی سێ مانگ ئەوەی کەوا تەڵەب تەقدیم دەکا، دەبێ موراجەعەی بکا) ئەگەر نەیکرد ئیجرائات چی دەبێ بەرامبەری؟ ماددەی چوار ئەگەر وەلام بێ بۆ فەقەرەی دووی ماددەی سێ بەراستی دەبوایە لیژنەی یاسایی وا موعالەجەی کردبا کە بەسێیەم هاتبا، کە لەوێ هاتبا و سێیەم هاتبا، ئەو وەختە مەبەستمان ئەو کەسە بوو کە بەخیلالی شەش مانگ موراجەعەی کردبا، بەڵام ئێستا کە ماددەکە بەجیا هاتووە مومکینە وا تەفسیر بکرێ کە ئەم قانونە بۆ ماوەی شەش مانگ ئیستمراریەتی دەبێ، مەنعی ئیستمراریەتی قانونەکە بکا، بۆ تەمویل کردنی گوندەکانی تر، یەعنی هەندێك وا تەفسیری دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمود.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەیەکی نیزامیم هەیە، پێش ئەوەی کاك پێشەوا قسە بکا، ئەو پێشنیارە تەنها هی کاك عمر بوو، واتە یەك کەس پێشنیاری کردبوو، کە ئەو ماددەیە لابدرێ، کاك پێشەواش تەئیدی کردووە بوو بە دوو کەس، دەبێ سێ کەس بێ، وەکو ئەوەی لەم پەرلەمانە....، ئەگەر ببێ بەسێ کەس ئەوە مەوزوعەکی ترە، ئەگەر وای لێهات بابخرێتە دەنگەوە، بۆ ئەوەی یەك لایی ببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالم.

**بەڕێز سالم توما کاکو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەوە دەترسین کە لەماددەیەك مافەکماندا هاووڵاتی بەدەستی دووەم لێی بستێنینەوە، فەقەرەی دوو لەماددەی چوارەم دوێنێ سڕیمانەوە، بیگێڕینەوە لەوانەیە تا ڕادەیەك موعالەجەی دەکا، دەڵێ (للبلدية المعنية التصرف بالعقار الوارد.... الى اخره، مع مراعات تسديد قيمة المشيدات والمغروسات القابلة للخلع لصاحبها)، هەتا ڕادەیەك ماڤی ئەو هاووڵاتیە دەگێڕێتەوە، دەستی شارەوانیش دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدللای مەلا نوری.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من باوەڕم وایە ئەو مەسەلانە هەندێکجار مەرج نیە بابلێین کار لەسەر ڕەئی بکرێت، یەعنی مەسەلەی تەحدیدکردنی کاتێك بەباوەڕی من لەو مەسەلە ڕا دەور نابینێ، هێندەی ئیستقراریەت دەور دەبینێ، هەر لەو مەسەلەدا نیە، زۆر بابەتی تر کە دەعوایە، تۆ دەڕۆی بۆ مەحکەمە ئەگەر بۆ نموونە لەماوەی سێ مانگ نەڕۆی حەقت دەفەوتێ، ئەمە مەسەلەیەکە مەبدەئێکی قانونییە، بۆیە دەبێ کات دەست نیشان بکرێ، ئینجا لەکاتێکدا تۆ فەترەیەکی دیاری کراو تەحدید ناکەی، ئەمە ناکۆکە بە ئامانجی دانانی قانونەکە، وەکو کاك دڵشاد ئاماژەی پێدا، تۆ قانون بۆ ئەوە دادەنێی هەر بۆ ئەوە نیە خانووەکە تەملیك بکەی، بۆ مەسەلەیەکی تریشە گەیاندنی خزمەت گوزارییە بۆ تەسمیمەکە، یەعنی تۆ ئەگەر چاوەڕێ بکەی لەناو (100) ماڵدا یەك هاووڵاتی نەڕۆیشت بێ زەوییەکەی تەملیك بکا، یاخود تەڵەبەکەی نەکردبێ، ئیتر پڕۆسەی تەسمیم ڕابگری، ئەمە جارێکی تر ئیستقراریەت تێك دەدا، واتە لەگەڵ ئامانجی بابلێین دانانی یاسایەکە نایەتەوە، بۆیە لەهەموو حاڵەتێکدا دانانی کاتێك زەرورە، ئەو شەش مانگە بەڕای من کاتێکی زۆر گونجاوە، هیوادارم موناقەشە نەکرێ و دەنگدانی لەسەر بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. صباح قسەت کرد، فەرموو یەك دەقە قسەی بکە.

**بەڕێز د. صباح محمد نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی گونجاو نیە ئێمە ماددەیەك لێرە ئیقرار بکەین کە نەسفی قانونەکە بکا، ماددەی چوارەم لەڕاستیدا ئەو حەقەی کە لەماددەی سێیەمدا دراوە، نەسفی دەکا، چونکە تۆ لەماددەی سێیەمدا کە تەسویتیشی لەسەر کرا، لەبڕگەی دووەمدا کردووتە بە مافێك کە تەقدیمی تەڵەب بکا، نەت کردووە بەواجب لەسەری، نەت وتوە دەبێ تەقدیمی تەڵەب بکا، بەڵام لەماددەی چوارەم دەڵێ ( ئەگەر تەقدیمی

تەڵەبی نەکرد حەقی دەفەوتێ) لێرە باشترین شت ئەوەیە ماددەی چوارەم ئیلغا بکرێ بۆ ئەوەی ئەو تەعاروزە لەو قانونەدا روونەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا زیاد لەسێ کەس داوا دەکا ئەم ماددەیە ئیلغا بکرێ، تکایە کێ لەگەڵدایە ئەم ماددەیە ئیلغا بکرێ؟ دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (16) کەس لەگەڵ ئەوەدایە لەغو بکرێ، کەواتە لەغو ناکرێ، کێ لەگەڵ دایە بمینێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، زۆرینەکەی ماوەتەوە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ مایەوە، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمودعبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لەئەندامان پێشنیاریان کرد شەش مانگ بێ یان ساڵێك بێ، ئەوە دەبێ بخرێتە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەماددەی پێشووتردا وتراوە شەش مانگ، ئێستا ناکرێت بیکەیتە ساڵێك، چونکە تەعاروز لەگەڵ ماددەی پێشووتر دەکا، کە دەنگمان لەسەر داوە، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عەونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

1- اذا رفض طلب التمليك بسبب مخالفة موقع العقار للتصاميم الاساسية للمدن تقوم البلدية المعنية بتخصيص قطعة أرض سكنية ملائمة بمساحة لا تزيد عن (400/م2) ضمن حرم القرية ان وجدت و يجري تمليكها للمشمول بأحكام هذا القانون.

2- في حالة عدم توفر القطع السكنية للتعويض حسب الفقرة (1) أعلاه يتم تعويض المشمولين بقطع سكنية مماثلة ضمن حدود أقرب بلدية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، بەسیاغەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (38) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (3) کەس لەگەڵدانییە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

على وزارة البلديات و السياحة اعداد التصاميم والمستلزمات الفنية اللازمة للمناطق المشمولة بأحكام هذا القانون خلال مدة اقصاها سنة واحدة من تاريخ نفاذه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی / وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەش کە دەڵێت لەسەر وەزارەت پێویستە کەوا لەخیلالی ئەو مودەتەدا، تەبیعی ئەو قانونە بەردەوامی هەیە، دەڵێ (سنة واحدة من تأريخ نفاذه)، (من تأريخ نفاذه) هی قانونەکە، ئەگەر لەیەك ساڵدا ئەم تەسامیمە هەمووی مەتلوب بێت، ئەی ئەو شوێنانەی کەوا بەردەوامی دەبێت و حەسر دەبێتن، بۆیە (على وزارة البلديات و السياحة اعداد التصاميم والمستلزمات الفنية اللازمة للمناطق المشمولة بأحكام هذا القانون. (نوقته))، چونکە ئەوە بەردەوامە، یەعنی ئەم ساڵە بۆ کامەیانە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئەم ساڵە بۆ کامەیانە؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیری داد، جەنابت ڕەئیت چییە لەو مەسەلەیە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بزەبت وایە، 1. قانونەکە سیفەتێکی دائیمی هەیە، 2. پڕۆسەکە بەردەوامە، تەسامیمی وەزارەتی بلدیاتیش بەردەوامە، بۆیە بەقەناعەتی من نابێ سەقفی زەمەنی دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری ڕاوبۆچوونی وەزیری شارەوانی و وەزیری داد دەکەین، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغە بخوێننەوە،

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة: على وزارة البلديات والسياحة إعداد التصاميم والمستلزمات الفنية اللازمة للمناطق المشمولة بأحكام هذا القانون،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة: تطبق أحكام هذا القانون على القرى التي ستدخل مستقبلاً في حدود البلديات، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، سوپاس،

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة: على وزارة البلديات والسياحة إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە جەنابتان دەزانن کە کۆمەڵێك وەزارەت تێدا موتەداخیلە وە هەر وەکو لە تەشکیل و تەبیعەتی لیژنەکانیش دا هاتووە وەزارەتی دادە، وەزارەتی ناخۆیە، لە ڕێگای وەحداتی ئیداریەوە، وەزارەتی داراییە، وەزارەتی کشتوکاڵە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ببێتە (على مجلس الوزراء إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون) بۆ ئەوەی تەعلیماتەکە لە ئەنجومەنەوە دەربچێ، و لە سەر هەموو وەزارەتەکان، ئینجا بە تەنسیق تەبیعی ئەو دەمی کە ئەنجومەن دەریدەکات بەتەنسیق لەبەینی هەمووان دەریدەکات، بەڵام کە دەربکات بۆی هەیە لێرە بەم شکلەی کە هاتووە نابێ، بە دیتنی من مەفروزە لە ئەنجومەنەوە بێت بۆ ئەوەی حوکمی جێبەجێکردنی بە سەر هەموو وەزارەتەکاندا وەکو یەك بێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عونی كمال سعيد(بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەعلومە لای هەمووومان، ناحیەی قانونی ئەنجومەنی وەزیران ئەنزیمە دەردەكات، تەعلیمات دەرناكات، بەڵام تەعلیمات وەزیر دەریدەكات، بەڵام دەكرێ بڵێین وەزیری شارەوانی تەنسیق لەگەڵ چەند وەزارەتەكانی مەعنی لە مەوزوع تەعلیماتی دەركەن سەبارەت بە جێبەجێكردنی یاساكە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت چییە لەوە؟ ئەوەش ڕەئیەكی ڕاستە،

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەكرێ بنووسرێ ( على الوزارة المعنية إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون)، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەبێ مەركەزەك هەبێ كۆیان كاتەوە، شتێك بكا، فەرموو د. عمر

**بەڕێز د. عمر حمد امين خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ تەعلیمات دەركات، بەس بڵێ وەزارەت ناتوانێ نیزام دەركات ئەوە وایە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ نیزامیش دەركات و تەعلیماتیش دەركات، دەیان تەعلیماتیشمان هەیە كە ئێستا ئەنجومەنی وەزیران دەریكردووە بۆ وەزارەتەكان و جێبەجێشكراوە، بەس بڵێ وەزارەت ناتوانێ نیزام دەركات ئەوە ڕاستە وایە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیری داد،

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ تەعلیمات دەركات، وە بەدەیان و سەدان تەعلیماتی دەركردووە، ئەمە یەك: بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەو قانونە هەیە بەڕاستی پەیوەندی بە سێ، چوار وەزارەت هەیە، ئیمكان هەیە ئەوەی جەنابت گوتت بەتەعلیماتەكی ئەنجومەنی وەزیران بەتەنسیق لەگەڵ وەزارەتە مەعنیەتەكان تەعلیماتەكە بدەینە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی دەریبكاتن، دەبێ مەركەزەك هەبێ ئێمە كۆبكاتەوە بۆ ئەوەی هەر وەزارەتێك ناتوانێ بە كەیفی خۆی تەعلیماتەك دەربكات، دەبێ تەنسیقەك هەبێ، تەنسیقەكەش ئامادە دەكرێ، وە پێشكەش بە ئەنجومەنی وەزیران دەكرێ، بۆ ئەوەی ببێتە تەعلیماتی ئەنجومەنی وەزیران، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووليژنەی ياسايی،

**بەڕێز عونی كمال سعيد(بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من شەخسيەن بەپێچەوانەی ڕەئی برادەرانم كە ئەو تەرحەی دەكەن نيزام لە ئەنجومەنی وەزيران دەردێ، تەعليمات لەوێ دەرناچێ، تەعليمات وەزارەتی مەعنی دەريدەكاتن، وە دووپاتی ڕەئی خۆم دەكەمەوە سەبارەت بەوە، بەڵام بۆ چارەسەركردنی كێشەكە دەتوانين تەحديدی كەين، (على وزارات البلدية والسياحة والعدل والمالية والزراعة والرى إصدار التعليمات المشتركة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون وخلال المدة) ئەوەندە هەتا هەر چوار وەزارەت مولزەم بن بە دەركردنی تەعليماتەكە لە ماوەيەكی دياريكراودا، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە پێمان باشە بەڕاستی وەزارەتی سياحە لەگەڵ وەزارەتی مەعنی بەيەكەوە بكەن نەچێ بۆ ئەنجومەنی وەزيران، فەرمووجەنابی وەزير.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزيری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر مانعێكی تەشريعی قانونی هەبێت ئەوە لە بەينی برادەران يەك لايی بكرێتەوە، ئەگەر نا من دووپاتی دەكەمەوە مەفروزە، چونكە مەجموعەيەك وەزارەتی تێدان، وە وەزارەتەكانيش هەمووی بە فيعلی مەعنين، دەست هەڵگرتنی لە موڵكی تێدايە، تاپۆكردنی تێدايە، ئيجرائاتی تری تێدايە، وەزارەتێك ناتوانێ بەتەنها ئەم هەموو تەعليماتە دەربكات، ئەگەر بەتەنسيقە لەبەينی هەموو وەزارەتەكاندا يەعنی چ مانعێك هەيە ئەگەر لە ئەنجومەن ئەو تەعليماتە دەربچێ، بەتەئكيد ئەنجومەن بانگی هەموو نوێنەری وەزارەتەكان دەكات بۆ ئەوەی تەعليماتی پێ دەربكات، ئەگەر مانعێكی تەشريعی ئەوە مەسەلەيەكە بەڕاستی ئەوە برادەران لە من شارەزاترن، ئەگەر مانعی نيە، حاڵەتی ميسالی ئەوەيە تەعليماتەكە لە ئەنجومەنی وەزيران دەربچێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ليژنەی ياسايی، ليژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عونی كمال سعيد(بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو سياغەيەی پێشنيار دەكەين وەكو ليژنەی هاوبەش،( على وزارة البلديات والسياحة وبالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون)، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەو سياغەيە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نيە؟ وەكو يەكن، فەرموو شلێر خان،

**بەڕێز شلێرمحی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ جەنابت لە دانیشتنەكە بووی، ڕاوێژكاری وەزارەتی شارەوانی حەتتا بۆ تەسعیرەكە كە مەتر دووجا ئەوانە وتی ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆمان دێ، یەعنی بۆیە دەڵێم ئەنجومەنی وەزیران زۆربەی ئەم كێشانەی تێدا حەل دەكرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووكاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ڕاستە مەجلیسی وزەرا صلاحیاتی ئەنزیمەی هەیە كەواتە شتی زۆر بەدەستە، ئەوەی زۆری بەدەست بێ بەگوێرەی یاسا كەمیشی بەدەستە،( ما یملك أكثر یملك أقل) یەعنی دەتوانێ تەعلیمات دەركات وەكو ئەوەی شلێر خان باسی كرد، بەیانیش باسیان لەوە كرد كە تەحدیدی ئەسعار، لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دێت وا باشترە وەكو جەنابی وەزیری شارەوانی باسی لە سەركرد ئەو تەعلیماتە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت باشترە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حیسابێكی واقیعی، عەمەلی كاكردنی ئێمەش بكەن، كە چوار، پێنج، وەزارەت موشتەرەك دەبن لە ئیشێك دا، هەتا وەكو بەخۆیان بەبێ سەرپەرشتی دەگەنە جیهەتێكی عولیا تر، بەڕاستی كارەكە ئەستەمتر دەبێ، تەسەور دەكەم لە ڕووی درەنگبوونەوە زۆرتریش درەنگی بخایەنێ، كاتێك مەركەزێكی سەرپەرشتیار هەبێ بۆ ئەم مەسەلە لە دەسڵاتێكی فەوقیەوە كە ئەنجومەنی وەزیرانە، من باوەڕ دەكەم تەسهیلێكی زۆرتر دەبێ، عەمەلی تریش دەبێ، لەوەی زیاتر هەتاكو وەزارەتەكان لە بەینی خۆیان دا ڕێك دەكەون، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووكاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ جێبەجێكردنی یاساكە لە سەر ئەو ڕێسایەی كاك عمر وتی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ تەعلیمات دەركات، بەڵام خۆی مادام دەچێتە چوار چێوەی تەعلیمات، یەعنی دەچێتە خوارەوە، پەیوەندار دەبێ بە

وەزارەتە پەیوەندارەکە، وەزارەتە پەیوەندارەکە حەقی ئەو وردەکاریەی هەیە، بەتەعلیمات دەریکا لەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران نیزام دەرکا، ئەگەر ئەو مەنتیقە زۆر بەکار بێنین، پەرلەمان بۆی هەیە یاسا دەرکا، دەتوانێ نیزامیش دەرکا، یەعنی مەبەستم ئەگەر بێیتە سەر ئەو قیاسانە، بەڵام ئەو سیاغەی کە خوێندراوە پەیوەندە بە وەزارەتەکان، چونکە لایەنە تەکنیکەکەشی وەزارەتی شارەوانی ئامادەکاری بۆ دەکا بۆ تەسامیمی پێویستیەکانی، لەبەرئەوەی ئەساسەن ئەرکی تەعلیمات دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان و بە هاوکاری وەزارەتەکانی ترو، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیری داد،

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بە ڕەئی من ئەگەر حکومەت حەقی ئەوەی هەبێ نیزام دەرکات، مین باب ئەولا ، حەقی هەیە تەعلیمات دەرکات، ئەنجومەنی وەزیران، ئەمە یەك: زۆر یاسا لەو پەرلەمانە دەرچووە، ئیستینادی نەکردە سەر ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێی کات بەتەعلیمات، بەڵکو یەکسەر دەسەڵاتەکەی دایتە وەزیری مەعنی، بۆ ئەوەی تەعلیمات دەرکا، ئەوەش هەر جائیزە، بەڵام لێرە ئەم بابەتە پەیوەندی بە سێ، چوار، وەزارەتەوە هەیە، هەروەکو ئیشارەتم پێ دا، بۆیە ئێمە هەموو مەرکەزەکمان هەبێ کە تەعلیماتەکی مەرکەزی لێ دەرکەین، ئێمە دەتوانین تەنسیق لە بەینی خۆمان بکەین ئەو تەعلیماتە ببەینە ئەنجومەنی وەزیران، بەتەعلیماتی ئەنجومەنی وەزیران دەرکەین وە تەسەور ناکەم هیچ ئیشکال نیە، سەبارەت بە پەرلەمانیش بەڵێ پەرلەمان حەقی هەیە قانون دەرکا، حەقیشی هەیە نیزامیش دەرکا، زۆر تەبیعیە، زۆر ئیعتیادیە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی هەردوو وەزیری مەعنی بە مەوزووعەکە داوا دەکەن لە ئەنجومەنی وەزیران بێ، بەڕاستی منیش پێمان وایە لە ئەنجومەنی وەزیران بێ باشترە، چونکە ئەوان مەعنین بەقەزیەکە، ئیشەکە لای ئەوان دێ و دەڕوا، پێمان باشە لیژنەی یاسایی بیخوێنێتەوە لەسەر ئەساسی لە ئەنجومەنی وەزیران لەوێ دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

على مجلس الوزراء إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك کاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تا ئێستا یەك یاسامان دەرنەكردووە بڵێی ئەنجومەنی وەزیران تەعلیمات دەركا، كوا لە كوێ؟ یەك نموزەج بڵێ، نیە شتی وا، یەعنی چی ئەمە دادەهێنین لەم مەسەلەیە، لەم یاسایە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووكاك حاجی بلال.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر چی برادەرانی لیژنەی یاسایی هەن، بەڵام پێم وایە مادام ئێمە یاساكە دەردەكەین، پەرلەمان دەسەڵاتی كە دا بە وەزارەتی بلدیە، وەزارەتەكانی دیكە حەقی ئەوەیان نیە مانعی ئەوە بن، مادام دەسەڵاتی دا بە وەزارەتی بلدیە یان بەهەر وەزارەتێكی تر كە تەعلیمات دەركا، من پێم وایە لە ڕووی یاساییەوە وەزارەتەكانی تر حەقی مومانعەیان نیە، بەڵام دەشكرێ ئەنجومەنی وەزیرانیش بێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عونی كمال سعید(بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی، سوورین لە سەر ڕای خۆمان سەبارەت بەو پێشنیارەی كە پێشكەشمان كرد بەو سیاغەی كە خوێندمانەوە،( على وزارة البلديات والسياحة بالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون)، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموود. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا كاك عمر بۆچوونی جیاوازە لەگەڵ كاك عونی، ئایا ئەوەی دووەم دیسان ڕەئی هاوبەشە یان نا؟ پێمان بڵێ، چونكە ئەوە خرایە دەنگدانەوە، دەنگەكان وەكو یەك بوون و حەسم نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شوان،

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێك لە بەڕێز لیژنەی یاسایی دەكەم، دوو وەزیری بەڕێزیش لێرەیە ئەوانیش دەتوانن بەشدار بن لە وەڵامدانەوەكە، تەعلیماتێك وەزارەتی بەڕێزی شارەوانی دەریبكات، وەزارەتی عەدل چ لە سەریەتی جێبەجێی بكا بە چ حەقێك؟ یەعنی چ قوەتێك دەدا بەو تەعلیماتەی وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی عەدل جێبەجێی بكا؟ سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر نا كاك شوان دەڵێ وەزارەتی شارەوانی بەتەنسیق لەگەڵ وەزارەتەكانی مەعنی تەعلیمات دەردەكا خۆی ئەصلەكەی وایە، فەرموو پەیام خان،

**بەڕێز پەيام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە نەصەكەدا دەڵێ (وزارة البلديات مع وزارة المالية) ئەی وەزارەتەكانی تر خۆ ئەوانیش مەعنین،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیشكالەكە لەوەیە ئایا وەزارەتەكان بیكەن یان ئەنجومەنی وەزیران بیكا؟ لە سەر ئەوی تر پێك دێین، ئیشكالەكە لەوەدایە، فەرموو كاك د. عمر،

**بەڕێز د. عمر حمد امين خدر (نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر وتمان وەزارەتی شارەوانی بەتەنسیق لەگەڵ وەزارەتەكانی تر تەعلیمات دەردەكا، كام وەزارەتە ئەمری تەعلیماتەكە دەردەكا؟ با نموونەیەك باس بكەم، وەزارەتی دارایی تەعلیماتەكیان دەركردووە لە 3/26ی ئەمساڵ، سەبارەت بە ماف و ئیمتیازاتی ئەو كەسەی دەچێت بۆ دەرەوە بۆ خوێندن، وەزارەتی دارایی دەریكردووە، وەزارەتەكانی دیكە تەنفیزیان نەكرد، وەزارەتی خوێندنی باڵا وتی من ئەوە وەزارەتی دارایی دەریكردووە، پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ئەم تەعلیماتە دەركات ئینجا من دەری دەكەم لە ڕاستیدا ئیشكالیەت دروست دەبێ ئەو كات، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزيز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم ئیشكالە ئەوە دەگەیێنێ، كە ئەگەر نەریتێكیش هەبێ لە ناو ئەنجومەنی وەزیران ئیشی پەرلەمانە بەر بگرێ لەو نەریتە، واتا ئەگەر وەزارەتێك مەحكوم نەبێ كە تەعلیماتی وەزارەتێكی تر وەكو یاساو لە پەرلەمانی كوردستانەوە دەرچووبێت، هەر یاسایەك لێرەوە دەرچێت، ئیلزامە لەسەروەزارەتە

بەڕێزەكان، تەعلیمات لە هەر وەزارەتێكەوە دەربچێت، چونكە ئەمە كابینەیەكە تەواوی وەزارەتەكان ئیشەكانی یەكتری تەواو دەكەن، ناكرێت وەزارەتێك بەر بگرێت لە ڕێگای وەزارەتێكی تر و تەعلیمات و ئەرزش بۆ تەعلیماتەكە دانەنێ، بۆیە بە بڕوای من بەراستی ئەگەر ئەو نەریتە تا ئێستا موتەبەع بێت، ئیشی پەرلەمانی كوردستانە كە هەندێ نەریتی تر بێنێتە شوێنی كە زۆر كراوەتر بێت، كە ڕێگا بگرێ لەو مەركەزیەتە، تەعلیماتی راستەوخۆ بۆ لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربچێت؟، ئەو صیغەیەی كە بەڕێزان بە بڕوای من لیژنەی یاسایی دەریكردووە، بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتەكانی ترە، هەم وەزارەتەكانی تر فەرامۆش ناكرێ و هەم ئاگایان لە تەفاصیل دبێ، بەڵام راستەوخۆ یەك وەزارەتی پەیوەندیدار مولزەم ئەبێت و مەسئولیەتی یەكەمی هەیە بەرامبەر بە جێبەجێ كردنی ئەو تەعلیماتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی جێگری سەرۆكی پەرلەمان هەندێك تێبینی هەیە با بفەرمووی.

**بەڕێز حسن محمد سوورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بە نیسبەت تەعلیمات بریتیە لەو ئاكارانەی كەوا زیاتر تەخەصوصین، بۆیە تابیعە بە وەزارەتی مەعنی، ئەو تەعلیماتانەی كە ئێمە بینیومانە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرئەچێت لە هەیئاتی تابیع بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرئەچێت كە خۆیان تەعلیماتەكان زیاتر لای ئەوانەوە گەڕاوەتەوە و دەرچووە بۆ وەزارەتی مەعنی، بەڵام لێرە پێویستە وەزارەتی مەعنی كە وەزارەتی شارەوانییە، تەعلیمات دەركات بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی مەعنی كە قسەی دووەمی كاك شێروان وەزیری داد دەگرێتەوە، پەرلەمان بۆی هەیە ئەم ئەركە، وەكو ئەوەی نا كە وەزیری شارەوانی تەعلیمات بۆ وەزیری داد دەربكات، وەكو ئەوەی كەوا وەزیری شارەوانی تەعلیماتێكی تەخەصوصی بۆ ئیشەكە دەرئەكات، بۆیە تەنسیقیش ئەكات لەگەڵ وەزارەتی مالی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

واجیباتی وەزارەتی شارەوانی بە ماددەیەكی تەصویت لەسەر كراو یەكلایی كراوەتەوە، لە ماددەی شەشدا دڵێ: وەزارەتی شارەوانی بە تەنها خۆ نەوەتراوە چ وەزارەتی تر، ئیعدادی تەصامیم دەكات، شوێنەكە ڕێكدەخات، مەوزوعی خزمەتگوزارییە، تەصمیماتی هەندەسیە، ئەم مەسەلانە لە صولبی كاری وەزارەتی شارەوانیدان، بەڵام ئەم گوندە ئێستا كە پێی ئەوتری گوند، موڵكی شارەوانی نیە، دەست هەڵگرتن و مولكیەت و ئەوانەی هەندێك لەو زەوی و زارانە بەناوی وەزارەتی دارایین، هەندێكی بەناوی وەزارەتی زیراعەن، یەعنی هێشتا ئەوانە موڵكی شارەوانی نین، ئەگینا واجیباتی وەزارەتی شارەوانی بە ماددەیەكی

تر، ئەوە وەکو ئەوە نیە کە بڵێین وەزارەتی شارەوانی بە واجیباتی خۆی هەڵناستێ، چونکە لە ماددەی شەشدا مەوزوعی تەصامیم و کارە هەندەسیەکان یەکلایی کرانە، ئەوە یەك، دووەم، حەز دەکەم برادەران زۆر موتمەئین بن لەوەی کە باشترین تەنسیق لە نێوان وەزارەتەکانی ئێمە هەیە، بەڵام ئەمە قانونە و بۆ کابینەیەکی دوو و سێ و شەش و مانگێك و بۆ ساڵێك نیە، من دووپاتی دەکەمەوە، ئەم قانونە خصوصیاتی خۆی هەیە، وەکو مەنهەجی خوێندن نیە بۆ وەزارەتی تەربیە دەدرێت، وەکو ئیمتیازێکی هێزەکانی ناوەخۆ نیە بوترێ علی وەزارە الفلان، منیش مودەتێك لێرە لەم پەرلەمانە بەڕێزە بووم، تەقریبەن قانونێکی نەوعی کە موشتەرەك بێت لە بەینی 6 وەزارەتدا، ئەگەر وا نیە، لە ماددەیەکی پێشووتردا، (تشکل لجان في الوحدات الاداریە برئاسە رئیس الوحدە الاداریە، بۆ برئاسە رئیس البلدیە نیە؟،) ، رەئیسی وەحدەی ئیداری یەعنی موحافیز و قائیمقام و مودیر ناحیە، تابیعی وەزارەتی داخلیەن، ئەمان ریئاسەتی لێژنەکان دەکەن، ئەگەر ئیشەکە هەمووی بۆ وەزارەتی شارەوانیە، بۆ (برئاسە البلدیە) نەبوو؟، یان لە شوێنێکی تر بە رئاسەتی قازیە، کە لە سوڵتەیەکی ترە ئەصڵەن، یەعنی سەیر بکەن لە دوو ماددەدا، ماددەیەك ریئاسەتەکە لەدەست وەزارەتی داخلیەیە، مادەیەك ریئاسەتی تەعن لە دەستی قازیە و مجموعەیك وەزارەتی تردا تێدا بەشدارن، بۆیە دەڵێم ئەمە تەنها مەوزوعی رێکخستن و تەصامیمی هەندەسی نیە، ئەگینا ئەمە بە ماددەیکی روون و ئاشکرا هاتیە لە ماددەی شەشەم، دڵنیاشتان دەکەم کە هیچ کێشەیکی تەنیسقمان نیە، دەتوانین مودیریەتە عاممەکانیش تەنسیق بکەن لەگەڵ یەکتری نەك بەس وەزارەت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم ماددەیە ئەوەندە موناقەشەیە هەڵناگرێ، بەراستی منیش لەگەڵ قسەکەی جەنابی وەزیری شارەوانی دامە، کە تەعلیماتەکان لە ئەنجومەنی وەزیران دەربکرێ و بەسەر هەموو وەزارەتەکاندا دابەش بکرێ و ئاگایان لە یەکتری دەبێ و ئەو کۆیان دەکاتەوە، ئەنجومەنی وەزیران یەعنی ئەوە بۆ مەدای دووریش ئاگای لە ئیشەکان دەبی و تازە وەکو جەنابی وەزیریش وتی، مەوزوع لە قانونەکە هاتیە و رەئیسی وەحدەی ئیداری، یەعنی وەزارەتی ناوەخۆشی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ترسە لەوێوەیە کە بەڕێز وەزیری شارەوانی ترسی تەبیعاتی هەیە، فیعلەن تەبیعاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە چەند لایەنێك ئەگرێتەوە، بەڵام جیاوازی ئەم بڕگەیە بەم شێوەی کە صیاغە کراوە، ئێمە

ئێستا دوو شت ئەکەین، یەکێك ئیلزامی وەزارەتی شارەوانی ئەکەین، دووەم بە یاسا تەعلیمات دەرکردن، دووەم ئیلزامی دەکەین بە تەنسیق، ئەو تەحەفوز و ترسەی کە بەڕێز وەزیری شارەوانی هەیەتی ئەمە لا ئەچێ، چونکە ئیلزاممان کردووە کە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان تەنسیق بکات، ئەو کاتە بۆی هەیە کە لە ئەنجومەنی وەزیران باسەکە بکاتەوە، کە لەگەڵ وەزیری عەدل باسی بکات، لەبەر ئەوە ئێستا با حەسمی بکەین، یان بڵێین (علی مجلس الوزراء،) کێ لەگەڵە با لەگەڵی بێ، یان بڵێین علی (البلدیە بالتشاور) یان (بالتنسیق مع الجهات المعنیە)، ئیلزامی دەکەین بە تەشاور و ببڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرهەنگ ئاخیر کەس بە کورتی.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ خۆ لادان لەم مەوزوعە ئێمە یەك شت هەیە، تەبعەن ئەم نەصە صیاغەکەی هەر چی بێ مولزەمە، یەعنی لەسەردەسەڵاتی تەنفیزیە کە ئیلزامی پێوە بکات و جێبەجێی بکات، بۆ ئەوەی خۆمان لابەین لەوە و ئەوەی کە وەزارەتی شارەوانیش وتوویەتی بە هەند وەریبگرین، ئەکرێ بڵێین : (علی الوزارات المعنیە و بالتنسیق اصدار التعلیمات اللازمە لتنفیذ هذا القانون)، ئیتر ئەوە بۆخۆیان دوایی کۆ دەبنەوە وەزارەتی عەدلە، شارەوانیە، زیراعەیە، بۆ خۆیان کۆببنەوە و تەنسیق بکەن و تەعلیمات دەرکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 10 پێموایە چارەسەری کردووە، (علی مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون)، ئیتر ماددەی تری بۆ چیە؟، ئەحکامەکەی ئیتر بە تەعلیمات تەنفیز دەکرێ ئەدی بە چی دەکرێ؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو رەئی جیاواز هەیە، رەئیەکیان دەڵێت: وەزارەتی شارەوانی بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتەکانی تر ، رەئیەکی دیکەشیان دەڵێ: ........ ، فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پێشنیازە تازە هاتە ئاراوە، وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد، ئەوەی کە پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە وا پێویست دەکات کە سێ ئەندام پەرلەمان ئەو پێشنیارە پشتگیری بکات ئەوجا بخرێتە دەنگدانەوە، ناکرێ بە تەنیا لەسەر قسەی جەنابی وەزیر بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

پەرلـەمانتاری تـریش هـەبوو ڕەئیـان وابـوو، ئێسـتا دوو ڕەئـی جیـاواز هەیـە، ڕەئیـەكیان دەڵـێ: وەزیـری شارەوانی و سیاحە  بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتەكانی تـر تـەعلیمات دەركـەن، داواكاریەكـەی تـریش ئەوەیـە دەڵێ: (علی مجلس الوزراء )تەعلیماتی پێویست بۆ ئەو مەسەلەیە دەربكات، كامەی دوورتـرە بیخوێننەوە تـا بیخەینە دەنگدان، كاك عەونی فەرمو.

**بەڕێز عەونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(علی مجلس الوزراء )دوورتـرە، با ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانـەوە، (علـی مجلس الـوزراء اصـدار التعلیمـات اللازمه لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە؟، 36 كەس لەگەڵدایـە، كـێ لەگەڵدا نیـە؟، 25 كـەس لەگەڵـدا نیـە، كەواتـە مەجلیسـی وزرا ئیشەكە جێبەجێ دەكات، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر كاك عەونی.

**بەڕێز عەونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

لا یعمل باي نص قانوني او قرار یتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە؟، كێ لەگەڵدا نیە؟، بە كۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عەونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

علی مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفیذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە؟، كێ لەگەڵدا نیە؟، بە كۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الحادیة عشر:

ینفذ هذا القانون بتأریخ نشره في الجریدة الرسمیة( وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە؟، كێ لەگەڵدا نیە؟، بە كۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ئەسبابی موجیبە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبه**

**بالنظر للتوسع العمراني الذي تشهده المدن في اقليم كوردستان بكثير من الدور المشيدة ضمن حدود التصاميم الاساسية في حرم القرى الداخلة ضمن حدود البلديات و لغرض تمليكها لاصحابها حفاظا على مصالحهم و المصلحة العامة، فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز دڵشاد شهاب/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ئەسبابی موجیبە دەڵێ: بالنظر للتوسع العمراني الذي تشهده المدن، تەبیعی ئەوە بەس شارەکان دەگرێتەوە، ئەگەر بڵێین : بالنظر للتوسع العمراني الذي تشهده اقليم كوردستان، بۆ ئەوەی شاملتر بێت، بۆ ئەوەی ئەقزیە و نەواحی و شار و هەمووی بگرێتەوە، با (مدن) هەڵبگرین، هەر ئەوەندە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی یاسایی؟**

**بەڕێز عەونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پشتگیری لە پێشنیارەکەی جەنابی وەزیر دەکەین، زۆر راستە مەفرووزە شاملتر بێ.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەو تەعدیلەی کە لە لایەن جەنابی وەزیری شارەوانی کرا، ئەسبابی موجیبە و تێکڕای قانونەکە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدا نیە؟، 6 کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا و پیرۆزبایی دەکەین و سوپاسی هەردوو جەنابی وەزیر دەکەین کە ئەو ماوەیە ئامادە بوون و چەندین کۆبوونەوە لەگەڵمان کرا، سوپاسی یەکە یەکەتان دەکەین کە ماندوو بوون، پیرۆزبایی لە هەموو ئەو خەڵکانە دەکەین کە خانوو و ئەو موڵکەیان لەسەر تاپۆ دەکرێ، ئێستا جەنابی وەزیری شارەوانی قسەیەکی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز دڵشاد شهاب/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر ئیجازەم بدەن بەناوی برای بەڕێزم کاک شێروان وەزیری داد و بەناوی ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە کەوا بەشێکی زۆری وەزارەتەکان مەعنین بەو یاسایە، زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی بەڕێزی پەرلەمان و یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمان بە تایبەتی ئەو بەڕێزانەی کەوا ئەرکی پێشکەش کردنی ئەم یاسایەیان کێشاوە**